# کورتە مێژوویەکی ئیسپانیا



نووسینی : شێرکۆ هەژار

٢٠١٩

ناوەرۆک


لە سەرەتاوە و تا گۆتییەکان .......................................... ٥-٨

( گۆتی، قوطی، تا ساڵی ٧١١ - ٧) .

مۆرەکان ئیسلام دەبەنە ئیسپانیا .......................................... ٩-١١

(مۆرەکان -٩) .

فەتحی ئیسلامی- " الأندلس"ی دەوڵەتی ئەمەویی شام ................ ١٢-٢٠

( دوو ئەفسانە لەبارەی سەرکەوتنی مسوڵمانان و شکستی گۆتییەکان لە شەڕدا-١٢؛

چارەنووسی طارق بن زیاد و موسی بن نصیر - ١٧؛ "عبدالعزیز"ی کوڕی

" موسی بن نصیر"-١٧؛ شەڕی پواتیە یا توور، معرکة بلاط الشهداء -١٩) .

کۆتایی دەوڵەتی ئەمەوییەکانی شام و دامەزرانی دەوڵەتی نوێی قرطبة ٢١-٢٥

( خیلافەتی قرطبە- ٢٤؛ چینەکانی کۆمەڵگەی دەوڵەتی قرطبة- ٢٥) .

لە ئەوپەڕی هەڵکشان : الحاجب المنصور، تا داکشان و کۆتایی خیلافەت ٢٦-٢٨

(داکشان لەدوای الحاجب المنصور و کۆتایی خیلافەت- ٢٨) .

ملوک الطوائف .......................................... ٢٩-٣٣

(المرابطون- ٣٠؛ الموحدون- ٣١؛ المرينيون-٣٢) .

ئەوەی ئەورووپای ڕۆژئاوا لە " الأندلس"ی وەدەستهێنا ................ ٣٤-٣٧

ئیسپانی مۆرەکان و ئیسلام لە ئیسپانیا دەردەکەن : ڕێکۆنکیستا ٣٨

كاستيليا و ئاراگۆن ........................................ ٣٩_٤٦

(ئاراگۆن- ٤٣) .

ئیسپانیای هابسبورگ ........................................ ٤٧_٥٩

( کارلۆس(ی یەکەمی کاستیلیا و ئاراگۆن، پێنجەمی ئیمپراتۆری)-٤٧؛

فیلیپ-ی دووەم- ٤٩؛ فیلیپ-ی سێیەم- ٥٢؛ ئەدەبیات- ٥٣؛

فیلیپ-ی چوارەم- ٥٥؛ کارلۆسی دووەم- ٥٨) .

ئیسپانیای بوربۆن و تا ناپلیۆن ........................................ ٦٠_٦٨

( فیلیپ-ی پێنجەم- ٦٠؛ ئەدەبیات- ٦٢؛ فێردیناند-ی شەشەم- ٦٣؛

ئەدەبیات- ٦٣؛ کارلۆس-ی سێیەم- ٦٤؛ کارلۆس-ی چوارەم- ٦٥؛

رەشەبای شۆڕشی فەرەنسا- ٦٦؛ ناپلیۆن- ٦٧) .

ئیسپانیای سەدەی نۆزدە ........................................ ٦٩_٧٥

( فێردیناند-ی حەوتەم- ٦٩؛ لە ئیزابێلای دووەمەوە تا ئالفۆنسۆی

سێزدەیەم ٧١؛ ئەدەبیات-٧٢) .

ئیسپانیای سەدەی بیست ........................................ ٧٦_٩٠

( ئەدەبیات- ٧٧؛ دیکتاتۆریی پریمۆ دێ ریڤێرا- ٧٨؛ کۆماری دووەم- ٧٩؛

کاوذیێو Caudillo ( فرانثیسکۆ فرانکۆ Francisco Franco )-٨٣؛

شوێنی فرانکۆ لە مێژووی ئیسپانیادا- ٨٨) .

دوا قسەم لەبارەی ئەم کتێبەم ........................................ ٩١_٩٣

گۆشەیەکی ئەوروپا، کە ئێستا دوو دەوڵەتی ئیسپانیا و پۆرتوگال دەگرێتەوە، نیوچە دورگەیەکە، لە گۆشـەیەکی رۆژهەڵاتی باکوورییەوە هـاوسنووری بەژی فـەرەنسایە و، جگە لەوەندە، لە هـەموو لایەکی ترەوە ئاو دەوری داوە : موحیتی ئاتلانتیک و دەریای ناوەڕاست . تەنگەیەکی کە ئەو دوو ئاوە لێ دەگەنە یەک، چاردە کیلۆمیتر و سێسەد میترێک، لە ئافریقای جیادەکاتەوە .

ئەو وڵاتە لە کۆندا – رەنگە بەهۆی رووباری " ئێبرۆ"یەوە بووبێت – بە " ئیبێریا " ناوی هاتووە ( ئێستاش بەکاردێت) . لاتینەکان پێیانگوتووە " " هێسپێریا"، بە زمانی یونانی، واتا : رۆژئاوا . لەکاتێکدا یـونانییەکان ئەو ناوەیان بۆ ئیتالیا بەکارهێناوە، وا لاتینەکانی ئیتالیاش بە "ئیبێریا"یان وا گوتووە .

لە مێژووی ئـەفسـانەییدا دەبینین باسی " تاریسسۆسەکان" بە کـۆنترین قـەومی ئەو شـوێنە هـەیـە، دەبیەنەوە پتر لە دە هـەزار سـاڵ پێشزاین، کە " هێـرۆدۆتوس"ی یـونانیـش باسیان دەکات، دەڵێت ئەوانەی کە وڵاتیان دەکەوێتە پشت " کـۆڵەکەکانی هێـراکلێیس*( هرقل )"، ناوی ئـەوسای یونانیی ئەو شوێنەی کە ئێستا پێیدەڵێن : گیبرالتار، یا " جبل طارق" ( بە ناوی طارق بن زیاد)، دوو چیا بەرانبەر بە یەکتر لە هەردوو بەری تەنگەکە، ئەوەی بەری ئیسپانیا (مۆنس کالپێ = چیای کالپێ) و ئەوەکەی تری بەری ئافریقا( مۆنس ئابیلا ، ئێستا "جبل موسی" لە سبتە Cueta ی مەغریب). مێژوونووسی کلیسایی دواتر لای خۆیانەوە بردیوویاننەتەوە سەر کوڕی حـەزرەتی نـووح ... کە

---

* لێکدانەوەیەکی ئـەفسانەیی بۆ ئەوە نیە . " سترابۆ" و کەسانی تر، هەرکەسە لای خۆیەوە شتێکی گوتووە و قەت بەلایەکدا نـەشکاوەتەوە ." دیۆدۆروس"ی مێژووناسـی یـونانیی سـەدەی یەکی پێشزاین لە سیسیلی، گوتوویە هرقل ویستوویە بەوە رێگا لە هاتنی دێو ودرنجی موحیت بگرێت تا نەکەونە دەریایناوەڕاستەوە، بەڵام کۆتایی قسەکەی زۆر خۆشە کە دەڵێت : ئیتر هەرکەسە دەتوانێت چۆن حەز بکات بڕوا بکات .



پەیکەریکی کۆڵەکەکانی هرقل



جبل موسى لای سبته



گیبرالتار( جبل طارق)



ئەوە دیارە هەستی کۆنیی ئەو قەومە لای ئەو نووسەرانە دەردەبڕێت .

ساڵی هەزاری پێشزاین، فینیقییەکان کەوتوونەتە ئاوەدانکردنەوەی شاران لە دەوروبەری ئەو تەنگەیەی نێوان ئافریقا و هیسپێریادا و بەرەوسەروو کشاون؛ دوو سەدە دواتر کێڵتەکان هاتوونەتە وڵاتەکە؛ ٥٧٥ پێشزاین یونانییەکان هاتوون شوێنانێکیان بۆخۆیان لێ ئاوەدان کردوونەتەوە تا دواتر فینیقییەکان راویان ناون . ناوی " ئیسپانیا " دەدرێتە پاڵ فینیقییەکان ( دەڵێن واتە : دورگەی کەروێشکان، گوایا حەیوانێکیان لەوێ دیتبێت بە جۆرێک کەروێشکی تێگەیشتبن) . ئەوجا شەڕی فینیقییەکان و رۆما لەسەر خاکی ئەو وڵاتە دەستپێ دەکات و بە سەرکەوتنی رۆما کۆتایی دێت . لەوانیشەوە دەکەوێتە دەست میراتگرە گۆتییەکانیان .

( بیزەنتی لەوبەینەدا، سەدەی ٦-٧ هەوڵێکیان دابوو، ماوەیەک ویلایەتێکیشیان لە کەنارێکی ئەو وڵاتە بە ناوی " پرۆڤینسیا سپانیای" دامەزراندبوو، بەڵام لە دواییدا هیچی لێ دەرنەچووبوو و پووچ کرابۆوە) .

## گۆتی، قوطی، Goth تا ساڵی ٧١١

گۆتییەکان عەشیرەتانێکی جەرمەنی بوون، کە لە سەرچاوەکانی مێژووی رۆمادا زۆرتر هەر بە " بەربەری" ناو براون . سەدەی ٢-٣ی زاینی، بەهۆی شەڕی ناوخۆیانەوە، یا عەشیرەتانێکی نیزیکیانەوە، تا دەهات لە مەڵبەندی پۆڵەنداوە ( کە لەو سەردەمەدا زۆرتر لەوێ گیرسابوونەوە) کۆچیاندەکرد و دەکەوتنە ناو سنووری ئیمپراتۆریی رۆماوە .

زۆر لەوانە بۆ نان و ئاوی خۆیان بوون بە سەرباز لە لەشکری رۆمادا، یا چوونەتە لای هونەکان ( لە هەمان کەرستەی موغول و تاتار، کە ئیمپراتۆرییەکیان لە ئەورووپا پێکهێنا،" ئاتیلا"یان وەکو جەنگیز و تەیموور زۆر بەناوبانگە) بەڵام نەدەتوانەوە و، پادشایانیخۆیان هەبوون و بە هەویەتی

تـایبەتی خـۆیان وادەبوو دەکەوتنە شـەڕی دژی رۆما و، سـەرکەوتنی گرنگیشیان وەدەستدەهێنان و تـاڵان و برۆیان دەکرد . رۆما نـەیدەزانی چییان لەگەڵدا بـکات، تا لە دواییدا لەگەڵ بـەشـێکیاندا رێککەوت کە ئەوانە بە " فۆیدوس Foedus"(پەیمان) لە ناو سنووری ئیمپراتۆریی رۆمادا بن .

فۆیدوس (پەیمان) لەو ئیمپراتۆرییەدا - بە کردار - شـتێکی لەبابەتی ئەو پەیمانە بوو کە لە سـەدەی شازدەوە لە نێوان ئەمارەتەکانی کوردستان و سوڵتانیعوسمانیدا دەستیپێکرد ( لە دۆخی تـەواوی کرداردا " فۆیدێراتیۆ"، بە کـۆ : فۆیدێراتی : بە پەیمانکراو = پـەیماندراو، پـەیمان پێدراو، هـاو-پەیمان، بەپەیمان؛ دوو جۆریان هەبوو : تەواو یا یەکسان aequum ( هاوپەیمانیی نێوان لایەنانی - لە رووی قانوونییەوە – یەکسان) و، ناتەواو یا نایەکسان iniquum : کە هـەر سەربەخۆییەکی ناتەواوی بۆ بەرانبەرەکەی رۆما دەهێشتەوە،ئێستا ئەو زاراوەیە دوای گۆڕانیشکڵ و ناوەرۆکیش بووە بە " فێدەرالی") .


گۆتیی فۆیدوس(یا فۆیدێراتیۆ)ی دەوڵەتی رۆما، دوای ماوەیەک دیتیان کە رۆما رێز لە بەڵێنەکانی ناگرێت، ئەوانیش لە ئیمپراتۆریدا بڵاوبوونەوە و فەرمانڕەوای زۆر شوێنی بوون، لێی راپەڕین، بـەڵام چ راپـەڕینێک ؟ هەر ئەو هێزە گۆتییانەی کە لە لەشـکری رۆمـادا بوون لە ئیمپراتۆری هـەڵگەڕانەوە و ساڵی ٤١٠ شـاری رۆمایان هەر تـاڵان کرد و، دواتر (سـاڵی ٤٧٦) ئیمپراتۆریی رۆمانیی رۆژئاوا، لەسەر دەستی ئەوانە هەر کۆتایی هات و، " رۆمـولـوس ئـاوگوسـتوس" ی دوا ئیمپراتۆری رۆمایان لەسەر تەخت وەلا نـا و " ئۆدۆئاکەر"ی خۆیان بە رەسمی کرد بە " پادشای ئیتالیا" ( نـەک " ئیمپراتۆری رۆما "، نێوانی خۆیان - هەر بە قسە - لەگەڵ ئیمپراتۆریی رۆمانی رۆژهەڵات (بیزەنتە)ی کە " رۆما"شی بە هی مافی خۆی دادەنا، نەبڕی) .

بەشیک لەوانە، گۆتیی رۆژئاوا ( ڤیسیگۆتی)، کە بە " فۆیدوس" ( یا فۆیدێراتیۆ) حوکمی ئیسپانیا و پۆرتوگال ( و بەشێکی فەرەنسـا )یان دەکرد، ئیتر بـە رەسـمی بـوون بە پـادشای سـەربـەخۆی قەڵەمڕەویی ژێر دەسەڵاتی خۆیان .

## مۆرەكان

باكووری ئافریقای بەرانبەر ئیسپانیا لەوبەری ئاوەوە، رۆژگاریكی زۆر پێیگوتراوە " ماوریتانیا" و ئیسپانی بە خەڵكەكەیان گوتووە : ماور، یا : مۆر، مۆرەكان ( مۆریتانییەكان) . سەردەمێک " فینیقی" لەوێ بوون و ئەو ناوە یونانییەی پێشخۆیان بەكارهێناوە(ماوروس بە یونانی واتا پێست ئەسمەر، یا رەش)، لاتینیش لێرەدا بە شێوازی ئیسپانی(رۆمانس)ـەكە وایان بۆ شكاوەتەوە كە بە خەڵكی ئەو وڵاتەیان گوتووە : مۆرەكان . ئەوانە سەدەی٣ی‌پێش‌زاین دەوڵەتێكی‌گەورەی‌ئامازیغی بوون، ئەوجا كە رۆمانییەكان ( سەدەی دووی پێش‌زاین) هاتوونەتە ئافریقا، بەرە- بەرە دەستیان بەسەر ئافریقادا گرتووە و، دواتر ئەو مەڵبەندەیان بە ناوی "ئافریكا" كردووە بە ستانێكی رۆما و، ئیتر تێكەڵ بە ژیانی ئیمپراتوریی رۆمانی كراوە ." ماكرینوس"ی ئیمپراتۆری رۆما (ساڵی٢١٧-



" ماكرینوس" لەماڵێكی ئامازیغی، ئیمپراتۆری رۆما ٢١٧-٢١٨

٢١٨) لە ئامازیغییەکانی ئەو مەڵبەندە بووە .

دواتر، دەوڵەتی" ڤیسیگۆتی"یش وا بووە بەشانێکی لە ماوریتانیاش وەخۆگرتووە . کەواتە : مۆر و مۆریتانی زۆر لە ژیانی ئیسپانیادا بووە .

کاتێک دەوڵەتی ئیسلامی گەیشتووەتە ئەو مۆریتانیایە و، لە وێوە پەڕیوەتەوە ئیسپانیا، ئەوە بۆ ئیسپانییەکان پەڕینەوەی مۆرەکان بووە بۆ وڵاتیان، نە عارەب و نە مسوڵمان، ئیدی ئەوە کە عارەبیش لە ئەو لەشکرە ئامازیغییانەدا هەبووبن، فەرمانیان لە دەوڵەتێکی عارەبی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەرگرتبێت، ئاینی نوێیان هێنابێت یا هەرچی، ئەوە هەمووی وردەکارییەکانی ناو چوارچێوەی دنیای" مۆرەکان" بوون . ئەو لەشکرە ئامازیغییانەی فەتحی ئیسلامی کە کەوتنە ئیسپانیاوە بۆ ئیسپانییەکان - کەواتە- هەر یەک شت بوون : لەشکری مۆرەکان (مۆریتانییەکان) .

ئێستاش کە ئێستایە، مێژووناسانی ئەوروپایی ( و خەڵکی ئیسپانیا بە گشتی) لە باسی سەردەمی دەسەڵاتی مسوڵمانەکان لە ئیسپانیا هەر دەڵێن : سەردەمی مۆرەکان، ئێجگار زۆر بە دەگمەن ناوی ئیسلام وعارەب دەهێنن، ئەوەش زۆرتر هەر لە ڕوونکردنەوەدا، نەک لە سەردێر و ناوی بابەتدا.

من، بە نموونە، کە ئێستا لە هۆڵەندا دەچمە کتێبفرۆشییەک یا کتێبخانەیەکی گشتی و، پرسیاری کتێبی باسی " الأندلس" دەکەم، هەر دەڵێم : هیچتان لە مێژووی " مۆرەکان " هەیە ؟ چونکە ناوی کتێبەکانیش هەر باسی مۆرە ، بەنموونە ئەم کتێبەی ئێستا بەدەستمەوە :

Moorish Spain, by : Richard Fletcher, 2004

ئەوە لە دنیای دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئێمە وەهایە، زۆریش مەنتیقییە، حوکمی ئیسلامی لەوێ هەر بە ناو هیعارەب بووە، ئەگینا ڕژیمە ئیسلامییەکانی ئەوێ ئەوەندەی ئامازیغیی مۆریتانی بوون، نیوەیئەوە عارەب نەبوون. خۆ تورکیا و ئێران و ئەفغانستانیش بوون بە بەشێک لە دەوڵەتی ئیسلامی، من زۆرترینی ئەو ئامازیغییە مسوڵمانە وشکانەی فەرمانڕەوایانی " الأندلس"ی ئەو دەورانە بە کۆپییەکی مسوڵمانەکانی ئەفغانستانی ئەمڕۆ دێنە بەرچاوم، ئەوانە زۆر وا بووە زۆر لە

عارەبەكانيان تێپەڕاندووە، ويستوويانە هەرچی مسوڵمان (و لەسەر مەزهەبی ئەوان) نەبێت سەری ببڕن : المرابطون، الموحدون، المرينيون . بەڵام چونكە مێژووی مۆرەكان لە ئیسپانیا بۆ ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دنیای ئیسلامدا بریتییە لە مێژووی" عارەب و ئیسلام لە ئیسپانیا "، منیش لێرەدا هەر لەو ڕوانگەوە زۆرتر دەڵێم : " فەتحی ئیسلامی" ، مێژووی ئامازیغییەكان و عارەب لە ئیسپانیا .

لە سەردەمی " ڕۆدریگۆ" ( ڕۆدێریک، بە عارەبی : لذریق) ی پادشای " ڤیسیگۆتی"دا بوو کە بەربەر(ئامازیغی)ی مسوڵمان بە فەرماندەیی " طارق بن زیاد"ی ئامازیغی ( بە فەرمانی" موسی بن نصیر "(مووسا بین نوسەیر)ی والیی ئافریقا( إفریقیة لە پایتەخی : القیروان لە تونس)، ئەویش بە فەرمانی خەلیفەی ئەمەویی دیمەشق " الولید بن عبدالملک" ) ساڵی ٧١١ پێیان خستە سەر خاکی ئیسپانیا و، دوای گەیشتنی لەشکری ئامازیغیی پتری پشتگیری لە ئافریقاوە بە فەرماندەیی مووسا(ی عارەب) خۆی ( و تاک و تەرای عارەبی تریش تێدا)، " ڕۆدریگۆ"ی پادشا و زۆر لە دەوروبەرەکەی، لە شەڕی ڕووبەڕووبوونەوەی لەشکری فەتحی مسوڵماناندا بە رابەریی مووسا، کوژران و پایتەختی ڤیسیگۆتی( تولێدۆ Toledo، مسوڵمان کردیان بە "طلیطلە") و بەشی زۆری وڵات، نیزیکەی هەمووی " فەتح کرا" . " Cordoba قرطبە" کرا بە پایتەختی ئیسلامیی ئەوێ .

دوو ئەفسانە لەبارەی سەرکەوتنی مسوڵمانان و شکستی گۆتییەکان لە شەڕدا

١ ــ خیانەتی گراف (کۆنت) خولیان :

لەشکری گۆتی شکا، پادشای کوژرا ( ١٩ی تەمووز/ژووئیە ) و، لەشکری دەوڵەتی ئیسلامی سەرکەوت و زۆربەی وڵاتەکەی داگیرکرد(بە زاراوەی ئیسلامی " فەتحی کرد")، چۆن بوو ئەوە ڕوویدا ؟ بە گوێرەی چیرۆکێک کە چەندین سەدە لە ئیسپانیا زۆر باو بووە و، ڕەنگە ئێستاش کەسانێکی ئاینیی مەسیحی هەبن کە گومانیان لێ نەبێت، بەمجۆرە بووە :

" گراف (کۆنت) خولیان"، حاکمی گۆتیی " سبتە "ی مەغریب بووە، ئەو " موسی بن نصیر"ی خستووەتە سەر بیری داگیرکردنی ئیسپانیا ( ئەوە لەگەڵ قسەی سەرچاوە ئیسلامییەکانیشدا ڕێک- دێتەوە، کە دەڵێن کەسانێکی ئیسپانی چوون و داوایان لێ کردوون بچن وڵاتەکەیان فەتح بکەن) .




دەوڵەتی پادشایی ڤیسیگۆتی (گۆتیی رۆژئاوا)




لەشکری مسوڵمانان لەو ساڵانەدا ئەو شوێنانەیان گرت

بـەڵام ئەو " خولیان"ـە بۆچی وای کردووە ؟ چونکە ویستوویە تۆڵەی خۆی لە ڕۆدریگۆی شای ڤیسیگۆتی بکاتەوە . تۆڵەی چی ؟ ڕۆدریگۆ پەردەی کچێنیی کچی ئەو " خولیان"ـەی نـەهێشتبوو، ئیتر خودا ئەوەی قەبووڵنـەکرد و، سزای ئەو فاسقییەی لە ڕێگای تۆڵەی باوکیکچەکەوە ڕەخساند و هێزی تاریکیی مسوڵمانانی هێنایە سەر وڵاتەکەی و لەناویدا .

چیرۆکی پتریش هـەبوون کە ڕەقیبی گـۆتیی پادشا، ویسـتوویە خـۆی ببێت بە پادشا، ئیتر لە کاتی شەڕدا، کە لەگەڵ پادشادا بووە، لەپشتەوە بە غەدر پادشای کوشتووە .*

هەرچەندە ئەو چیرۆکانە بۆ تەفسیری شکستی پادشایی گۆتییەکان زێدە ساویلکە و بێ مانان، بـەڵام وێڕای ئەوەش، مێژووناسێکی سـەدەی بیستـەمی ئیسـپانیا، بە ڕێکەوت بە هەمان ناوی " خولیان" (خولیان ماریاس)، لێکۆڵینەوەی زۆرسەرچاوە و سەنەدی مێژووی کردوون و بە بەڵگە پیشانیداوە کە تـەواوی ئەو قسانە، پادشا لە مەیدانی شەڕدا بە غەدر کوژرابێت، یا : گراف خولیان هـاوکاریی مسـوڵمانانی کردبێت، ڕاست نەبوون و ئەسڵ و ئەساسیان نەبووە .

٢- ئەفسانەی " البحر من ورائکم و العدو أمامکم" :

ئامازیغیی مسوڵمان( لە سەردەمی حوکمی ئەمەوییعارەبی نەژادپەرستدا)، وەکو ئەفغانی و تورک و خەڵکی ئاسیای ناوەند و میللەتانی تری نـاعارەبی مسوڵمان، تـەعەسسوبێکی زۆریان بۆ ئەو دینە

---

* وێڕای ئەفسانەی تریش کە زۆر ڕەمزین، بەنموونە : ڕۆدریگۆ بیستوحەوت قفڵی ژوورێکی شکاندووە کە هەر پادشایەی پێش خۆی قفڵێکی لێداوە، ئەو لەجیاتی لێدانی قفڵی ٢٨ـەم، چووە هـەمووی شـکاندوون و چووەتە ژوورەوە، دیتوویە لەوێ نووسـراوە : مادام حـورمەتی ئێرەت شـکاند ( گـوێت بە فـەرهـەنگی نـەتـەوایەتی نـەدا ) ئەوانەی ڕەسمیان لەسەر دیوارە دێن ئیسپانیا دەگرن، ڕەسمی سەر دیوار هی سواری عارەبی چەکدار بوون) .

نوێیه هەبوو، کە زۆرترینی فەرمانڕەوا عارەبەکانی دوایپێغەمبەر، لای خۆیانەوە قەت تێدا جیددی نەبوون . هەر ئەو ئامازیغییانە بوون کە بەشی زۆری ئیسپانیایان - بە زاراوەی ئیسلامیی خۆیان - " فەتحکرد" و ئیتر ناوی ئەو وڵاتەیان کرد بە" الأندلس"، بە ناوی ستانی" ئاندالوثیا"*ی باشووری ئیسپانیا . یەکەم هێزی دەوڵەتی ئیسلامیی کە پێی لەسەر خاکی ئیسپانیا دانا، هێزێکی ئامازیغیی بە فەرماندەیی " طارق بن زیاد"ی ئامازیغی بوو . چیرۆکێک لە باسی ئەو یەکەم پیادەبوونەی طارق لە ئیسپانیا لە ئەدەبیاتی مسوڵمانان‌دا هەیە، کە لەوساوە و تا ڕۆژی ئەمڕۆش لای مسوڵمانان هەر بە " مێژووی ڕاستەقینە" سەیرکراوە و دەکرێت . چیرۆکەکە دەڵێت :

کە طارق و هێزەکەی لە کەشتییەکان دەرچوون و چوونە سەر بەژی ئیسپانیا، طارق فەرمانی دا هەموو کەشتییەکان سووتێندران، ئەوجا طارق بە لەشکرەکەی گوت : البحر من ورائکم والعدو أمامکم ... (دەریا لە پشتتانەوە و دوژمن لە پێشتانەوە...)، بەوجۆرە هانیدان کە شەڕبکەن، چونکە بە سووتاندنیکەشتییەکانیان ڕێگای گەڕانەوەیان بۆ نەمایەوە، هەر سەرکەوتن یا کوژرانیان لەپێش بوو ... کە ئەفسانەیەکی هیچوپووچە، نە ئەسڵی هەیە و نە فەسڵ .



ستانی ئاندالوثیا ( یا : ئاندالوسییا)ی ئیسپانیا

---

* ناوی ئەو ستانە بە Andalucia دەنووسرێت و، بە ستانداری ئیسپانی بە " ئاندالوثیا" دەخوێندرێتەوە، بەڵام خەڵکی ستانەکە خۆی و ئیسپانیزمانەکانی ئەمریکای لاتین دەڵێن " ئاندالوسییا" .

ئامازیغییەک کەشتییەکانی خەلیفەی ئەمەویی عارەب بسووتێنێت ؟ حای- حای!

ئـەگـەر ئەو ئەوەندە بێ عەقڵ بوایە کە شتی وەهای بە بیردا بهاتایە و بیگوتایە، هەر دەیانکوشـت .

چ کەسێک لەوساوە تا ئەمڕۆ لێکۆڵینەوەیەکی کرد تا پێمان بڵێت : هێزی دەریایی ئـەمەوی لە چەند کەشتی پێکدەهات ؟ طارق چەندی لێ سووتاندن و چەندیان لێ مایەوە ؟ کـەی بە ماوەی چەند و بە چەندە بودجە دیسان کەشتی دروستکرانەوە ؟ هیچ، هەر سووتاندیان و بۆ بەیانییەکەی کەشتیی پڕ لە کیژی ئیسپانیی ئـەنفال بە دیاری بۆ گـەورەپیاوانی ئیسلام بارکران! زەخیری یارمەتیش هـەر بە هـاسـانی لە ئـافریقاوە دەپـەڕینەوە ئیسپانیا . ئەی کە طارق کەشتییەکانی سووتاندن، چۆن والیی ئافریقا بەدوای ئەودا بە ئەو هەمووە هێزەوە پەڕییەوە ؟ لەشکرێکی هـەزاران شەرکەر بە مەلە لە ئافریقاوە پەڕینەوە ؟ بە سواری ماسی ؟ ئێ روونی بکەنەوە و بڵێن شەڕکەر و مەنجەنیق و حوشتر و هەموو بە سواری ماسی پەڕینەوە تا بزانین!

خوتبەکەی طارق بە چ زمانێک بوو ؟ سەرچاوەی عارەبیی ئیسلامی دەڵێن بەمجۆرە بوو :

أيها الناس، أين المَفَرُّ؟ البحرُ من ورائكم، والعدوُّ أمامَكم وليس لكم واللهِ إلا الصدقُ والصَبْرُ. واعلموا أنكم في هذه الجزيرة أَضْيَعُ من الأيتام في مَأْدُبَةِ اللِّئام، وقد اسْتَقْبَلَكم عدوّكم بِجَيْشِهِ وأَسْلِحَتِهِ، وأَقْواتُه موفورةٌ ، وأنتم لا وَزَرَ لكم إلا سيوفُكم و لا أقواتَ إلا ما تَسْتَخْلِصُونَه من أيدِي عدوِّكم، وإن امْتَدّتْ بكم الأيامُ على افتقارِكم ولم تُنْجِزوا لكم أمراً ذهبتْ رِيحُكم، وتَعَوّضَتِ القلوبُ من رُعْبِها منكم الجَرَاءَةَ عليكم، فادفعوا عن أنفسكم خُذْلانَ هذه العاقبة من أمركم بِمُنَاجَزَةِ هذا الطاغية

طارق ئـەو عارەبییەی دەزانی ؟ بە چـەندە کات ئـەوە فێر ببوو ؟ پێشەکی بۆیان نووسیبوو ؟ ئەو عارەبییە بۆ شـەڕکەرە ئـامازیغییەکانی ؟ ئـەوانیش ئـەو عارەبییەیان زانیوە و لێی تێگەیشتوون ؟ خوتبەکە بە ئامازیغی بووە ؟ ئەی کوا بۆچی دەقی ئامازیغییەکە نیە ؟

چۆنە تاقە یەک گێڕانەوەی سەرچاوەیەکی شەڕکەرانی مەسیحی نیە کە باسی ئەو ڕووداوە بکات ؟

خۆ گۆتییەکان و ئەوروپایی تریش هەرئەوسا زۆریان لەبارەی ئەو شەڕانەوە نووسیوە، ئەدی چۆنە ئیشارەتێکیان بە ڕووداوێکی ئەوەندە سەیر و گەورە نەکردووە ؟
ئەفسانە و خورافات و قسەی بێسەروبەر بە سەدان ساڵ پێشکەشی دنیا کراوە .

چارەنووسی طارق بن زیاد و موسی بن نصیر

زۆری نـەخایاند کە نێوانی موسی بن نصیر و طارق بن زیاد زۆر پیس تێکچوو، خۆ ئەگەر وەنێو-کەوتنی " مغيث الرومي " نـەبـوایە ( کە هاتبووە ژێرسـێبەری خەلیفەوە، بە زاراوەی ئیسلامی : لە " موالی"ی خەلیفە بوو)، ئەوا مووسـا هـەر بڕیاری خۆی دابوو کە زۆر پیس بیکوژێت و بیکات بە عیبرەتێک بۆ هەر ئامازیغییەک کە نەزانێت چۆن لەگەڵ ئاغای عارەبی خۆیدا دەدوێت . کاتێک باسی ئەوە بە خەلیفە گەیشتەوە، خەلیفە تووڕە بوو و، هەرتکی لە وەزیفە لادان و فەرمانی دانێ کە بچنە خزمەتی لە دیمەشق، ئیدی چوونە دیمەشق . زۆر دوای ئەوە نەبوو کە مووسا، لە ڕێگای‌حەج لە حیجاز مرد ــ ٧١٦ . " طارق"یـش کە بە خانەنشـینی - یا دەستبەسـەری - لە دیمەشق بوو، دوو ساڵێک دوای ئەو مرد .

" عبدالعزيز "ی کوڕی " موسی بن نصير"

کە مووسا لە ئـافریقاوە چووە دیمەشـق، "عبدالعزيز"ی کـوڕی، جێگای گرتـەوە، ئـەو کرا بە دووەم والیی ئـەمەویی ئافریقا و( ئەندەلوس) ." عبدالعزيز"ی مێردی کێ ؟ مێردی " ئێگیلۆنا Egilona " خانم، بێوەژنەکەی ڕۆدریگۆ شـای گۆتیی ڕەحمەتی! کە خۆیان کوشـت و ژنـەکەیان هێنا و کردیان بە " أم عاصم"! ئەوەش بەهانەیەکی باشی بۆ زۆر لە نـەجیبزادان ڕەخسـاند، کە ئەوانیـش بە گوتنی

" لا إله الا الله محمد رسول‌الله"یەک فریای‌خۆیان بکەون و دڵسۆز و نیزیکی شاژنی گۆتیی خۆیان بن، کە ئێستا ببوو بە والی‌ژن . زۆریان بوون بە مسوڵمان، هێندیکیشیان نەبوون و رایانکرد چوونە مەڵبەندی باکووری مەسیحی(کە نەکەوتە ژێر دەستی مسوڵمانان) . مسوڵمان پێیان‌وابوو کە ئەوانە لە باکوور هیچیان پێناکرێت، خۆیان کەر کردووە! دوای ماوەیەک لە برسان و لە ترسان کۆتاییان دێت ( ناویان نابوون "علوج "، زاراوەی کە " الصحاف "ی دوا وەزیری پڕۆپاگەندەی سەددامیش بەکاری‌دەهێنا، پێشتر عارەب بە کوژەری ئیمام‌عومەریان گوتووە "علج"! = زەلامی ناقۆڵای کافری عەجەم)، کە دەرکەوت لەوەدا زۆر بە هەڵە چووبوون!

لە رۆژهەڵاتی‌ئیسپانیاش شوێنانێکی‌مەسیحی ماوەیەک جۆرە ئۆتۆنۆمێکیان لە ژێر ئاڵای" تیۆدێمیر" ناوێکدا هەبوو،(کە بۆ سەربەخۆیی چەند شارێکی‌خۆی پێشتر شەڕی دژی‌بیزەنتییەکانیشی کردبوو)، عارەب پێیان‌دەگوت : " تدمير"، ئیتر سەرچاوە ئەوروپاییەکانیش زۆرتر وەهایە لەوەوە کردوویانە بە تۆدمیر یا تودمیر Todmir, Tudmir .

"عبدالعزیز" دوای دوو- سێ ساڵ " والی"بوون، لە کاتی نوێژکردنیدا لە مزگەوت سەریان‌بڕی! و سەرەکەیان نارده دیمەشق . خەلیفە(ی نوێ : سلیمان، حەوتەم خەلیفە لە چاردە خەلیفە ئەمەوییەکانی شام)، بانگی " موسى بن نصير"ی باوکی " عبدالعزيز" ی کرد و، سەرە بڕدراوەکەی پیشان دا و گوتی : دە با بزانم دەزانیت ئەوە سەری کێیە ؟ باوک سەری کوڕی خۆی ناسییەوە و گوتی :" نعم، أعرفه صواماً قواماً..." ( بەڵێ، دەزانم ئەوە کەسێک بوو نوێژ و رۆژووی نەدەچوو ... ) .

" عبدالعزیز" شمشێری باوکی ببوو لە شەڕدا، ئەویش ئەوەندەی طارق و گەورە شەڕکەرانی تر لە مەیدانی" فەتح"دا ببوو تاکو وڵات بهێنێتە ژێر ئاڵای دەوڵەتی ماڵی ئەمەوی، کەچی ئاوایان پێکرد . سەیر ئەوەیە کە مێژوونووسانی ئیسلامیی وەک " إبن‌عبد الحكم ٨٠٠-٨٧١ "ی میسری و" الواقدي ٧٤٧-٨٢٣" ی مەدینەیی کە لە بەغدا دەژیا و ... ئیدی" عبدالعزیز"یان خەتاباریش کردووە! ئەو قسانە دەڵێنەوە کە : دەڵێن ژنی عبدالعزیز( إبن‌عبدالحكم بە هەڵە دەیکات بە " کچی" رۆدریگۆ) هەر

مەسیحی ماوەتەوە و، لە ژێرەوە مێردەکەشی کردووە بە مەسیحی! لە ژێرەوەی چی ؟ ئەو پیاوە خەریکی نوێژ بوو لە مزگەوتی ماڵی خودای مسوڵمانان کە بەسەر نوێژەوە سەریان بری . وادیارە مێژوونووسی تریش هەبوون کە گوتوویانە : ئەوە پیلانێکی ژنەکەی بووە! ئێ ئەگەر پیلانێکی ژنەکەی بووە، بۆچی لە جیاتی ناشتنی بە حورمەت بە ناوی شەهیدێک، سەرەکەیان بۆ خەلیفە ناردووەتە دیمەشق ؟ چ مێژوویەکی تاریک و لەعنەتی و چ خەلیفەی جینایەتکار .

شەڕی پواتیە یا توور، معركة بلاط الشهداء

" الأندلس"ی ئەمەوی، سەرکەوتنی زۆری بە دووی یەکتردا هەبوون و، ناو بە ناوە پاشەکشە و شکستیش . " عبدالرحمن الغافقي "ی والیی ئەندەلوس، دوای گرتنەوەی شوێنانێک کە لەو بەینەدا لە دەست چووبوون، هێزی ناردن بۆ ئیتالیا و، خۆی فەرماندەیی هێزێکی گەورەی کرد و، چووە فەتحی فەرەنسا، لەوێ لە نێوان دوو شاری پواتیە Poitiers و توور Tours دا شکستی هێنا و گیانی لە سەر دانا، لە شەڕەکەدا کوژرا ( معركة بلاط الشهداء ١٠ی ئۆکتۆبری ٧٣٢ ) و، فەرماندە



ئامازیغییەکان لەسەر جێگرەوەیەکی رێکنەکەوتن، ئیتر هەموو هێزەکە کشایەوە " الأندلس" .

ئەوە پترین هەڵکشانی هێزی ئەمەوییەکان بوو لە ئەوروپا .



شەڕی توور یا پواتیەی ئۆکتۆبری ٧٣٢

تابلۆیەکی ساڵی١٨٣٧ی Charles de Steuben ی فەرەنسا بەڵام بە نەژاد ئەڵمان

تابیعانی " أبوالعباس السفاح " ( السفاح = خوێنرێژ )، بزووتنەوەکەیان ساڵی ٧٥٠ بە راگەیاندنی دەوڵەتی عەباسی گەیاند ( دەیانگوت کە لە نەژادی " عباس بن عبدالمطلب " ی مامی پێغەمبەری ئیسلامن) و، گوتیان کە ئەوان وەکو ئەمەوییەکان نەژادپەرست نین و، بەوە هەستی کورد و فارس و ئەو خەڵکەی تریان بە لای خۆیاندا راکێشا کە لە سیاسەتی نەژادپەرستیی ئەمەوییەکان وەزاڵە هاتبوون . گەورەترین فەرماندەی شەڕیان " أبو مسلم الخراسانی" بوو ( شیعرێکیش هەیە هەجوی دەکات و بە کوردی دادەنێت : ألا إن اهل الغدر آباؤک الکرد) . عەباسی پایتەختیان سەرەتا لە کوفە بوو، دوای ئەوە أنبار و، ئەوجا بەغدایان ئاوەدان کردەوە .

لەشکری ئەمەوی بە فەرماندەیی دوا خەلیفەیان" مروان بن محمد" و لەشکری عەباسی بە فەرماندەیی مامێکی ئەبولعەباسی خوێنڕێژ (عبدالله بن علی)، رۆژی ٧٥٠/١/٢٥ لە شوێنێک لە سەر زێی بادینان بە یەکگەیشتن و، لەشکری ئەمەوی تێدا شکا، مەروان رایکرد و چووە میسر و لەوێ کوشتیان . ئیدی دەوڵەتی ئەمەویی شام کۆتایی هات .

أبوالعباس و أبو مسلم و ئەو شتانە، کە ئێجگار زۆر کەیفیان بە کوشتن دەهات، ئیتر کەیف کەیفی ئەوان بوو، بریاریان‌دابوو : تاقە یەک دانە کەسی سەر بەماڵی‌ئەمەوی لە دنیادا وجوودی‌نەمێنێت، تەنانەت منداڵانی سەر بێشکەشیان بکوژن تا خەتەری تۆڵەیان کە گەورە دەبن لە سەر دەوڵەتی عەباسی‌نەمێنێت. سوێندیان بۆ دەخواردن،دەستیان بۆ بە قورئاندا دەدان کە ئەگەر خۆیان بەدەستەوە بدەن هیچیان لێ‌ناکرێت، کە خۆیان بەدەستەوە دەدا، دەبوو پێیان‌بڵێن منداڵە بچکۆلەکانیشیان لەکوێن تا هەموویان وێکرا سەر ببرن .

ئەوەندەی پێزانراوە، تاقە یەک نەفەریان لێ‌دەرچوو، ئەویش کاتێک دیتی ئەگەر دوورنەکەوێتەوە هەر دەیکوژن، رایکرد و زۆر سەیر توانی خۆی بگەیەنێتە " الأندلس" و ئەوێ بە ئەمارەتێکی سەربەخۆی خۆی رابگەیەنێت و نەهێڵێت عەباسییەکان دەستیان پێ بگات . ئەو کەسە ناوی

"عبدالرحمن بن‌معاویە" بوو، کە توانی داخلی"الأندلس" ببێت ئیتر پێیان‌گوت : عبدالرحمن‌الداخل . " الداخل" چووە ئافریقا و ئیسپانیایەک کە نۆ ساڵ بوو ( لە ٧٤١ـەوە، سەردەمی دەیەم خەلیفەی ئەمەوی "هشام"، یا بەگوێرەی هێندێک سەرچاوە ٧٣٩) لە شۆرشی ئامازیغییەکاندا بوون لە دژی نەژادپەرستیی ئەمەوییەکان . هەرچەندە والیی ئەمەویی دەوڵەتی شام بە رەسمی هەر هەبوو و تا دروستبوونی ئەمارەتەکەی " الداخل" گوایا هەر ما، بەڵام ئەوە هەر بە ناو بوو، زۆر لە شارەکانی ئیسپانیا کەوتبوونە دەست ئامازیغییە یاخییەکانەوە. ئامازیغی پێش‌ئەوەش، بە پرۆپاگەندەی"خوارج" کە گوایا جیاوازییان لە نێوان‌عارەب و غەیرەعارەب نەدەکرد، زۆریان لەگەڵ بزووتنەوەی‌خوارج ببوون ( دژی ئەمەوییەکان و ماڵی ئیمام عەلی) ... زۆر سەیرە، ئاخر کە تۆ بتوانیت بە هێز خۆت بسەپێنیت، بۆچی سەر بە دەستەیەکی عارەب بیت لە دژی دەستەیەکی تر ؟ بۆچی هەرتک لا بە لەعنەت ناکەیت و بۆخۆت حوکمی‌خۆت ناکەیت ؟ (هەمان بەزمی کورد و فارس و ئەو قەومانەی تری کە ئەو هەمووە خوێنەی خۆیان لە مەیدانەکانی شەردا بۆ حوکمی عەباسییەکان رشت تاکو رزگاریان بێت لە ئەمەوییە نەژادپەرستەکان) .

یەکەمجار کە راپەرینی‌گەورەی‌ئامازیغییەکان دەستی بەسەر زۆر شوێنی ئافریقا و ئیسپانیادا گرت، خەلیفە (هشام) قسەیەکی کردبوو کە زۆر بەناوبانگ ببوو : " والله لأغضبن لهم غضبة عربية و لأبعثن لهم جيشا أوله عندهم و آخره عندي" ( وەڵلاهی دەبێت تووڕەبوونێکی عارەبی بۆیان تووڕە ببم و لەشکرێکیان بۆ بنێرم سەرەکەی لای ئەوان بێت و بنەکەی لای من) . لەشکرێکی سی‌هەزار ( ٣٠٠٠٠) شەرکەری ناردبووە سەریان ... نازانم چەندیان ساغ لێ‌دەرچووە! ئامازیغی بە فەرماندەیی خالید حەمیدی زەناتی کەوتنە سەریان، بە تووڕەبوونێکی ئامازیغییانە، ئاداریان بەسەر پاداریانەوە نەهێشتن،" كلثوم بن عياض"ی فەرماندەشیان لێی نەخەلەست، تێدا کوژرا .

ئای، هشام وای دەزانی هەر عارەب دەیتوانی تووڕە بێت و بەرانبەرەکەی نەیدەزانی چۆن تووڕە بێت ، بەڵام وا هشام و چوار خەلیفەی تریش بەدوویدا رۆیشتن و کۆتایی بە دەوڵەتەکەیان هات و

له رۆژهه‌ڵاتی ناوەڕاست بنبڕ کران و ئامازیغی هەر له شوێنی خۆیان بوون .

کاتێک دەوڵەتیئەمەوی، لە تەمەنی٨٩ساڵیدا له رۆژهەڵاتیناوەڕاست کۆتاییهات، حاڵی دەوڵەتی ئیسلامی لە ئافریقا و ئەندەلوس، کە چەند ساڵ بوو بە هۆی راپەڕینی ئامازیغییەکانەوە شێوا بوو، ئەمجارە بە هۆی تێکبەربوونی عارەبەکانیشەوە ئێجگار زۆر شپرزە بوو، وەک ئەو شیعرەی شەرەفنامەی شەرەفخان کە دەڵێت : ولایت ز سلطان چو خالی شد – رئیس بهر قریه والی شد، کەس خەتی کەسی نەدەخوێندەوە و هەمووی تێکەڵوپێکەڵ بوو، ئەمەوی ئەوەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆیان کرا، قەت نەیانتوانی لە ئیسپانیا ( و لە ئافریقا) بیکەن .

" الداخل" بە زیرەکییەکی زۆر توانی دوای شەش ساڵ (٧٥٦) - هەرچۆنێک بوو- ئەمارەتێک لە " بەشێک"ی گرنگی وڵاتەکە رابگەیەنێت(٧٦١-٧٦٤ ئەوجا تۆلیذۆ– طلیطلە ی گرت)، پایتەخت دیسان : " کۆردۆبا Cordoba"، بە عارەبی : قرطبە، شارێکی بە ئەسڵ فینیقی : قورت یوبی، " قورت" بە فینیقی واتە شار،"یوبی" ناوی پادشایەکی فینیقی بووە . دەوڵەتەکە ئەمارەت بوو(نەک




ئەمارەتی قرطبە

خیلافەت) : أمارة قرطبة، کە هێندێـک شوێنی ئافریقاشی دەگرتەوە؛ فەرمانڕەواکەی " أمیر" بـوو ( نەک خەلیفە) : أمیر قرطبة. بەڵام " بەشێکی گرنـگ" واتە هێشتا هـەمووی وەدەستنەهێنابوو : ٢٧ ساڵ دوای ئەو " داخل"بوونەی، دەبینین حاکمی مسوڵمانی سرقسطة( ثاراگۆذا Zaragoza) داوای یارمەتی لە شارلمان دەکات بۆ پاراستنی سەربەخۆییخۆی و مل کەچنەکردن بۆ " الداخل". شارلمان، بە تـەماحی ئەوە کە شـوینێک بۆخۆی داگیر بکات، هێزی بۆ دەنێرێت . کە هێز دێت و دەیەوێت بچێتە شـارەوە، حاکم دەترسـێت و پـەشیمان دەبێتەوە، رێگای نـادات بچێتە شار . لەشـکر بە وڵاتی " باسـک"دا دەگەڕێتەوە، بـەڵام بە رێگاوە زیانێکی زۆر لە باسکەکان دەدا . باسک لەوە رادەپـەڕن و پـەلاماری هێزی دواوەی لەشـکری شارلمان دەدەن . ئەوانەی کە مێژووی ئـەبیاتی فـەرەنسی دەخوێنن، دەبینن یـەکەم پـارچە شیعری ئـەدەبیاتی فەرەنسیی کە دەیخوێنن پێوەندیی بەو شەڕانەوە هەیە : La Chanson de Roland ، کە چوارهەزار دێڕێکە و دواتر سەدەی ١١-١٢ دانراوە ( لە سێ شوێنیدا مسوڵمانەکان بە outermer ناو دەبات، بە فەرەنسیی ئەوسا واتە : پشت-دەریـایی، ئەوانەی لەوبەری دەریـاوە هاتوون) . لێرەدا، تاقە برەوەیەک " الداخل" بوو، کە سـاڵی دوای ئەوە " سرقسطە، ثاراگۆثا"ی گرت .

## خیلافەتی قرطبە

قرطبە ئەمارەت بوو تا ساڵی ٩٢٩ لە سـەردەمی هەشـتەم ئـەمیریدا (عبدالرحمن الناصر لدین الله) بە رەسمی بە ناوی خیلافەت راگەیەندرا و، فەرمانڕەوای بوو بە خەلیفە . ئەم خیلافەتە دووەمەی ئەمەوی لە ئیسپانیا "بە رەسمی" ١٠٢ ساڵ، تا ساڵی١٠٣١ی خایاند، بەڵام رەنگە تاریخی ١٠٢٣ لە حـەقیقەت نیزیکتـر بێت، کە رەنگە لەو سـاڵەدا " أبو الحزم بن جهور"ی وەزیـر خۆی گوتبێتی خیلافەت تەواو بوو (من لە هەوڵەندا دەستم بە تـاریخی وردی ئەو قسـەیەی" أبو الحزم" ناگات) .

## چینەکانی کۆمەڵگەی دەوڵەتی قرطبە

بە گوێرەی نەژاد و ئاین :

ــ عارەب : بە نـەجیبزادە سەیر دەکران، زۆریان وەزیفەی گرنگیان هەبوون . دەبێت زەویی باش بۆ ئەوان بووبێت، کە کۆیلەیان لە ئـافریقاوە بۆ دەهێنان و زەویی زۆریان دەکێڵان : برنج، پەموو، زەیتوون، زەعفەران . مەڕومالاتیشیان بەخێودەکردن . بەڵام هەشیانبوون بازرگان، یا دووکاندار و کاسبی بچووکی ناو بازاڕ بوون .

ــ بـەربـەر ( ئامازیغی) : زۆربەی مسوڵمانەکانیان پێکـدەهێنا، پەیتا- پەیتاش لە ئافریقاوە دەهاتن، زۆربەی لەشکر لەوان بوو، لەگەڵ عارەبدا رەقابەتیان لەسەر ئاغایەتی هەبوو و وادەبوو دەسەڵا- تیان دەگرتە دەست . هێندێکیان جـووتیار بوون و زەویی کەمتر باشیان هەبوون، کار و کەسابەتی بازاڕیشیان دەکرد .

ــ المولدون ( ئەلموەلـلەدوون) : مسوڵمانی لە نـەژادانی جیاواز، دایک ئیسپانی و باوک ئامازیغی بەنموونە .

ــ الموالـي و الصـقالبة : تاکی مـوالی : مولی ( مەولا )، ئەوانە بوون کە وڵاتیان فەتح کرابوون و موالییەتی خۆیان ( بوونە رەعیەت، جـۆرێک پـاشماڵە ... شـتێکی وەها ) بۆ نـەجیبزادەی عـارەب رادەگەیاند . الصـقالبة ( لە وشەی : سـلاڤ، سـلێیڤ = کۆیلە )ی ئەوروپای رۆژهـەڵات و صقلیە (سیسیلی)، کە هـەمان دەوری فارسەکان و بـەڵام بـەتایبەتی تـورکەکان ( سەلجووقی )ی دەوڵەتی عەباسییەکانیان لێرە دەدیت .

ــ المستعربون ( واتە : ئەوانەی کە ویستوویانە ببن بە عارەب، بوون بە عارەب) : مەسیحییەکانی کە نـەچووبوونە باکووری مەسیحی و لە ژێر دەسـەڵاتی دەوڵەتی مسوڵمانانداو، دیارە بە گوێرەی قانوونی ئیسلامی بۆ ئەوان دەژیان ." المستعربون" بە شێوە ئەوروپاییەکەی ببوو بە مۆزارابەکان Mozárabes. پسپۆڕانی ئیدارە و زۆر لە زانستەکان بوون و زۆریان خزمەت بە دەوڵەت دەکرد. جووەکانیش هەر شتێکی لەبابەتی ئەو مۆزارابانە بوون .

أبوعامر محمد بن‌عبدالله، کە دوایی دەبێت بە" الحاجب المنصور"، کاربەدەستێکی باوکی هشام ببوو، نێوانی لەگەڵ " صبیحە" خانمی خۆشەویستی خەلیفەدا ( کە زۆرتر هەر بە " صبح البشکنجیە" = سوبحی باسکی ناودەبرا) زۆر گەرم بوو . بە زیرەکیی‌سیاسی زۆری خۆی، دوو ساڵ دوای هاتنە- سەر تەختی هشام، بوو بە حاجب (سەرووی وەزیر، سەرەک وەزیران ٩٧٨-١٠٠٢) و بە کردار بوو بە تاقە فەرمانڕەوای راستەقینەی دەوڵەت و،هشام هەر دیکۆرێک بوو و هیچی‌بەدەستنەبوو . الحاجب ناوی خۆیشی کرد بە "المنصور" و ویستی وەزیفەکەشی بە میراتگری بۆ نەژادی خۆی




خیلافەتی قرطبە لە ئەوپەڕی گەورەبوونیدا کە " الحاجب المنصور" پێی‌گەیاند

دابین بکات، تەنانەت دوایی کە ئەوە بە" سنجول"ی کوڕی گەیشت، خەلیفە ناچار کرا کە سنجول بکات بە " ولي عهد"!

" سنجول"، شێوەی عارەبیی" سانچۆ"ی بچووک(دەبێت بە منداڵی دایکی وای پێگوتبێت)، کوڕی " الحاجب المنصور" بوو لە " ئورراکا" خانمی کچی سانچۆی دووەمی پادشای دەوڵەتی " نبره ( نەبەررە) Navarre "، کە باوکی لە ناچاری بۆ رێککەوتن ئەو کچەی دابوو بە " الحاجب المنصور"، کردبوویان بە مسوڵمان و بە ناوی"عبده" لە حەرەمسەرای الحاجبدا بوو . "سنجول" پێنج مانگێک حاجب(سەرەک وەزیران) بوو و لەدواییدا کوژرا .

الحاجبالمنصور کاری زۆر خەتەر و چارەنووسسازی کردن، چوو شارانێکیمەسیحییانی وێران کردن : بارثێلۆنا، کۆیمبرا (ی پۆرتوگال)، و تا بە " سانتیاگۆ دی کۆمپۆستێلا"(پایتەختی ئێستای گالیثیایئۆتۆنۆم) گەیشت،کە لەو کاتەدا مەترانێکی بەسەرەوە بوو، تێدا خۆی لە ئاستی پاپا دەدیت و شارەکەی مەرکەزی بزووتنەوەی"رێکۆنکیستا"("گێرانەوە"ی سەربەخۆیی)یئیسپانییەکان بوو (کە چەند سەدە دواتر لە١٤٩٢ بە ئامانج گەیشت) . ئەوە دەوڵەتە مەسیحییەکانی ناچار کرد دەست بخەنە دەستی یەکەوە( ساڵی ١٠٠٠) تا سنوورێکی بۆ دابنێن .

عارەبناسێکی هۆڵەندیی سەدەی نۆزدە(Reinhart Dozy) لە کتێبێکی بەناوبانگیدا ( ئیسلام لە ئیسپانیا)، کە من نیمە بەڵام لە سەرچاوە هۆڵەندییەکانی وەردەگرم، لە باسی"الحاجب المنصور"دا نووسیویە :"الحاجب المنصور"پیاوێکیگەورە بوو، بەڵام پرەنسیپە ئەخلاقییەکانی گوێپێنەدەدان، ناکرێت خۆشتبوێت و، زەحمەتە پەسندی بکەیت".

حەزم دەکرد دەنگم پێ بگەیشتایە تا پێم بگوتایە : ئەوە چۆنە هەر ئەوت بۆ پرەنسیپی ئەخلاقی جیاکردووەتەوە ؟ ئەدی ئەوانی تر ؟

# داکشان لەدوای الحاجب المنصور و کۆتایی خیلافەت

لە دوای الحاجبالمنصور، خیلافەت بە خێرایی بەرەو هەڵوەشان دەچوو، تا بە ڕەسمی کۆتایی پێ- هێنرا . هەر وەک گۆڕینی ناوی ئەمارەتەکە بۆ خیلافەت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی خیلافەتیفاطمی ببوو،بۆ دوا مانەوەش دەبینین خەلیفەکانیان ویستیان هێندێکـشێوەیکاری خەلیفەعەباسییەکانکۆپی بکەنەوە . ئەوانـیش بڕوایان بە عارەبی خزمی خۆیان و بە ئامازیغییەکانیش نـەدەهێنا، ئیدی زۆر کاریان دەدانە دەســت" الصقالبە"( کـۆیلەی هاوردە لە ئـەورووپاوە کە دەکرانە مسـوڵمان) و، ئەوە هـەستی قـەومی و بنەماڵەیی و نەژادیی زۆرانی دەورووژاندن و، دۆخێک پێکـدەهات کە ئیتر بۆ کەس بەتەنیا کۆنترۆڵ نەدەکرا و، هەرکەسەش دەیویست هەر خۆی تەنیا فەرمانڕەوا بێت . ئەوجا " خەلیفەی ئەمەوی"ی چی ؟ خۆ - هەر بە نموونە - " علی بن حمود" کە ٢٣مانگ خـەلیفە بوو، "ئامازیغی"بوو و دەیویست خەلیفایەتی بەمیراتگری بۆ بنەماڵەکەیخۆی بسەپێنێت. من لێرەداهەر باسی دوا خەلیفە دەکەم، کە نموونەیەکی تەواوە بۆ هەموو خەلیفەکانیتری ئەو سەردەمەی ئەوێ : هشـام المعتد باللە، دوا خەلیفە، سـاڵی١٠٢٦ بوو بە خەلیفەی قرطبە، بـەڵام مەگەر دەیتوانی بچێتە قرطبە ؟ نەخێر، بچووبا هەزار شەقیان تێهەڵدەدا! چوو لە" ألبونت Alpuento "لە ڕۆژهەڵات نیزیکی دەریایناوەڕاست بوو بە خـەلیفەی قرطبە! دوو- سێ ساڵێک چاوەڕێیکرد تا ڕێگایان دا بچێتە قرطبە. لە قرطبە، هەموو دەسەڵاتی خیلافەتەکەی دە دەستی"الحکم بن سعید القزاز"دا بوو . " الحکم " بۆی نەچووە سەر. کەسێک بە ناوی" العراقی" گوتی : من" ئـەمەوی"یم و دەبێت لەو خەلیفە بێکەڵکەتان ڕزگار بکەم . پەلاماری کۆشکی خەلیفەیان دا، خەلیفە ڕایکرد چووە" لاردە" ( یێذا Lleida لە کاتالۆنیا) . لەوێ مایەوە تا پێنج ساڵێک دوای ئەوە لەوێ مرد .

کە خەلیفە ڕایکرد، خەڵک ئەوەندە لە سیاسەت وەڕەزببوون و، خیلافەتیش بەکردار هیچ مانایەکی نـەمابوو، ئیدی خەڵکی قرطبە کۆبوونـەوە و گوتیان : ئیتر تـەواو، خیلافەت چیتر نیـە و سەرمان ڕەحەت بوو .


دوای الحاجب‌المنصور، یەکێتیی‌قەڵەمڕەویی‌خیلافەت هەڵوەشا و، بوو بە زۆر ئەمارەت، ناوی٢٢ ئـەمارەت دەبینین . ئـەوجا گـەورەکان : أشبیلیا Sevilla، طلیطلة Toledo، بطلیوس Badajoz، سرقسطة Zaragoza، بلنسیة Valencia، غرناطة Granada،بچووکەکانیان قووتـدان . ئەوە بۆ هێرشی ئالفۆنسۆی شەشەمی کاستیلیا( قشتالة) زۆر بە کەڵک بوو و، توانی پـایتەختی گۆتییەکان ( طلیطله Toledo ) لە مسـوڵمانان بسـتێنێتەوە و، ئـەوە بۆ ورەی خـەباتی سـەندنەوەی ئیسـپانیا لە مسـوڵمانان زۆر گـرنـگ بوو . نـۆ سـاڵ دوای ئەوە، یـەکێک لە تـابیعانی پـادشـای کـاسـتیلیا : Rodrigo DÍaz ی Burgos برغش، کە بە" السید El Cid "(وشەی زمانی‌عارەبی) ناسـرابوو ( چـەندین ئـەفسانە لە بارەی خۆی و ئەسپەکەی و شمشێرەکەی هەن)، " بلنسیة Valencia"ی لە مسوڵمانان سـەندەوە، هەرچەندە مسـوڵمان دواتر شارەکەیان سەندەوە، بەڵام هەر بە سەرکەوتنێکی تری مەسیحییەکان و نوختەی‌هەڵگەڕانەوەی بار سەیردەکرا .



## المرابطون

مسولمان دیتیان که گلۆلەیان لە لێژییە، چەند میرێکیان داوای یارمەتییان لە " المرابطون Almoraviden" کرد، ئەوانە( کە" یوسف بن تاشفین"یان زۆر ناودار بوو)، مسولمانی سوننیی مالکیی زۆر وشک بوون، پایتەختیان لە شاری " مراكش" بوو . المرابطون بە هانایانەوە هاتن (١٠٨٦)، تا رادەیەکی زۆر دەستیان بەسەر وەزعدا گرت و کەوتنە گیانی مەسیحی( المستعربون، مۆزارابەکان) و جووەکان و زۆریان لێکوشتن .

بەڵام کێشە وەهرای" ملوک الطوائف"یان هەر بۆ دانەمرکا، ئەوانە هەر زۆر ناتەبا بوون و، دەوڵەتە مەسیحییەکان بە پێچەوانەی ئەوان، تا دەهات لێک نیزیکتر دەبوونەوە، لە هێرشەکانیاندا سەرکەوتووتر دەبوون و میرە مسولمانەکانیان ناچاردەکردن کە باجیان بدەنێ . المرابطون دیتیان کە هیچ چارەیەک نەبوو مەگەر "الأندلس" بۆخۆیان بگرن، ئیتر جارێکی تر ١٠٩٠-١٠٩٢ هاتن و ئەمجارەیان تەواو دەستیان بەسەر "الأندلس"دا گرت و، کردیان بە بەشێک لە دەوڵەتەکەی خۆیان .




الدولة المرابطية ی نامازیغی ١٠٤٠ ؟ - ١١٤٧ (نەخشە : ١١٢٠)

ئەوانە کە هەر بە ناوی" ئەمیر" و" ئەمارەت" حوکمیان دەکرد، دەبوو رووبەرووی پڕۆپاگەندەی فـاتمییەکان و عەباسییەکان ببنەوە، کە ئـەمیری ئیسلامی دەبێت سەر بە خـەلیفە و خیـلافەت بێت . ئەوجا بەوە کە فاتمییەکان زۆر لێیان نیزیک و خەتەر بوون ( باکووری ئافریقا )، بە باشیان زانی شـاندێک بنێرنە بەغدا و داوابکەن بە بەشێک لە خیلافەتی عەباسـییان قـەبووڵ بکەن ." المستظهر بالله"ی عەباسی( خـەلیفە ١٠٩٤-١١١٨)، ژیرانە بۆ ئابڕووی خۆی، قەبووڵیکردن، بەڵام تەبیعی ئەوە لەلایەکەوە هەر نوشتەیەک بوو بۆ المرابطون تا لە دەرد و بەڵای پـڕۆپاگەندەی فاتمییەکانیان بپارێزێت و، بۆ عەباسـییەکانـیش کە بڵێن ئـەوانە رەعیەتی ئێمەن، ئـەینا لە دەرەوەی پـڕۆپاگەندە، لە مەیداندا، هیچی بۆ هیچ کامیان نەدەکرد .

المو حدون

" المرابطون" مان تا "الموحدون (ئەلموەحیدوون) Almohad" پەیدا بوون (کە ناوی"ألله"یان بە تاقە(وەحید) ناوی خودا دادەنا و"الأسماء الحسنی"یان قەبووڵ نەبوو!)،"إبن تومرت"ی قەبیلەی "مصمودە"ی ئامازیغی دایمەزراندبوو . ئەوانە دەستیان بەسەر باکووری ئافریقادا گرت،"هەموو" مرۆڤێکی"مراکش"یان کوشت و،چوون"الأندلس"یشیان گرت و ئەوانەی پێش خۆیان سەربڕین و کەوتنە گیانی مەسیحی و جووەکان . زۆر جوو رایانکرد و خۆیان گەیاندە میسر، کە سـەلاحەدینی ئەیووبی پادشای بوو، لەوێ ئـازادی و ئاسایش و مافەکانیان دەپارێزران . " موسی بن میمون "ی جووی بەناوبانگ( فەیلەسووف و بژیشک وزانا و نووسەر زۆرتر بەعیبری) یەکێک لەوانە بوو، کە بوو بە بژیشکیتایبەتی سەلاحەدین .


"الموحدون" سەرکەوتنی گرنگیان بەسەر مەسیحییەکاندا هەبوو (١١٩٥)، بەڵام حەڤدە ساڵ دواتر (١٢١٢) مەسیحییەکان باریانوەرگێرایەوە . سوڵتانی" الموحدون"(محمد الناصر)، دوای کوژرانی کورەکەی لە شەڕدا و شکستی، بە شێوەیەکی کارەساتاوی رایکرد . مەسیحی، لە چەند دە ساڵێکدا قرطبە و جیان Jaén و" إشبيلة Saville "یان لە مسوڵمانان سەندنەوە ( لە شێست هەزار تا سەد هەزار مسوڵمانیان کوشتن) .




ئیسپانیا – ساڵی ١٢١٠ کە "الدولة الموحدية Almohades"ی ئامازیغی( ١١٢١-١٢٦٩)ی باکووری ئافریقا تێیدا دەستی بەسەر " الأندلس"ی ئیسلامیدا گرتووە .

المرينيون

دەوڵەتی" مرینی"(ی بنو مرين)ی ئامازیغی، کۆتایی بە " الموحدون"ی ئامازیغی لە ئافریقا هێنا .



الدولة المرينية ی ئامازیغی ١٢٤٤-١٤٦٥ (نەخشەکە : ١٣٤٧-١٣٤٨)

ئـەوجا هەوڵی گـرتنی" الأندلس "یشـیان دا، بـەڵام هـەر لە کەنارەوە هێندێک خـەڵکیان کوشـت و زۆریان بۆ نـەکرا(١٢٦٠، ١٢٦٧) . کەمێک پێش ئەوش، موغۆل بەغدایان گرتبوو و کـۆتاییان بە خیلافەتی عـەباسـییەکان هێنابوو (١٢٥٨)، ئیتر ورەی مـسوڵمانان لە ئـەوپەڕی نـزمیدا بـوو . سـاڵی ١٢٨٠ تـەنیا غرناطە بە دەست مسـوڵمانان مابۆوە، ئـەوی تری هـەمووی کەوتبۆوە دەستی مەسیحییەکان . غرناطە باجی‌دەدا بە مـەسیحییەکان و لێگەڕان تا ١٤٩٢ وا بمێنێتەوە .

من تا ئێرەی ئەم کتێبەم، هەر باسی مێژووی سیاسی و سەربازیی بوونی مسوڵمانەکانم لە ئیسپانیا کردووە، بەڵام کاتێک بتەوێت مێژووی‌ئەوانە لە سەرچاوە ئەوروپاییەکاندا بخوێنیتەوە،ئەوا مەگەر لە شوێنێکدا ئاماژەیەک- بڵێین- بە زبرییەکی" الموحدون "يك ببينيت كە مەحكووم بكرێت . جگە لەوە، سەرتاسەر پێهەڵگوتنی شارستانێتیی ئەو مسوڵمانانەیە لەو وڵاتە، پێهەڵگوتنی بە شیعر و بە پەخشان، هەر بە نموونە : دانتێ لە کۆمێدیاکەیدا باسی شەرحی ئاریستۆی" إبن رشد"دەکات، کە ئەوروپایی لە رێگەی ئیسپانیایانەوە وەرگرتووە . بەڵام مەگەر دەکرێت پێی‌هەڵنەڵێین ؟

بەغدای عەباسی و باکووری ئافریقای ئیسلامی و ئەندەلوس(و سقلیەی مسوڵمانیش بۆ ماوەیەک)، سەردەمێک، رێک هەمان ئەوە بوون کە ئێستا ئەمریکا و ژاپۆن بۆ"عیلم و سەنعەت و عیرفان " هەن . بە تایبەتی ئەمریکا، کە گەورەترین زانایانی نەتەوە جیاوازەکانی دنیا رووی تێ‌دەکەن، فێری دەکەن و، لێی فێر دەبن و، دنیا چاوی لێیانە،" ئاینشتاین"ی ئەڵمان هەر بە نموونە . بەغدا رێک ئەوە بووە . بەغدا نووسینی" ژمارە"ی لە هیندییەکان وەرگرتووە و لە خوێندگە و زانکۆکا- نیدا بەکارهێناوە، ئەو هەمووە زانیارییەی لە هیندستان و لە هاوسێیانی و لە یونان وەرگرتووە ، خوێندکار و مامۆستای مسوڵمان هەموو ئەوەیان لە بەغداوە گەیاندووەتە باکووری ئافریقا و ئەندەلوس . بەوجۆرە، بەرهەمی"الخوارزمی" بووەتە سەرچاوەیەکی زۆر دەوڵەمەندی ریازیات بۆ ئەوروپاییان ( وشەی algorism لە ناوی ئەوە، وشەی algebra لە "الكتاب المختصر فی حساب الجبر والمقابلة "ی ئەوە) ." لیۆناردۆ فیبۆناچچی" کە بە منداڵی لای باوکی لە شوێنێکی " ئەلجەزایر"بووە، لەوێ فێری ئەو ژمارە هیندییە بووە کە مسوڵمانی‌ئەوێ لە زانکۆی بەغدایان هێناوە و،دوایی بە کتێبی لە ئەوروپادا بڵاوی‌کردووەتەوە و ئەوروپاییەکانی فێری نووسینی ژمارە و" بەتایبەتی" سیفر"ی ئەوەندە گرنگ کردووە (وشەی zero لە "صفر"ی‌عارەبییە)، دیسان هەر بەنموونە، ئەینا ئەوەی ئەوروپایی هەر لە سەدەی یازدەوە، لە سەرچاوەکانی ئیسپانیای مسوڵمانیان وەرگرتوون هێندە- هێندە زۆرە کە کتێبی سەربەخۆی بۆ باسکردن پێویستە .

گـەورە وەرگێرانی ئـەوروپـایی کەوتوونەتە سەر وەرگێـران لە زمانیعارەبییەوە، نـەجیبزادان و تەنانەت پادشا و ئیمپراتۆر شەیدای کتێبیعارەبی بوون، وەریانگێراون، رەنگە ئیمپراتۆر فریدر-یک-ی‌دووەم خۆی بۆ ئەوە فێری زمانی عارەبی بووبێت .

" زریاب"ی خـەڵکی مووسڵ، کە دەڵێن کورد بووە، لە " قرطبة " زانکۆی گۆرانی و مووسیقای بە ناوی" دار المدنيات" دانـاوە، ئـەوروپایی فێرکردوون لە جیاتی سـەری قـامک بەو شـتە گیـتـار لێ‌بدەن کە ئـەو دایهێناوە .

شـەرحی ئـەفلاتوون و ئـاریستۆ و إبن رشـد و الفارابی و " إبن باجه " ی کە فەلسەفەی ملکـەچی ریازیات کرد(کە تەئسیری بەسەر"إبن رشـد "یشدا هەبووە) و زۆر لە زانستی کیمیا، بژیشـکی و دەرمان، ریازیات، جوغرافیا، دەریـاوانی؛ وێرای بەکارهێنانی کاغەز، ئارابێسک(زخرفة ) یـش لە ئـەندەلوسـەوە چـوونەتە فەرەنسا و ئیتالیا .

رەنگە لە ئـەندازیاریدا بە ئەو رادەیە تـەئسیریان نـەبووبێت، بەڵام دیسان : الحمراء(ی غرناطە) و لا خیرالدە(ی Seville إشبيلية)- بەنموونە- ئێستا پارەیەکی زۆریگەشتوەران بۆ ئیسپانیا دەهێنن .

بەڵام بۆ ئەدەبیات، باسی ئەڤین لە"إبن حزم"( طوق الحمامة في الألفة و الألاف)؛ " إبن طفيل" بە چیرۆکی"حي بن يقظان"(ساڵی١٦٧٢وەرگێردراوەتە سەر هۆڵەندی، ناوێکی بە لاتین بۆ دانراوە : Autodidactus Philosophus)، کە رەنگە ئەوە ئیلهامیدابێت بە نووسینی"روبنسۆن کروسۆ" ی دیفو .

بەرهەمی " إبن خلدون" ی کە سۆسیۆلۆجیی داناوە و، ئەوروپایی وەریانگرتووە و لێیفێربوون . ئەندەلوسییەکان، لە نێوان ساڵانی١١٠٠و١٤٠٠دا ، جگە لە سـامانی شیعریعارەبی(و عـیبری)ی خۆیان، زۆر شیعریان بە زمانی رۆمانس بۆ باسی شەراب و هەستیئارەزووی‌عیشقی(ئێرۆتیک) هەبووە .

حـەملەکانی خـاچپەرستانیـش دەوری گرنگیان بۆ فێربوونی ئەوروپاییان لە سەرچاوە عارەبییەکان هەبووە، ئـەوانە مسوڵمانانیان کوشـتوون و تـەنانەت خواردوون (منداڵی مسـوڵمانانیان کردوون بە

کەباب) بەڵام کتێبەکانیان بردوون وەریانگێڕاون و زۆریان لێ فێربوون؛ بەڵام دیسان ئەوە هەر ئیسپانیای ئیسلامی بووە(و هەمیشە بە تێکەڵییەتەواوی بە باکووری ئافریقای ئیسلامی) کە زۆرترین دەوری بوونە پردی گواستنەوەی زانست و زانیاریی هەموو مەیدانەکانی بۆ رۆژئاوا هەبووە .

لە بەرهەمی عیبری و عارەبیی جووەکان (هێندێک جار بە زمانی تریش) :

شیعری" شمۆئیل ها ناگید"ی شاعیر و وەزیر و فەرماندەی لەشکر(عارەب پێی‌دەڵێن : أبو إسحاق إسماعیل بن النغریلة )، کە لە سەرچاوەیەکی هۆڵەندی‌دا وەرگێڕاوی هۆڵەندیی شیعرێکم دیت دراوەتە پاڵ ئەو، لە کاتێکدا کە عارەب دەڵێن هی"إمرؤالقیس"ـە، عارەبییەکە :

الحرب أول ما تكون فتية　　　تسعى بزينتها لكل جهول

حتى إذا استعرت و شب ضرامها　　　غادت عجوزا غير ذات خليل

شمطاء جزت رأسها و تنكرت　　　مكروهة للشم و التقبيل

شلۆمۆ بن گبیرول ( سلیمان بن جبیرول،لای ئەوروپاییان : Avicebron)، کە تەئسیری بە سەر چەند کەسی گرنگدا هەبووە :" ئیسحاق ئاباربانێل"(فەیلەسووف، خەزێنەداری ئالفۆنسۆی‌پێنجەمی پۆرتوگال) و Leon Hebreo (ی پۆرتوگالی، کە چووە ئیتالیا و زۆرتر بەرهەمی بە ئیتالی بووە )، " شۆپێنهاوەر"یش هۆگری نووسینی" شلۆمۆ" بووە . موشێ بن‌عزرا(ی فەیلەسووف و زمانەوان و شاعیری دڵتەڕ کە لە دەست ئامازیغییە مسوڵمانە وشکەکان رایکرد و دوا ساڵانی ژیانی لە باکووری مەسیحی بەسەربرد) . یهودا ها لیڤی ( شاعیر و بژیشک و فەیلەسووف و نووسەر بە عیبری و عارەبی) ." موسی بن میمون"ی فەیلەسووف و بژیشک و زمانەوان و نووسەر، کە تەئسیری بە سەر" تۆماس ئاکوینی"دا هەبوو، ریچارد شێردڵ دەعوەتی کرد بچێتە ئینگلستان، نەیکرد و - وەک پێشتر گوترا- بوو بە بژیشکی تایبەتی سەلاحەدینی ئەیووبی، سەلاحەدین زۆر رێزی لێ گرت و زۆر تواناى دایێ، ئەوەندە کتێبی گرنگی بە عیبری بۆ بڵاو- کرایەوە، کە جوو بە گشتی بۆ ئەوە خۆیان بە قەرزداری سەلاحەدین دەبینن .

بـەر هەمی ئەوانە بە عیبری و عارەبی (هێندێک بە زمانی تریش) بوون و، لە ئیسپانیای ئیسلامیدا زۆر چالاک بوون تا " المرابطون" و" الموحدون"ی ئامازیغی هاتن و نـاچاریانکردن رابکەن و پەنا بە میسری سەلاحەدین و شوێنانی تر ببەن . عارەبی خاوەنی دینەکە خۆی ئەوانەی نـەچەوسا-ندوونەتەوە، کەچی ئامازیغییەکە ( وەکو ئەفغانی و تورک و تاجیک و... قەومەکانی تری غـەیری عارەب) کە دەبێتە مسـوڵمان ئاوا بە وشکی وەریدەگرێت .

لەشکری مسوڵمانان دەچوون وڵاتانیان دەگرتن و بەو کارەی خۆیان دەگوت " فەتح "، " فتح " بە عارەبی واتە کردنەوە. ئەی ئەگەر خەڵکی وڵاتیکیفەتحکراو ئەو فەتحکارانە لە وڵاتیان دەربکەن و وڵاتی خۆیان بۆخۆیان بگرنەوە، فەتح بکەنەوە، ئەو کارەیان چی پێ بگوترێت ؟

خەڵکی مەسیحیی ئیسپانیا پێیانگوت : ریکۆنکیستا Reconquista، بە ئیسپانی و پورتوگالی بەرانبەر بە ریکۆنکوێستReconquest ی ئینگلیسییە(دیسانگرتن،گرتنەوە)، بەڵام بەوە کە ئەمە بووە بە زاراوەیەک لە کتێبەکانی مێژوودا، منیش لێرەدا لەجیاتی وشەی گرتنەوە، یا رزگاری، یا سەندنەوەی وڵات، یا فەتحکردنەوە، هەر ئەوە بەکاردەهێنم .

ریکۆنکیستا ٧٨١ ساڵی خایاند، ئیسپانی لە ساڵی٧١١ تا١٤٩٢ بە خەباتی چەکداری رووبەرووی دەوڵەتانی ئیسلامی(و عارەب) بوونەوە و لەدواییەکەیدا سەد لە سەد بە سەرکەوتن گەیشتن .

لەکاتێکدا کە چەندین وڵات بە ئەو فەتحە بوونە عارەب و مسوڵمان (عیراق و سووریا و لوبنان و ...) و چەندی تر هەر بوونە مسوڵمان و نەبوونە عارەب ( تورکیا و ئێران و ئەفغانستان و ...)، ئیسپانی هیچ کامیان لە وڵاتیاندا نەهێشتن و، تەنانەت ئێستا لە دەرسەکانیخوێندنیشیاندا باسیان نیە، منداڵی ئیسپانی هیچیان لێ نازانێت، من خۆم دۆستی ئیسپانیم هەن کە منداڵەکانیان گەیشتوونەتە خوێندنی زانکۆ و قەت تاقە یەک وشەیان لە ژیانیاندا لەوە نەخوێندووە کە رۆژێک عارەب و یا مسوڵمان حوکمی ئیسپانیایان کردبێت . ئەو دەرکردنەی مۆرەکان(عارەب و - زۆرتر- ئامازیغی)، بەوە کە نیزیکەی هەشت سەدەی خایاند، بە شێوەیەکی پچڕ- پچڕ و زۆر ئاڵۆز بوو، بەڵام ئامانجەکە لە هەموولایەک و هەموو قۆناغەکاندا روون بوو و هیچگومانێک بۆ ئەوە قەت لە ئارادا نەبوو کە خەڵکی وڵات ئامادە نەبوون ئەو مۆرانە لەو وڵاتە قەبووڵبکەن، جا با چەندین سەدەشی پێبچێت . ئیسپانی لە سەر خەبات بۆ ئامانجی روونیان سوور بوون و نەسل بە دووی نەسل درێژەیان پێدا تا بە ئامانج گەیشتن .

که مسوڵمان ئیسپانیایان فەتح کرد (٧١١-٧١٤ )، ئیتر هیچ دەوڵەتێکی جگە لەوەی ئەوان لەو وڵاتەدا نەما . نەجیبزادە لە باکوور بە شەڕ رووبەڕووی مسوڵمانان دەبوونەوە، بەڵام دەوڵەتێکیان نەبوو، تا " پێلاخیوس" (دۆن پێلایۆ) ساڵی ٧١٨ یەکەم دەوڵەتی مەسیحیی دوای نەمانی دەوڵەتی ڤیسیگۆتی، لە " ئاستوریاس" راگەیاند و، بوو بە یەکەم پادشای رێکۆنکیستا و تا کۆتایی ژیانی لە ٧٣٧ هەر پادشای بوو . ئەوجا تا دەهات قەڵەمڕەویی گەورە دەبوو، تا بەشێکی گرنگی باکووری گرتەوە . رێکۆنکیستا بەهۆی کێشە و هەرای ناوخۆی نەجیبزادان زۆر خێرا نەدەڕۆیشت بەڵام بەراوردی ئەم دوو نەخشەیە بکە کە لە ٣١٧ ساڵدا بە چی گەیشت و چەند لە قەڵەمڕەویی وڵات لە مسوڵمانان سەندراوەتەوە :




ئیسپانیا ساڵی ٧٢٠، رەنگە سەوزەکە : خیلافەتی ئیسلامیی ئەمەوی




ئیسپانیا ساڵی ١٠٣٧، رەنگە سەوزەکە : ئەمارەتە مسوڵمانەکانی ملوک الطوائف

ئالفۆنسۆی سێیەم ( گەورە) لە ٨٦٦ تا ٩١٠ پادشای ئاستوریاس بوو . لەدوای خۆی، قەڵەمڕەویی دەوڵەتەکەی بە سێ بەش بۆ حوکمی سێ کوڕی سەرکەشی جێهێشت : گالیسیا ( Galicia گالیثیا لە گۆشەی کەنار دەریا لە سەرووی پورتوگال )، بەشێکی هەرە باکوورەکەش هەر بە ناوی ئاستوریاس(ئێستا مەڵبەندێکی ئۆتۆنەمە)، زۆرەکەی تریش و گرنگترینەکە کە دەمایەوە : لیۆن . بەشێکی رۆژ هەڵاتیباشووری دەوڵەتی لیۆن، بۆ پارێزگاریی وڵات لە دوژمن، ریزێک قەڵای لێ دروستکران و، ئیدی ناوی ئەو بەشە بوو بە کاستییا Castilla (لە وشەی" کاستییۆ"ی ئیسپانی= قەڵا ) . دەوروبەری ساڵی ٩٤٠، نەجیبزادەیەکی حاکمی لیۆن لەو بەشە Fernan González فێرنان گۆنثالێذ(٩٢٧-٩٧٠) داوای سەربەخۆیی"کاستییا "ی مەڵبەندی خۆی کرد، تووشی کێشەی زۆر بوو ( دەستووری پادشایی" لیۆن"ی سووتاند، گیرا و سێ ساڵ زیندانی و ... ئیدی)، بەڵام " کاستییا"، یا وەک ئەوروپایی تر دەڵێن:" کاستیل" یا "کاستیلیا"، لە دواییدا، نەک هەر سەربەخۆ بوو، بگرە بوو بە نیزیکەی هەموو شت .

وەک چۆن دەڵێین : ئەنگلۆ ساکسۆن لە ئینگلستان بوون بە هەموو شت( زمانی وڵات و ناوی ...)، کاستیلیاش بوو بە هەوێنی ئیمپراتۆریی ئیسپانیا و ئێستا نەتەوەی ئیسپانیا . ئیسپانیا ئێستا (٢٠١٩) حەڤدە مەڵبەندی ئۆتۆنۆمە( کاتالۆنیا، باسک، گالیثیا... ئیدی) و پێنج زمانی بە رەسمی هەن، بەڵام مادەی٣ی بەشی یەکەمی دەستووری ئێستای دەوڵەتی ئیسپانیا (١٩٧٨) دەڵێت : " زمانی کاستییانۆ ( کاستیلیانی) زمانی رەسمیی ئیسپانیی دەوڵەتە و ئەرکی سەرشانی هەموو ئیسپانییەکە کە فێری ببێت و مافی بەکارهێنانی هەیە".

فێرنان گۆنثالێذ و پادشای لیۆن "رامیرۆی دووەم"، کە پێویستییان بە یەکتر هەبوو، ئاشت بوونەوە و کچی فێرنان درا بە وەلیعەهد ( کوڕی پادشا) . پادشا ساڵی ٩٥١ مرد و کێشەو هەرای برایان لەسەر جێگرتنەوەی و... زنجیرەیەک رووداوانیسیاسی لە رێگای ژن و ژنخوازی و خزمایەتیی نەجیبزادان و مافیپادشایی(کە فێرنان لە دوو لاوە تێگلابوو) بەدووداهاتن، تا ٦٧ساڵ دوایخۆی، ساڵی ١٠٣٧، کەسێک لە نەژادی ئەو، بە ناوی فێرناندۆی یەکەم بوو بە پادشای" لیۆن و کاستییا".

ئالفۆنسۆی شەشەم کە ساڵی ١٠٨٥ تولێدۆ(طليطلة)ی پایتەختی گۆتییەکانی لە مسوڵمانان سەندەوە، ورەی مەسیحییەکانی بەوە زۆر بەرز کردەوە، مەسیحی ئەوەیان بە سەرەتای کۆتایی دەسەڵاتی مسوڵمانان لە ئیسپانیا دیت . ساڵی ١١٣٥ " ئالفۆنسۆی حەوتەم"ی لیۆن و کاستیپیا، ناوی دەبێت بە " ئیمپراتۆر" .

نەجیبزادەیەک( ئالفۆنسۆ هێنریکێس) دوای شەڕی مسوڵمانان و ئەوجا دژی دەسەڵاتی" لیۆن"یش، باشووری گالیثیا بۆخۆی دەستێنێت و ساڵی١١٣٩ دەبێت به پادشای " پۆرتوگال ".

ئیتر نەخشەی ئیسپانیا ساڵی ١١٥٠ بە ئەمجۆرەی لێدێت :




Dominio Almohade = قەڵەمڕەویی الموحدون .

Reinos de Castilla y León = پادشاییانی کاستیپیا و لیۆن .

Reino de portugal = پادشایی پۆرتوگال .

Corona de Aragón = تاجی ئاراگۆن .

Reino de Navarre = پادشایی ناڤارە( بە ئیسپانییەکە : ناڤاررێ) .

مێژووی ئیسپانیای سەدەکانی ناوەند و سەردەمێکی دوای ئەوەش، وەکو ئەوەی شوێنانی تری ئەوروپا، لە پەنجەرەی نەجیبزادەکانەوە دەخوێندرێتەوە : کامە پادشا قەڵەمڕەویی دەوڵەتەکەی ( کە ئەوە ئیتر دەوڵەتی ئەوە) بە سەر کام لە ئەولادیدا دابەش دەکات و کامە لە ئەولاد دەتوانێت دیسان بیکاتەوە بە یەک ( بەنموونە : ئیمپراتۆر ئالفۆنسۆی حەوتەم، قەڵەمڕەویی دەوڵەتەکەی بە سەر دوو کوڕیدا دابەش دەکات : کاستیبیا دەدات بە سانچۆی سێیەم و، لیۆن دەدات بە فێرناندۆی دووەم . ئالفۆنسۆیهەشتەم دیسان کاستیبیا و لیۆن دەکاتەوە بە یەک قەڵەمڕەوی)؛ کچی یا خوشکی کێ چۆن بۆچی مێرد بە کێ بکات تا دوای ئەوە ئەولادی کێ چ قەڵەمڕەوییەکی پێ ڕەوا بێت، یا کێ لە بنەماڵەکەی لەگەڵ کێی تری کوێدا هاوپادشای هەمان وڵات بن ( وەک فیلیپ-ی ئیسپانیا و ماری-ی کچی هێنریی هەشتەم هاوپادشای ئینگلستان بوون) ... بۆ ساغکردنەوەی تەواوی ئەوە پێویستیمان بە زۆر نەخشە دەبێت تا پیشانیبدەین هەر چەندە ساڵ و چۆن دیسان نەخشەی وڵاتی ئیسپانیاش دەگۆڕێت و، بە زۆر فەسڵی باسی ژن و ژنخوازی و میراتگری و شکانەوەیسنووری قەڵەمڕەوییەکان بەگوێرەی ئەوە؛ کە ئەم کتێبەی من بۆ ئەو وردەکارییانە نیە و،من- وەک لە باسی قۆناغی حوکمی ئیسلامیی ئیسپانیادا کردم- هەر باسی هێڵە دڕشت و گشتییەکانیمێژووی جێباس لێرەدا بە پێویست دەبینم، ئەوانەی کە دەوری دواییی چارەنووسسازیان لە بیناکردنی دەوڵەتی ئیسپانیای ئەمڕۆدا هەبووە .

بەوە دێمە سەر باسی گرنگترین مێردکردنی خانمێکی نەجیبزادە (ی کە بوو بە) پادشای کاستیلیا بە پادشای دەوڵەتی" ئاراگۆن "ی هاوسێ : ئیزابێل، یا ئیزابێلا(ی یەکەم) مێردی بە فێردیناند ( ی دووەم) کرد، ئیتر بە هەردتکیان دەگوترا : پادشا و پادشاژنی کاستیبیا و ئاراگۆن، یا : پادشایانی کاتۆلیک( نازناوێک لە پاپاوە) ، بەڵام هەر بە دوو دەوڵەت مانەوە : هەر کامە و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی هەبوو!

ئەو کاستیلیا و ئاراگۆنە بە ئەو ژن و مێردییەی پادشاکانیان بناغەی ئەم دەوڵەتەیان دانا کە ئێستا پێی دەڵێن : مەملەکەتی ئیسپانیا .

## ئاراگۆن

مەڵبەندی ئاراگۆن( بە ناوی رووباری بە ئەو ناوە لەو مەڵبەندە) ، دەکەوێتە رۆژهەڵاتی باکووری ئیسپانیا . مسوڵمانەکان قەت هەموویان بۆ نەگیرا. شاخەکانیباکووری، زۆرتر هەر بەشێک بوون لە ویلایەتێکی فرانکییەکان( لە ستانی سێپتیمانیا، ناوەکەی " حەوتەکان " هی سەردەمی رۆمایە) . برشلونەش هەر لە دەورانێکدا لە ژێر دەسەڵاتی فرانکییەکان بووە . لە سەردەمی حوکمی ئیسلامـ ـیشدا، ماوەیەک ئەمارەتێکی"المولدون" بوو : نەجیبزادەیەکی زیرەکی گۆتی، بە ناوی"کاسیوس" چووە دیمەشق و بوو بە مسوڵمان و یەکێک لە موالیی خـەلیفە، بە یـەکێک لە " المولدون" دانرا! و ناوی بوو بە " قسي" و بوو بە فەرمانڕەوای بەشێکی گرنگ لە "ئاراگۆن"(لە هێندێک نەخشەدا هەم ئەمارەتی تایفەی" بنو قسي" و هەم کۆنتیی برشلونە دەبینین کە لەم قۆناغەی جێباسی ئێرەی ئێمەدا ئیتر ئاراگۆن هەمووی هەڵلووشیوە) .

١٣ی دیسامبری ١٤٧٤، لە جێژنی ئاینیی " لووئیبا "دا، ئیزابێل خانمی تەمەن ٢٣ساڵ بە سواری ئـەسپێک و یاوەران لە خزمەتیدا، هاتە شاری" سێگۆڤیا "ی کاستیلیا و لیۆن و، بە ناوی " پادشای کاستیلیا " پێشوازیی لێ کرا، مەراسیمی ئاینیی بەجێهێنا و بە رەسمی بوو بە پادشا .

ئیزابێل خانم پێنج ساڵ پێشتر، کە مێردی بە فێردیناندی دووەمی ئامۆزازای خـۆی کرد، پێویستیی بە نامەی پاپا بۆ رێگادان بەوە هەبوو . پاپا ئەوسا ئیتالییەک بوو کە زۆر رقی لە ئیسپانییەکان بوو، نامەکەی نەدا . ئیزابێل، نامەیەکی سـاختەی بە پیاوێکی کلیسـایی ساز کرد و، زوو مێردی خۆی کرد و، زۆر کۆسپی زۆر جیددیی تر لەسەر رێگای ئەو ژن و مێردییە هەبوون (کە برای ئێزابێل یەکێک بوو لەو کۆسپانە) بـەڵام ئیزابێل توانی هـەموویان تـەخت بکات و، وا پێنج ساڵ دوای ئەو مێردکردنەی دەبێت بە پادشا . لە هەمان سـاڵیشدا ئـامۆزازاکەی، مێـردی، وەلیعـەهدی ئاراگۆن، دەبێت بە پادشای ئاراگۆن .

نەهێشتنی ترسینەجیبزادانی هەر دوو دەوڵەت لە دەسەڵاتەکانیان و،گونجاندنی قانوونانیجیاوازی

دوو دەوڵەت، کە هەم بە ئەو پێوەندییەی ژن و مێردییە نیزیک ببنەوە و، هەم هەرکامیان قانوون و عورف‌و عادەتی سەربەخۆیی‌خۆی بپارێزێت و پێبەندیی‌نەجیبزادانی هەر دوو دەوڵەت بپارێزرێت، بە رادەی‌یەکەم بەرهەمی زیرەکیی ئیزابێل بوو . ئیزابیل قەرزی زۆری کە لە سەردەمی پادشایی براکەیدا (هێنری‌ی چوارەم) کەوتبووە ئەستۆی دەوڵەتەوە نەهێشت . ئیزابێل سێ مانگ دوای ئەوە کە دەسەڵاتی دوا عارەب و مسوڵمانی لە غرناطە نەهێشت، بە " کۆلومبوس"ی گوت کە دەتوانێت گەشتەکەی بۆ دۆزینەوەی رێگای نوێ بۆ هیندستان لەسەر ئەرکی ئەو بکات . کۆلومبوس(دەریا- وانی خەڵکی‌جێنەوا- ئیتالیا)٣ی٨ی١٤٩٢ دەرچوو، بە دۆزینەوەی ئەمریکا و گرتنی ئەو هەمووە شوێنانەی، کاستیلیای ئیزابێل بوو بە گەورەترین ئیمپراتوری و زلهێزی دنیای سەردەمی خۆی .
پۆرتوگالیش( بە بەهانەی پەیمانێکی ١٤٧٩ی کلیسا و ئیمزای دوو ساڵ دواتری پاپا) داوای بەشی خۆی لە خاکی ئەمریکا کرد . کاستیلیا دەیزانی کە هێزی دەریایی پۆرتوگال زۆر بەهێز بوو و وا باشتر بوو بە دیپلۆماسی لەگەڵیدا رێکبکەوێت، ئیتر ئەوەبوو کاستیلیا و پۆرتوگال بە پەیمانی " تۆرذێسیپاس Tordesillas " ی ١٤٩٤رێککەوتن کە دنیای دەرەوەی ئەوروپا لە سەر رووی زەوی! لە نێوان خۆیاندا دابەش بکەن . ئیزابێل ساڵی ١٥٠٠ جنسیەی کاستیلیانی دا بە خەڵکی هەموو قەڵەمڕەوییەکانی لە دنیادا .

هەموو مێژوونووسانی ئەوروپا ئەو سەردەمەی کاستیلیا و ئاراگۆن بە " سەردەمانی زێڕین"ی مێژووی ئیسپانیا ناودەبەن . وڵات لە زۆر رووەوە گەشایەوە : ئابووری و ئەدەبیات و ... زۆر شت .

ئیزابێل ساڵی ١٥٠٤ مرد . بەوە کە کوڕەکەی( و کچە گەورەکەشی) پێش خۆی مردبوو، تەختی پادشایی بە یەکێک لە کچەکانی گەیشت، بە "جوانا"ی ژنی میر فیلیپ (ی یەکەم، ناسراو بە : قۆز، یا جوان، کە لە میرەکانی‌هابسبورگ، کوڕی ئیمپراتوری رۆمانیی پیرۆز "ماکسملیان"بوو) . بەڵام دوو ساڵ دوای ئەوە کە مێردی قۆز مرد، گوتیان جوانا ئەوەندە بەو مەرگەی خەمبار بووە و هۆشی شێواوە کە چیتر پادشایی پێناکرێت و- وێڕای مانەوەی رەسمیی بە پادشا- ، لە جۆرێک

زیندان لە کۆشکدا ڕاگیرا . کاردیناڵێک لەوبەینەدا هەوڵێکی دەسەڵاتی دا، بـەڵام باوکی جوانا فریا کەوت، هەرچەندە نەشیتوانی بە ڕەسمی ببێت بە پادشای کاستیلیاش، بـەڵام بە کردار تا ڕادەیەکی زۆر دەستی بەسەر وەزعدا گرت، تا ئەویش ساڵی١٥١٦ مرد . ئەمجارە، نۆرەی کوڕی جوانا( لە فیلیپ-ی یـەکەم) بوو، بێت و پـادشـایی هەرتـک" کاسـتیلیا و ئـاراگۆن" بکات ( میراتی هەرتـک پادشایی دایک و باوک)؛ " جوانا "ش لەپاڵدا، وەکو کوڕەکەی هەر ناوی پـادشا بێت ( هەر بەشی کاستیلیا) بەڵام بە کردار هەر کوڕەکە پادشایی هەرتک ئاراگۆن و کاستیلیا بکات. دایک و باوکی جوانا لە ماڵی " تراستامارا " بوون، بەڵام بەوە کە ئەو کوڕەی جوانا لە پیاوێکی ماڵی هابسبورگ بوو، ئیتر پـادشایی کاسـتیلیا و ئاراگۆن بەوە بە کردار کەوتە دەسـتی ماڵی "هابسبورگ"( جوانای تراستامارا‌ش تا کـۆتایی ژیانی هەر بەشیکی ڕەمزیی تێدا هـەبوو، ناوی " پادشای کاستیلیا"ی بۆ پارێزرا تا بە مردنی ساڵی ١٥٥٥ ئەوەش کۆتایی هات، ئیتر دەوڵەت هەر هابسبورگ بوو) .

کەواتە، کوڕی جوانا لە " فیلیپ-ی یـەکـەم"ی ماڵی هابسبورگ بە ناوی" کارلۆسی یەکەم" بوو بە " پادشای کاستیلیا و ئاراگۆن ".

هەرچەندە زۆرتر وایە سـەندنەوەی "غرناطة"ی دوا شوێنی مسوڵمانان لە ئیسپانیا لەلایەن ئیزابێل (ی یەکەم) و فێردیناند(ی دووەم)ەوە ساڵی١٤٩٢ بە یەکـگرتنی ئیسپانیا دادەنرێت، بـەڵام ئـەوسا هـەرتـک دەوڵەتی کاستیلیا و ئاراگۆن بە ڕەسـمی نـەببوون بە یـەک و هەر کام سـەربەخۆ بوو و پادشای جیاوازی خۆی هەبوو، ئێستا " کارلۆس"ی یـەکـەم بە ڕەسمی بوو بە پادشای هەرتکیان .

سێ ساڵ دوای ئەوە، کارلۆس وێڕای پادشاییەکەی لە کاستیلیا و ئاراگۆن بە ناوی " کارلۆس-ی یەکەم"، بوو بە " ئیمپراتۆری ئیمپراتۆریی ڕۆمانیی پیرۆز"یش( ئوتریش و ئەڵمانیا و هۆڵەندا و بەشانێکی ئیتالیا و... وڵاتانێک لە ئەمریکا ) بە ناوی" کارلۆس-ی پێنجەم" ( کارلۆس، بە ئەڵمانی و هۆڵەندی : کارل، بە ئینگلیسی : چارلز) .

" ئیمپراتۆریی کە قەت ڕۆژی لێ ئاوا نابێت" بۆ جاری یەکەم بۆ قەڵەمڕەویی ئەم " کارلۆس"ـە گوترا : کەسێک بە ناوی Fray Francisco de Ugalde ئەوەی بە ئیسپانی گوت :

el imperio donde nunca se pone el sol

دواتر بۆ قەڵەمڕەویی ئیمپراتۆرانێکی تری ئیسپانی و، لە دواییشدا بۆ قەڵەمڕەویی ئیمپراتۆریی ئینگلیس بەکار هێنرا .



تابلۆیەکی ساڵی ١٨٨٢ی هونەرمەندی ئیسپانی پرادییا

Francisco Pradilla Ortiz ویستوویە بە ئەم تابلۆیەی ئەم ڕووداوەی مێژووی ئیسپانیا تۆمار بکات :
" أبو عبدالله محمد"ی دوازدەیەم، دوا فەرمانڕەوایعارەب و مسوڵمان لە ئیسپانیا، دووەم ڕۆژی ساڵی١٤٩٢ شاری " گرانادا- غرناطة "ی رادەستی ئیزابێل و فێردیناند کرد، بەوە ڕێکۆنکیستا تەواو بوو و مێژووی هەرتک عارەب و ئیسلام لە ئیسپانیا کۆتایی هات .
رادەستکردنەکە بە گوێرەی پەیمانی" الحمراء" بوو، کە دەسەڵاتی سیاسی رادەست بکرێت بەڵام مافی فەرهەنگی و ئاینی بۆ عارەب و ئامازیغییەکان،کە ئێستا پێیاندەگوتن"المدجنونMudéjars"بپارێزرێت .
ئیزابێل حەوت ساڵ دوای ئەوە پەیمانەکەی پێشێلکرد و وێڕای چەوساندنەوەی جوومکان، کەوتە سەر تواندنەوەی بەزۆری مسوڵمان و ئامازیغییەکانیش : "مۆریسکییەکان"(مۆرەکان) و، تەنانەت ئەوانەشیان کە بوونە مەسیحی هەر وایان پێدەگوترا و بە گومانەوە لێیاندەنۆڕین، پتر لە سەدەیەکی پێچوو( کە بێ شۆڕش و هەرا نەبوو) تا بەتەواوی هەموولایەک لە ئیسپانیادا لە هەویەتیمەسیحیدا توانرانەوە و کۆتایی بە جوو و عارەب و ئامازیغی لەو وڵاتە هێنرا .

کارلۆس (ی یەکەمی کاستیلیا و ئاراگۆن، پێنجەمی ئیمپراتۆری)

کـارلۆس، لە سـەرەتای هاتنیدا بۆ سەر تـەختی پـادشایی، هیوای زۆر گـەورەی خستـە دڵی دنیای مەسیحی، وەک بڵێت : رۆژانی درەخشانی ئیمپراتوریی رۆما، بەڵام بە ئاینیمەسیحی، وا هاتەوە . هـەر ئـەوەش نـارەحەتی خستـە دڵی دەوڵەتی فـەرەنسای رەقیب و پاپاشەوە . پاپا حەزی نەدەکرد پـادشایەک لە دنیای مەسـیحییەتدا ئـەوەندە گرنـگ بێت کە تـرسـی لە خۆبـاییبـوونی لێبکرێت و، قیمەتی پاپا بێتە خوارەوە و - زۆر لە جێیخۆیدا- لەوە دەترسـا کە کارلۆس بیەوێت ئیتالیا بگرێت و هیچ بۆ سامان و دەسەڵاتی پاپا لەوێ نەهێڵێتەوە .

لە ناوخۆشـدا، نێرەیی بە ئیمتیازان و بـەرژەوەندان لە نێوان خەڵکی وڵاتەکەی و ئـەوانەی دەرەوە سـەرێشـەی زۆریان بۆ دەنایەوە . ئەو دەیویسـت بە دەسـتێکی پـۆڵایین حوکم بکات و ئـەوەشی بە هاسانی بۆ نـەدەچووە سەر . یـاخیبوونی زۆر شـاران( بازرگان و سەرمایەدارانی دەسەڵاتدار) لە نـاو وڵاتـدا روویاندا و کـارلۆس بە دەستێکی زبـر دایمـرکاندن ( لە بییالار Villalar ی نیزیـکی " تۆرۆ" پێنجسەد کەسی لە سێدارە دان) .

رینێسانس، لەلایەکەوە زۆر چـالاک بوو : یـەکێک لە گـەورەترین هونەرمەندانی تـابلۆکێشـانی رینێسـانـس، تیتانیۆ ڤێچێلیۆ Tizanio Vecellioی ئیتـالی ( نێوان ١٤٨٨ و ١٤٩٠- ١٥٧٦) کە ئینگلیس کردوویانە بە تیشەن Titian بوو بە تابلۆکێشی دەرباری ئیمپراتۆر .

رێبازی شـیعری " پێترارکا " و شـیعری شـوانی، لای گەورەتـرین شـاعیرانی ئەم سەردەمە زۆر رەواجی هەبوو . گارثیلاسۆ Garcilaso de la Vega ( ١٥٠٣-١٥٣٦) لە هاودەمانی دەرباری کارلۆس بوو، شـیعری شوانیی یازدە برگەیی (هـەمان وەزنی زۆرترین شـیعری دانتێ و پێترارکا Hendecasyllable) ی دەنووسـی کە دەربـارییانی کـارلۆس بەرگی شـوانیان دەبـەردەکرد و بە گۆرانی بۆ ئـەڤینی دوورەدەسـتیان دەگوتن . گـارثیلاسۆ لە کاتی ئـابڵۆقەی شـارێکی بـاشـووری فەرەنسادا، کە ئەویش سەرباز بوو، گولـلەیەک پێکای و کوشتی، ئیتر بوو بە رەمزێکی " armas y letras "(چەک و ئەدەبیات) . شیعری، تا کۆتاییەکانی سەدەکەی، نموونەی لەسەر رۆیشتن بوو

و دوای ئەوەش هەر تەئسیری هاتەوە .

لەلایەکی ترەوە، دەبینین لە هەمان سەردەمدا، بە دەستی سەربازانی کارلۆس، زیانێکی زۆر لە رینێسانس کەوت : تالانکردنی رۆما ٦ی ٥ی ١٥٢٧ لەلایەن سەربازانییەوە، چونکە پارەی معاشی ئەوانەی نەبوو(زۆرتر سەربازی بەکرێگیراوی ئەڵمان،ئەوجا ئیتالی و ئیسپانی و هێندێک سویسری و، سەربازانێکی راکردوو لە لەشکری فەرەنسا و هێندێک جەردە و پیاوکوژیش، تابیعانێکی لوثەری پرۆتیستانیش - بێ رەزامەندیی لوثەر- رەگەڵ کەوتبوون) کە ئەوانە شەڕی هاوپەیمانانی" کۆنیاک"یان بۆ ئیمپراتۆر کارلۆس بردبۆوە ( کۆنیاک بە ناوی شارێکی ناوەڕاستی فەرەنسا کە ئێستا خواردنەوەیەکی بەو ناوەی لەوێوە زۆر بەناوبانگە، لەم باسەدا هاوپەیمانیی فەرەنسا و میلان و فلۆرانس و ڤینیس و پاپا بوو بۆ رووبەڕووبوونەوەی کارلۆس، هەرچەندە پاپا خۆیشی لێ دوورخستەوە بەڵام دوای ئەوەش وا شاری رۆمای هەر زۆر پیس تالان و تەنانەت هەتکیجنسی و وێرانیی تێدا کرا و ...پاپا ناچار رایکرد)؛ ئەوەش دوای تالان و برۆی شوێنانێکی تری ئیتالیا بوو کە زیانی زۆری لە هونەر و هونەرمەندان دا و زۆریان لە وڵات هەر رۆیشتن .

کارلۆس،" ناڤاررێ Navarre "یشی گرت و خستە سەر دەوڵەتەکەی، لە ئەمریکاشەوە زێڕ و زیو و سامانی زۆری بۆ دەهات،بەڵام مەسرەفەکەی لە داهاتی پتر بوو(وەک لە تالانەکەی رۆمادا دیترا) و، سیستمی ئابووریی ناوخۆی باش نەبوو، سێ و نیو ملیۆن سەر مەڕ لە وڵاتیدا سەنعەتی کاری خوریی ئیتالیایان دەگەشاندەوە، نەک هی ئیسپانیا . کشتوکاڵ زۆر دواکەوت و، سواڵکەر زۆر دەبوون .

لە شەش ملیۆن خەڵکی ئیسپانیای ساڵی ١٥٤٠، لە هەر چوار کەس یەکێک " ئیذالگۆ Hidalgo" بوو( پلەی خوارەوە لە نەجیبزادان) کە ئەوانیش باجیان نەدەدا، گوایا باو و باپیرانیان شەڕی روو- بەڕووبوونەوەی مسوڵمانیان کردبوو، کەواتە " شتێک" ببوون، ئیذالگۆ واتە " کوڕی شتێک"!) . دوایی ناچار بوون ئەوانیش بکەن بە دوو بەش، بەشێکیان باج بدات .

زۆر لەو " ئیذالگۆ"یانە لەگەڵ بەشێکی تری گرنگی خەڵکی کاستیلیا چوونە ئەمریکا ( نیسبەتی

خەڵک لە کاستیلیا هەر زۆر کەم بۆوە، زۆریان چوونە ئەمریکا) و، ویستیان بە کۆپییەکی ژیانی وڵاتەکەیان لەوێ بژین( شارستان و شارەوانی و زانکۆ) . ئەوانە کە لە ڕێگای دووبەرەکی نانەوە لە ناو خەڵکی وڵاتانی ئەمریکادا، بە ٥٠٠ کەس توانیبوویان ملیۆنان بخەنە ژێردەستی خۆیانەوە، ئەو قەومانەی‌ئەمریکایان بە گژ یەکتردا کردبوون،پارچە زەوییان وەردەگرتن و خەڵکی سەر ئەو زەوییانە و دەوروبەریشیان دەبوونە ژێردەستەیان و، هەرچەندە ئەوە بە قانوون قەبووڵ نەبوو، ئیسپانیاییش هەبوون کە ئەوەیان بە دڵ نەبوو ( بە پێچەوانەی هۆڵەندی و ئینگلیسەکان کە دەنگی ئیعتیرازیان لەسەر بە کۆیلەکردن و کڕین و فرۆشتنی مرۆڤ لێنەدەبیسترا)، بەڵام ئەوان زۆریان لە خەڵکی وڵات دەکردن بە کۆیلەی خۆیان بۆ دەرهێنانی کانی زێڕ و زیو و بۆیان دەچووەسەر .
دیارە کەشە ئیسپانییەکانیش مەیدانی‌چالاکیی زۆریان لەوێ لەبەردەم بوو، ئیترزۆر لە خەڵکی ئەو قەومانەی ئەوێ دەبوونە مەسیحی، ناوی مەسیحییان لە خۆ دەنان و تەنانەت دەکەوتنە سەر موعجیزاتی مەسیحی : یەکێک لەوانە کە ناوی ببوو بە"خوان دییێگۆ"، " مەریەمی عەزرا" ساڵی ١٥٣١ لە نیزیکی شاری مەکسیکۆ خۆی پیشان دا! جا بزانە) .

## فیلیپ-ی دووەم

کارلۆس (ی یەکەمی کاستیلیا و ئاراگۆن، پێنجەمی ئیمپراتۆریی ڕۆمانیی پیرۆز)، دوو ساڵێک پێش مەرگی، تەختی پادشایی بە کوڕەکەی ئەسپارد : فیلیپ-ی دووەم ١٥٥٦ بوو بە پادشا .
فیلیپ، زۆری پێ نەچوو بە خەستی کەوتە لێدانی کالڤینیستەکان ( لقێکی پرۆتیستانی کە لە لوثەر-ییەکان کەمتر دەسەڵات دەدا بە پادشا) لە باکووری فەرەنسا و لە هۆڵەندا و، سەپاندنی کاتۆلیکییەت و دژایەتیی پرۆتیستانتییەتی زۆر خەستکردەوە . بەوە دوو دەستەییەک لە ئەورووپادا پەیدا بوو، فیلیپ و پادشای فەرەنسا و پادشای ئوتریش (و کاتۆلیکی ئینگلستانیش) هاوپەیمانییەکیان ساز دا .
میرانی ئەڵمان، بە هەستی سەربەخۆیی، بوونە لوثەری ( کە دەسەڵاتی باشی تێدا بۆ ئەو میرانە

دابین دەکرد) و، " فان ئۆرانیە"ی هۆڵەندا ڕێگای بوونە کالڤینیستی هەڵبژارد ( بەوە کە لوثەریزم دەکرا سەرێشەی دەسەڵاتی ئەڵمانەکانی بۆ بهێنایە) . دروشمێک لە هۆڵەندا باو بوو کە بە زوویی لە زۆر شوێنی تریش لە ئەوروپا باوی پەیدا کرد : Liever Turks dan Paus! بە هۆڵەندی واتە : باشترە تورک و نەک پاپا! تەنانەت " فان ئۆرانیە "ی هۆڵەندا لە نامەیەکیدا (١٥٦٥) بۆ براکەی، وەک مژدەیەک دەڵێت : عوسمانییەکان بە شەڕ پادشای ئیسپانیا وا سەرقاڵ دەکەن کە ئیتر ئەوساڵە ناتوانێت لەشکری بنێرێتە سەر هۆڵەندا .

دوو دەستەیی تایفەیی زۆر خەست بۆوە، لە ئیسپانیا هێندێک پرۆتیستانت سوتێندران و، ساڵی ١٥٥٩ لیستی کتێبی قەدەغە لە ئیسپانیا دەرچوو کە تەنانەت کتێبی" ئێرازموس"ی کاتۆلیکیشی تێدا بوو ( کە یەکێک لە گەورە پیاوانی ڕینێسانس و هومانیزم بوو) . کالڤینییەکان، لە بیستەکان تا شیستەکانی سەدەی شازدە (و جارێک دواتریش)، لە تاریخی جیاواز و شوێنی جیاوازی ئەوروپادا کەوتنە تێکوپێکشکاندنی پەیکەر و شتی هونەریی کاتۆلیکان( پەیکەر و ئیکۆنی مەسیح و مریەم و خاچ و میحراب و ...)، کەسانێکی دڵسۆزی هونەر و ئەندازیاری توانیان کەمێکیان لە دەستی تووڕەیی ئەوانە بپارێزن، بەڵام زۆری لەناوچوون . ناوە هۆڵەندییەکەی : Beeldenstorm و ئینگلیس کردیان بە Iconoclastic Fury یا Great Iconoclasm .

پرۆپاگەندەیەکی ئێجگار زۆر ئەوروپای ڕۆژئاوای داگرت، بەتایبەتی کەرستەی زۆری پرۆپا- گەندەی پرۆتیستانتەکان بە گشتی و، بەتایبەتیتریش زۆرتر کالڤینیستەکان لە دژی ڕژیمی زاڵمانە و دواکەوتوو و وەحشی و چی و چیی فیلیپ، کە من بە جۆرێک پرۆپاگەندەی بۆلشەفیکەکانی سەدەی بیستەم لە دژی سەرمایەداران دێتە بەرچاوم، فیلیپ لە زیهنی زۆر لە پرۆتیستانتاندا هەر " شەیتان " خۆی بووە . ئێستاش کە مێژووناسان بە ئارامی هەوڵ دەدەن مێژووی ڕاستەقینە و ئەفسانەیی ئەو سەردەمە لێکجیابکەنەوە، لە زۆر شتدا حوکمی جیاواز لەسەر فیلیپ دەدەن .

لە هەموو بارێکدا، فیلیپ-ی دووەم بەهێزترین پادشایەکی دنیای سەردەمی خۆی بوو، بەڵام

غرووری هەبوو و، ئەویش مەسرەفی لە داهاتی پتر بوو و، هێزی بۆ گەورەتربوون لە دنیادا زۆر بڵاوکردەوە، سەرەتا زۆر تێدا سەرکەوت و گەیشتە لوتکەی هێز و ئەوجا هاتە خوارەوە و لە کۆتایی حوکمیدا بە نشێودا ڕۆدەچوو .

لە شەڕی"La Panto "(ی یونان، لای عوسمانییەکان : ئینەباهتی) لە ئۆکتۆبری ١٥٧١، هێزی فیلیپ و ڤینیس بە پشتگیریی پاپا سەرکەوتنێکی ئێجگار زۆر گەورەیان بەسەر عوسمانییەکاندا هەبوو(چلهەزار لەعوسمانییەکان کوژران و ٢٣٠ کەشتییان لەدەست چوو: نقوم کران،سووتێنران یا گیران) و ئەوە دەسەڵاتی عوسمانییەکانی لە دەریا زۆر شکاند . ( " ثێرڤانتێس "ی نووسەری دۆن کیخۆتێ (دۆنکیشۆت)یش لەو شەڕەدا بوو و، لە گەڕانەوەیدا بۆ ماڵ لە ڕێگا کەوتە دەستی هێندێک جەردەی دەریایی ئامازیغی، گرتیان و بردیان لە بازاڕێکی" الجزائر" فرۆشتیان) .

فیلیپ دوا گورزی لە مۆریسکەکانی وڵاتیشی دا، سەدهەزار کەسی خەڵکی غرناطەی لە شارەکە دەرکردن و، لە شوێنانی تری باکوور بڵاویکردنەوە، نەوەکا لە ژێرەوە دڵیان لای عوسمانییەکان بێت .

فیلیپ، ساڵی ١٥٨٠ بە هەمان میکانیزمی فەرهەنگی ئەو سەردەمە(مافی خێزان و پێوەندییخوێن) " پۆرتوگال "یشی خستە سەر پادشاییەکەی خۆی و، بەو هێزە دەریاییە زۆر ناودارەی پۆرتوگال خۆی بە یەکەم هێزی دەریایی دنیا دیت . فیلیپ بڕیاری دا بچێتە سەر ئینگلستان ( کە هێنری-ی هەشتەم مرد،"ماری-ی یەکەم"ی کچی هێنری و ژنی فیلیپ، کە هەرتکیان هاو پادشای ئینگلستان بوون،دەسەڵاتی گێڕایەوە سەر کاتۆلیکییەت و زۆر وشک بوو: کوشتن و سووتاندنی پرۆتیستانتان ... ناوی بە " Bloody Mary ماریی خوێنین " ڕۆیشت، کە ناوی جندۆکەیەکیشە لە خورافاتدا (ئێستا ناوی خواردنەوەیەکی کۆکتێلیئالکۆلیی سوورە، لە ئاوی تەماتە و ڤۆدکا و بیبار و...ئیدی) . کە مرد،"ئالیزابێث"ی خوشکی بوو بە پادشا و جیاواز بوو، دروشمی بەلاتین"vedeo et taceo دەبینم و هیچ" ( واتا هیچ نابینم) بوو، پشتگیریی لە شەڕی کالڤینیستەکانی هۆڵەندا لە دژی ئیسپانیا دەکرد) .

ئێوارەی پێش وەرێکەوتنی هێزەکەی ئیسپانیا (١٥٨٨) فەرماندەکە مرد، ئیتر فیلیپ فەرماندەیی دا دەست نەجیبزادەیەک کە فری بە سەر شەڕ و دەریاوانییەوە نەبوو . نەزانیی فەرماندە و، تووڕەیی دەریاش وێرا، " ئارمادا" ی بەناوبانگی ئیسپانیایان شکست دا و، ئەوە ئیتر یەکەم هەنگاوی سەرەتای کۆتایی دەسەڵات و هەیبەتی ئیسپانیا بوو، تەنانەت هۆڵەندییەکانیش، وەکو ئینگلیس، لە ئەمریکا قەڵەمڕەوییان لێ داگیر دەکرد و، ئەوە مەرکەزی" ئالیزابێث-ی یەکەم"ی ئینگلستانی زۆر پێ بەرز بۆوە .

## فیلیپ-ی سێیەم

فیلیپ-ی دووەم ساڵی١٥٩٨ مرد و فیلیپ-ی‌سێیەم بوو بە پادشا، بەڵام دەسەڵات بەتەواوی کەوتە دەستی مامۆستای پێشوویەوە، کە خۆشەویستی باوکی ببوو، لە ساڵی دووەمی پادشاییدا کردی بە " دوک"ی لێرما، ئیتر هەر بە "لێرما" ناودەبرێت . لێرما بە کەیفی خۆی راست و چەپ تێکەوت، بە سەدان کەسی کردنە کاربەدەست و، فرکان- فرکانی خۆ دەوڵەمەندکردن و تەنانەت کرین و فرۆشتنی وەزیفەش لە ژێر باڵی ئەودا وڵاتی گرتەوە . بێپارەیی ناچاریکرد ئاگربەستێکی دوازدە ساڵیش لەگەڵ هۆڵەندا قەبووڵ بکات، کە ئەوە تەبیعی هەیبەتی هۆڵەندای بچووکی لە ئاست ئەو دەوڵەتەدا کە بە گەورەترین زلهێز دانرابوو پێ بەرز بۆوە و هەیبەتی ئیسپانیای پێ دابەزی .

ساڵی ١٦٠٩ سێیەم لێدانی مۆریسکەکان(بە ئەسڵ مۆرەکانی باکووری ئافریقا کە ئێستا ئیتر ببوون بە مەسیحی) بەجێهێنرا(یەکەمیان١٤٩٩ ببوو و، دووەمیان١٥٧٠)، پاپا پێی باش نەبوو ئەوانەی کە لەو هەمووە ساڵانەوە ببوونە مەسیحی سزا بدرێن، بەڵام ئیدارەی دەوڵەت وای دانا کە ئەوانە جێیبروا نەبوون، نەدەگونجان(نەدەتوانەوە) و، نێوانیشیان لەگەڵ تورک و جەردە ئامازیغییەکانی دەریاشدا هەبوو . دەوری سێسەدهەزار کەسی مەسیحیی کە تەنیا هەر زمانی ئیسپانییان قسەدەکرد، بەوجۆرە لە شوێنی خۆیان دەرکران و چوونە باکووری ئافریقای ئیسلامی . ئەو کارە زیانی زۆر

گەورەی لە ئابووری و هێزی کار لە وڵات دا( بەتایبەتی بارۆنەکانی باڵێنثیا هەرە زیانبار بوون)، لەولاشەوە خەڵکێکی زۆر دەچوونە ئەمریکا، دەوڵەتیش بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە لە ئابووریدا باجی بە سەر خەڵکدا زیاد دەکرد، خەڵک کەم دەبوون و باج زۆر دەبوو! گەندەڵی خەڵکێکی دەوڵەمەند دەکردن و هی تری دەخستنە سەر سواڵ، دەوڵەمەند حەزیان لەوەبوو رەسمی جوانی خۆیان بە دەستی هونەرمەندانی بەتوانا بۆ بکێشرێن ( یەکێکیان تابلۆی لێرما بە سەر ئەسپەکەیەوە کە " روبینس"ی بەناوبانگ بۆی کێشاوە)، پارەی زۆریان بۆ ئەوە هەبوو، ئیتر لێرەوەیە کە باسی " سەردەمی زێڕین"ی سەردەمی فیلیپ-ی سێیەم لە سەرچاوەکانی مێژووی هونەردا دەبینین .

ساڵی ١٦١١ ژنی پادشا مرد، ساڵی ١٦١٢ ژن و ژنخوازی لەگەڵ ماڵی " بوربۆن "ی فەرەنسا کرا :" ئاننا"ی کچیفیلیپ درا بە" لویی١٣"ی داهاتوو و،" ئیزابێلا"ی کچیهێندریک(یچوارەم، پادشای کوژراوی بوربۆن) درا بە وەلی عەهد( فیلیپ-ی چوارەمی داهاتوو) . شەڕی هۆڵەنداش نەبوو، ئیتر ئیسپانیا نێوانی لەگەڵ دنیادا ( جگە لە کێشەی لە ئیتالیا) باش دەبوو . لە کاتێکدا کە سەرێشەی دەرەوە وا دیاربوو کەم دەبوونەوە، ناوخۆ دەکوڵی! هەموو کەسێک هەر باسی ئەوەی دەکرد کە وەزع نەدەکرا بەو گەندەڵییەی پاشای"لێرما"وە درێژەی بدایە، تەنانەت کورەکەی خۆی دژی بوو . " لێرما " دیتی کە چیتر بۆی ناچێتە سەر، ئیتر بە پارەیەکی زۆرەوە رایکرد و چووە رۆما و بە سیفەتی" کاردینال" لەوێ مایەوە . هەموو خراپییەکان خرانە ئەستۆی سەرەکوەزیران کالدێرۆن، کە بووکەڵەیەکی دەستی لێرما بوو، تەنانەت گوترا کە رەنگە ئەو ژنی پادشای بە ژەهر کوشتبێت . پادشا ناچار بوو بە رەسمی لەسەر کار و وەزیفەی لادا ( ئۆکتۆبری ١٦١٨) .

پادشا ساڵی ١٦٢١ مرد .

ئەدەبیات

گۆڕانی زۆر گەورە لە دنیای ئاین( کێشەی مەزهەبی) و سامان ( دۆزینەوەی ئەمریکا) و نەتیجە

ئـابوورییەکانی ئەوانە بۆ سەر باری نێوانی دەوڵەتان و چینەکانی هەمان دەوڵەت، ئەوانە هەموو نەدەکرا مەگەر هەم لە دنیای هونەر(دیسان رینێسانس، سەرووی رینێسانس و مانەریزم، بارۆک) و هەم لە ئەدەبیاتی سەدەی شازدە و حەڤدەی ئیسپانیدا رەنگیان بدایەتەوە .

وێرای ثێرڤانتێس(نووسەری دۆنکیخۆتێ) کە ئێتر لەهەموو دنیادا ناودارە،هەر لە سەدەیشازدەدا تەرزە ئەدەبیاتێک بە ناوی" پیکاریسک"(هی هەژاری لاتی سەرشەقامەکان) لە ئیسپانیاوە سەری هەڵهێنا : ژیننامەی لاثارییۆ، کە ناوی نووسەری نـەزانراوە؛ ئەوجا ساڵی ١٥٩٩ کتێبێک بەم ناوە : " Primera Parte de Guzman de Alfarache بەرگی یـەکەمی گوثمان دێ ئالفراچێ " دەرچوو کە بە هەمان شێوە باسی منداڵێکیهـەژاری سەرشەقامەکانی دەکرد کە ناوی"گوثمان"ی ئالفاراچێ بوو. ساڵی ١٦٠٤ بـەرگی دووەمی دەرچـوو : " Segunda Parte de la Vida de Guzman de Alfarache بـەرگی دووەمی ژیـانی گوثمان دێ ئالفاراچێ ". نووسـەرەکەی : Mateo Alemán (١٥٤٧-١٦١٥؟)، باسی ژیانی لەبابەتی ئەوەی لاثارییۆی منداڵێکە بە ناوی گوثمان، بەڵام لەوەدا لەوەی لاثارییۆ جیاوازە، کە ئەویان زۆرتر سـاتیرێکی پەتییە ( گەندەڵیی کەشە و پۆلیس و تێکڕای موحیتی ژیان ریسـوا دەکات)، ئەمە ئامۆژگارییمەسیحییانەی ئەخلاقیی تێدایە. ئەمەش ئێجگار زۆر باوی پـەیداکرد و وەرگێردرایە سەر زۆر زمانانی ئەوروپایی . ئەویـش ئێستا- وەکو کتێبەکەی "لاثارییۆ"- کراوە بە فیلم . شـاعیر و سیاسەتمەداری گەورەی ئیسپانی Francisco de Quevedo فرانثیسکۆ دێ کێڤێدۆ(١٥٨٠-١٦٤٥)، بەرهەمێکی لەسەر هەمان رێباز، ساڵی١٦٢٦ بە ناوی ژیننامەی" پاڤلۆ" ناوێکی" بوسکۆن Buscón"(بوسکۆن= پیکارۆ)ی بڵاوکردووەتەوە، کە تاقە چیرۆکی نووسینی بەرهەمییەتی .

دیێگۆ دێ سـاڤێدرا Diego de Saavedra ی دیپلۆمات و نووسـەری زۆر بە توانا، کە سـەرنجی بۆ ئەوە راکێشاوە لە جیاتی خوێندنەوەی زۆر با بیرکردنەوەی زۆر هـەبێت و، با هەستی مرۆڤ تـەوەری نووسین بێت . Luis de Góngora ی شاعیریش زۆر بەدەرکەوتووە، کە لەگەڵ کێڤێدۆدا زۆر دژی یەکتر بوون .

لەوبەینەدا، ئیسپانییەکانیئەمریکاش کەوتوونەتە سەر بەرهەمی ئەدەبیاتی ئیسـپانیی خۆیان :

یـەکەم بـەرهەم : شـیعری Bernardo de Balbuena (١٥٦١ ؟ ئیسـپانیا - ١٦٢٧ پۆرتۆریکۆ)؛ یـەکەم

شاعیر لە چیلی : Pedro de Õna (١٥٧٠-١٦٤٣)؛ Silvesrte de Balboa لە کوبا (١٥٦٣-١٦٤٧) کە دژی دزی دەریایی فەرەنسیی نووسیوە . گرنگترین بەرهەمی ئەدەبی لەو سەردەمەدا لە ئەمریکا رەنگە کتێبی مێژووی " ئینکا Inca " بێت کە کوڕی کەشتیوانێکی ئیسپانی نووسیویە، ناوی خۆیشی کردووە بە " ئینکا"، دایکی شازادەیەکی ئیمپراتۆریی‌ئینکا بووە (لە پێرو،ئیمپراتۆریی"تاوانتین‌سویو"(چوارمەڵبەند)ی قەومی" کێچوا " کە ئیسپانی١٥٣٣ گرتیان و لەناویاندا ) : Inca Garcilaso de la Vega (١٥٣٩-١٦١٦) : Comentarios Reales de los Incas (١٦٠٩)؛ چوار ساڵ پێش ئەوەش کتێبێکی تری هەبووە، دەبێت شێوەی ئەدەبیی لە ژێر تەئسیری لیڤیوس(ی مێژوونووسی‌لاتین)دا بووبێت . ساڵی ١٦١٧ خانمێکی ئیسپانیی لەدایکبووی" لیما"ی پێرو بە یەکەم ئەولیای ئاینیی مەسیحیی وڵاتانی ئەمریکا دانرا : سانتا رۆزا .

## فیلیپ-ی چوارەم

لەکاتێکدا کە پاشای لێرما تەئسیری دەکردە سەر وەلیعەهدێک کە دەبووە پادشا، نەجیبزادەیەکی تر بە ناوی" گاسپار دێ گوزمام"ی پاشای ئۆلیڤارێس رەقابەتی‌دەکرد و پێی‌نەدەوێرا، بەڵام زۆری نەبرد کە گاسپار توانی بگاتە خزمەت وەلی عەهدی دوای ئەو، خزمەت بەو بکات و، هەمان تاس هەمان‌حەمام، ئەمیش ئەو بکات بە ئەنگوستیلەی دەستی‌خۆی و، ئەوسا تۆڵە لە پاشای لێرمای سەردەمی‌فیلیپ-ی سێیەمی باوکی و تاقمەکەی بکاتەوە . ئەم وەلی‌عەهدە، هەرچەندە شازادەخانمی بوربۆنیشی هێنابوو، بەڵام گاسپار وا دە ناو خانمانیدا دەخنکاند، وەک بڵێیت ئیتر مێشی پێ لەخۆی دەرنەدەکرا . ئیدی کە گوتیان پادشای پێشوو(سێیەم فیلیپ) مرد و، وەلی‌عەهد دەبێتە پادشای نوێ، گاسپار گوتی : ئیدی دەوڵەت بوو بە هی من . هەر واش بوو، دەسەڵات بوو بە هی ئەو .

پاشای لێرما، بەوە کە ببوو بە " کاردینال"، لە سزادران خەڵەست، بەڵام سەرەکوەزیرانەکەی (کە داردەستێکی ئەو بوو) گیرا و بە کەیف و شادیی جەماوەر لە مەیدانی‌گشتیی پایتەختدا سەریان

پەراند و، کەوتنە پاککردنەوەی دەستگاکانی دەوڵەت لە هەرکێ دەنکە جۆیەکی پاشای لێرمای خواردبوو . گاسپار کەوتە کار : ویستی دەوڵەت پتر بکاتە مەرکەزی (بە دەوری" کاستیلیا"دا)، هەیئەتەکانیدەوڵەتی دەستکاری کردن، دەبوو راپۆرتی نووسراوی کاریان پێشکەشبکەن، خەڵک هان بدرێن پتر کاربکەن . کۆچ کردنی بۆ دەرەوەی ئیسپانیا قەدەغەکرد ( تا هێزی کار لە وڵات بمێنێتەوە)، هەناردەکردنی زێر و زیوی بۆ دەرەوەی وڵات قەدەغەکرد، پسپۆرە جووەکانی پۆرتوگالی خستە کارەوە و بۆ ئەوە چاوی لە چەوساندنەوەی ئاینی وەرگێرا، پادشا دەیتوانی ناو و نیشانان ببەشێتەوە بەڵام بە بێ ئەوە کە ئیمتیازی ماددییان وێرا بێت . هێندێک رووی زاهیدانەی بە دەوروبەری پادشا و میرانەوە داهێنا، بەڵام ئەوانە زۆر رووکەشانە بوون، ئاهەنگی راو و عەییاشی و ژیانی ئاسایی ئەو چینەی سەروو هەر وەکو خۆی بوو، ئەو هەمووە خانمانە بە راست و چەپ لە پادشا زگپڕ دەبوون و ... ئیدی .

بە کۆتایی ١٢ ساڵەی ئاگربەس لەگەڵ هۆڵەندادا (١٦٢١)، دەبوو گەل سەربازی پتر بدات و، هێزی دەریایی بەهێزتر بکرێت و، ئیسپانیا بە سەرکەوتوویی لە ئاڵۆزییەکانی سیاسەت و شەڕی ٣٠ ساڵەی ئەوروپا( ١٦١٨-١٦٤٨، کە پتر لە هەشت ملیۆن کەسی تێدا کوژرا ) و، لە بەرانبەر کاردینال"ریشلیۆ"ی سەرەکوەزیرانی زۆر بە برشتی فەرەنسای کە فەرەنسای هەڵدەسووڕاند ... دەرچێت، بەڵام ئایا دەیتوانی ؟ هۆڵەندا لەو بەینەدا زۆر چووبووە پێشەوە، ئینگلیس و فەرەنسا ئیعتیرافیان بە سەربەخۆیی کردبوو، ( لە رێگای یەکەم شیرکەتی سهامیی : هیندی رۆژهەڵات) لە ئیندۆنیسیا بوو و، لە پێرو خاکی لە ئیسپانییەکان داگیردەکرد .

گاسپار نەیتوانی ئیسپانیا بکاتەوە بە گەورەترین زلهێزی دنیا و، نەیتوانی پێش بە لێژبوونەوەی بگرێت، تەنانەت یەکێتیی ناو ئیسپانیای چیتر بۆ رانەدەگیرا ( کاتالونیا و پۆرتوگال لە دژی راپەڕین) . بە زۆر شێوەی پرۆپاگەندە هەوڵی راگرتنی هەیبەتی خۆی دا بەڵام بێ فایدە بوو و، پادشا، ناچار کرا لە یەکەم مانگی ١٦٤٣دا لە وەزیفەی دەربکات و، دوو ساڵێک دوای ئەوە گاسپار مرد .

له كۆنگرەی ئاشتیی" ڤێستفالن"١٦٤٨، ئیتر ئیسپانیا شتێکی ئەوەندە گرنگ نەبوو، فەرەنسا جێی-گرتبۆوە . ئیسپانیا ئیعتیرافی بە سەربەخۆیی هۆڵەندا کرد ( ئاشتیی مونستەر، کە بە بەشیک لە ڤێستفالن دانرا)، بەلام هۆڵەندا لە ئەمریکا هەر وازی لە ئیسپانیا نەدەهێنا و قەڵەمڕەویی لێدەگرت و، لە سەر شانۆی سیاسەت بەجیددیتر وەردەگیرا .

بۆچی ئیسپانیا وای لێ بە سەر هات ؟ چونکە لەجیاتی کشتوکاڵ و کاری سەختی بەرهەمهێنان، زێر و زیوی لە ئەمریکا دیتەوە و، ئیتر پاڵی لێدایەوە و رەوشتی خراپ بوو ؟ لەجیاتی بیناکردنی وڵاتەکەی خۆیان، بە ملیۆنان ئیسپانی رۆیشتن و چوون وڵاتانێکی تری دووریان ئاوەدان کردنەوە کە نەدەکرا لەو دوورییەوە بەشیک بن لە ئیسپانیا ؟ لە دوای فیلیپی دووەم، دوو پادشای بێهێزیان هەبوون کە سیاسەتیان دابووە دەست سیاسەتچییان ؟ حوکمی ئیستیبدادی پادشایی بوو ؟ بەڵام خۆ فەرەنساش پادشایی ئیستیبدادی بوو بەلام لەبەرانبەردا هەر بەهێز دەبوو چونکە پادشای بەهێز و سەرەکوەزیرانی وەکو " کاردینال ریشیلیۆ"ی هەبوو ؟ زێر و زیو رووحی سەربازیی کۆنی نەهێشت ؟ خورافات جێگەی ئاینی گرتەوە و نیفاق جێگەی پیرۆزییەکان و خۆهەڵکێشان جێگەی ئازایەتی و، زرق و برقی خۆ رازاندنەوە و فشەکردن جێگەی عەقڵانیەت و هۆشیاری ؟

ئەدەبیاتی ئیسپانی لە ناوە گەورەکانی کە لە سەدەکەدا هەیبوون، تەنیا دووی لێ مابوونەوە ( " گراثیان" کە کەمێک پێش مردنی لە ١٦٥٨ " کریتیکۆن"ـەکەی بڵاوبۆوە و خۆشەویستی فەیلەسووفانێکی کرد ( نیتچە، شۆپێنهاوەر)؛ " کالدێرۆن "ی شاعیر و نووسەر و شانۆنووس ١٦٠٠-١٦٨١) . ئیسپانیا لە هەموو روویەکەوە زۆر داکشا ... جگە لە هونەری تابلۆکێشان :

Valázqez, Zurbarán, Alonso Cano, Sánchez Coello, Carreño de Miranda, Murillo, Valdés leal

دوای ١٦٤٨فەرەنسی چوونە فلاندەر(ئێستا لە بەلجیکا) و ئیتالیاوە، لەکاتێکدا کە ئیسپانیا سەرقاڵی

دامرکاندنی شۆڕشی ئاراگۆن و کاتالۆنیا بوو . ئینگلیس ساڵی١٦٥٣، لە چەندەمینجاری نابووتیی ماڵیی ئیسپانیادا، "جامایکا"یان لە ئیسپانیا سەند . ئیتر ئیسپانیا دەبوو لەگەڵ فەرەنسادا بگونجێت و بە پەیمانێکی ئاشتی کچێکی "فیلیپ-ی چوارەم"ی ئیسپانیا درا بە " لویی چاردە"ی فەرەنسا . بـەڵام مەرکەز و هەیبەتی پادشای ئیسپانیا ئیتر زۆر شکابوو، لەکاتێکدا کە پادشای فەرەنسا ساڵی ١٦٥٥ لە پەرلەمان لە پاریس دەیگوت : L'État, cést moi (لێتا، سێ موا - دەوڵەت، منە = من دەوڵەتم )، خەڵک لە ئیسپانیا دەیانگوت : " ئـەگەر پادشا نـەمرێت، دەوڵەت دەمرێت"! ، لە ١٦٦٣ تـەنانەت ئیسپانی هەوڵی کوشتنی پادشاکەشیان دا، بەڵام نەکوژرا و، دوو ساڵیکی تری دوای ئەوە خۆی مرد .

## کارلۆس-ی دووەم

کوڕی فیلیپ-ی چوارەم، بە ناوی کارلۆس-ی دووەم چووە سەر تـەختی پادشایی، تـەمەنی چـوار ساڵ بوو و، بە لەش و عەقڵ و هەموو شتێک شێواو بوو، خۆی و خەڵکیش پێیان وابوو جادووی لێکرابوو( پێیدەگوترا El Hechizado ئێلێچیزادۆ = سیحرلێکراو) . دایکی بوو بە کارگێڕی دەوڵەت تا ئەو گەورە دەبێت . کوڕێکی باوکی لە یـەکێک لەو هەمووە خانمانەی کە باوکی پێیان-گەیشـتبوو( خوان خۆسێ، ئینگلیس پێیدەڵێن : دۆن جۆن)، بە ناوی ئەوە کە لە سەر نیوە بـراکەی خۆی دەکاتەوە، گوایا ڕێزی لێ نـاگرن و لە کۆشکدا جۆرێک زیندانییە، لە ئوتریش (نەمسا) هات و دایکی پادشای ڕاو نا (١٦٧٧) و کاروباری گرتە دەست، بەڵام زۆری پێنـەچوو مرد (١٦٧٩) و دایک گەڕایەوە . جادوولێکـراو منداڵیشی نـەدەبوون، گـۆڕی باوکیشی هـەڵدایەوە تا بە بـاوکی بڵێت : بابە گیان خواحافیز ( نەوەکا منداڵ نەبوونەکەی خەتای ئەوە بێت کە خواحافیزیی لە باوکی نەکردبوو) بەڵام بێ فایدە بوو، ژنەکەی دەیگوت : پێشئەوە تێبکەوێت زوو تەواودەبێت،خەڵکێک پێیانوابوو هەر بۆی نەدەبزوا...ئیدی دەوڵەت کێشەی گەلی پادشای هەر بۆ چارنەکرا و بەوجۆرە

ڕۆیشت تا ساڵی ١٧٠٠ مرد .

سەردەمی ئەو پادشایە هەر لێژبوونەوە بوو و، لەوبەینەدا وڵاتانی قەڵەمڕەویی ئیسپانیا لە ئەمریکا هەویەتی تایبەتی نەتەوایەتیی خۆیان پەرە پێدەدا : مەکسیکۆ سیتی، هاڤانا، لیما ... بیست لە سەد ئیسپانی بوون و هەشتا لە سەد خەڵکی ئەسڵیی وڵات و ڕەشی ئافریقا و خەڵکی دووڕەگ بوون ( دایک و باوک لە نەژادی جیاواز ) . لە ئەدەبیاتدا : Núñez de Pineda کە بیرەوەریی حەوت مانگی دیلیی خۆی لە زیندانیعەشیرەتانێکی وڵاتی چیلی باسکردووە و گوتوویە ئەوانە کافر نین؛ Juan de Espinosa ی نووسەر (دووڕەگ، پێرو)؛ Juan de Valley ی شاعیر ( پێرو)؛ Carlos Sigüenza y Góngora ی ڕۆشنبیر و نووسەر(مەکسیکی، لە ئەسڵی ئیسپانی بەڵام لە مەکسیک لەدایکببوو) کە گوتی : ئەمریکایئیسپانی لە ڕوانگەی ڕۆشنبیرانەوە بەشێکی ئەورووپا نیە؛ Sor Juana ی ڕاهیبەی فەیلەسووف و مووسیقار و شاعیر و شانۆنووس و خەباتکار بۆ مافی ژنان ( پێویستیی یەکسانیی خوێندنی کوڕان و کچان و...) کە ئەوە کێشەی زۆری لەگەڵ کلیسادا بۆ پەیدا کرد و لە قۆناغیکدا هەر پێشیان بە کاری ئەدەبیی گرت .

فیلیپ- ی پێنجەم

پادشای جادوولێکراو، کە ئەولادی نەدەبوون، وەسیەتی کردبوو نەوەیەکی خوشکێکی خۆی ( دوک لوی-ی ئانژوو، کوڕی گراندۆفین-ی کوڕی خوشکی و لویی چاردە پادشای فەرەنسا لە ماڵی بوربۆن) لەدووخۆی ببێت بە پادشای ئیسپانیا . بەوە پادشایی ئیسپانیا لە "هابسبورگ"ـەوە دەبوو بە " بوربۆن ". لوی-ی چاردە بە نەوەکەی گوتبوو : ببە بە پادشایەکی باشی ئیسپانیا بەڵام قەت لە بیرت نەچێت کە تۆ لە فەرەنسا لەدایکبوویت . لەلایەکی ترەوە کەسێک لە ڤیەنناوە لە ماڵی هابسبورگ، بە هەمان بەڵگەی پێوەندیی خزمایەتی، ئەو پادشاییەی بە خۆی ڕەوا دەدیت . لایەنی تریش برای بچووکی ئەو" دوک"ـەیان پێ باش بوو . بەڵام کێ بە گوێرەی فەرهەنگی سیاسیی بنەماڵان چیی دەدیت یان نا، بوونی ئیسپانیا بە بوربۆن مانای ئەوە بوو فەرەنسای زلهێز بەوە زلتر دەبوو . هەر وەک سەفیری ئیسپانیا لە پاریس گوتی ئەوە واتە : "پیرانێ" (زنجیرەچیای سنووری نێوان ئیسپانیا و فەرەنسا) ئیتر نەما! ئەوەش تەرازووی هێزە ئەوروپاییەکانی زۆر دادەلەنگاند و، نەدەکرا مەگەر هەر شەڕی لێ بقەومایە : شەڕی چوونە سەر تەختی پادشایی ئیسپانیا ١٧٠١-١٧١٤ .

ساڵی ١٧٠١ مەراسیمی چوونە سەر تەختی پادشای نوێ لە مەدرید بە ناوی " فیلیپ-ی پێنجەم " بەجێهات . هەرچەندە پادشا مافی ئەوەشی هەبوو ڕۆژێک ببوایە بە پادشای فەرەنسا، لە مەدرید گوتی کە من ئیتر واز لەو مافە دەهێنم، بەڵام لوی-ی چاردە دەرگای ئەوەی دانەخست کە ڕۆژێک ئەو مافەی بەجێبهێنێت. فیلیپ بۆ ئارامکردنەوەی هەموولایەک، کاتالۆنیا وئاراگۆنی دڵنیاکردنەوە کە ڕێز لە قانوونە تایبەتییەکانیان دەگرێت و کە، مافی بازرگانی لەگەڵ ئەمریکادا دەدات بە کاتالۆنیاش (شتێکی کە هەمیشە تەنیا هەر هی کاستیلیا ببوو) .

بەرەی ناڕازی لە پادشایی فیلیپ-ی پێنجەم، بەرەی گراند بە هێزی سەرەکی: ئینگلیس و کۆماری هۆڵەندا و ئوتریش، بە فەرماندەیی ڤیلم(ویلیام) فان ئۆرانیەی سەرۆکی هۆڵەندا کە لە هەمان کاتدا هاوپادشای ئینگلیسیش بوو چونکە مەلیکەی ئینگلیس ژنی بوو و، پادشای ئیرلەندا و سکۆتلەنداش

بوو- هەرچەندە لە زێدی خۆی " ڤیلم-ی سێیەم" بوو بەڵام لە سکۆتلەندا " ڤیلم-ی دووەم"! بوو و بە نیشانەی خۆشەویستی پێشیان‌دەگوت : King Billy کینگ بیلی! لەبەرانبەر بەرەی بوربۆن، بە هێزی سەرەکی : فەرەنسا و ئیسپانیای بوربۆن . مەیدانی شەڕ : زۆر شوێنی ئەوروپا و رۆژ-ئاوای ئافریقا و ئاسیای دوور و ئەمریکا . یەکەم شەش ساڵی شەڕ ئیسپانیایان زۆر پەرێشان کرد ( تەنانەت جارێک ئینگلیس گەیشتنە ناو پایتەختی ئیسپانیا) . بەڵام لە ١٧٠٧ـەوە هەلومەرج، هەم بەهۆی گۆڕان لە ئوتریش و هەم سەرکەوتنێکی گرنگی سەربازیی فیلیپ، هەڵگەڕایەوە و فیلیپ ئەوەندە بڕوای بە خۆی پەیداکرد کە تەنانەت ئەو ئیمتیازانەی کە دابوونی بە ئاراگۆن و کاتالۆنییەکان بستێنێتەوە، لێی‌سەندنەوە! کە ئەوەش بەشێک بوو لە لاساکردنەوەی رژیمی مەرکەزی و ئیستیبدادیی پادشای فەرەنسا(قانوونی"لاسی"یشی وەکارخستەوە - کە بەگوێرەی ئەوە ژن مافی بوونە پادشای نیە) .

فەرەنسای بوربۆن توانی ئیسپانیا لە هەڵوەشانی تەواو بپارێزێت، بەڵام دەبوو ئیسپانیا بۆ ئەوە بچووک ببێتەوە : بە گوێرەی پەیمانی ئاشتیی١٧١٣ی ئوترێخت (هۆڵەندا)، ئیسپانیا مینۆرکا و گیبرالتار (جبل طارق) ی دان بە ئینگلیس ( دووەمەکەیان ئێستاش هەر هی ئینگلیسە)، ناپۆلی و سیسیلی و ساردینیا و ساڤۆی لە ئیتالیا دان بە ئوتریش(نەمسا)، بازرگانیی کۆیلەی‌ئافریقایی لەگەڵ ئەمریکای ئیسپانی‌دا هەر بۆ ئینگلیس دابڕا و، ئیسپانیا هێندێک قەڵەمڕەویی لە" برازیل"یش دا بە پۆرتوگال ( کە لە ١٦٤٠ـەوە مەیدانێکی ئابووریی ئینگلیس بوو) . لە هەموو لایەکەوە پەڕ و باڵی ئیسپانیایان هەڵپاچی . فیلیپ ساڵی ١٧٢٤ تەختی پادشایی دا بە کوڕەکەی ( لویس-ی یەکەم) بەڵام کوڕ دوای چەند مانگێک مرد، ئیتر فیلیپ گەڕایەوە سەر تەختەکەی .

ژنی یەکەمی فیلیپ (دایکی" لویس-ی یەکەم) لە" ساڤۆی"ـەوە هاتبوو( ئەوسا سەربەخۆ، ئێستا لە لە فەرەنسا)، دووەمیان کە دەسەڵاتی زۆری بە سەر پادشاوە هەبوو و ئەوە کەسانی سەر بە فەڕەنسای تووڕە دەکرد کچی فەرمانڕەوای پارما ( ئیتالیا ) بوو .

فیلیپ ساڵی ١٧٤٦ مرد و، " فێردیناندی شەشەم"ی کوڕی بوو بە پادشا .

ئەدەبیات

ژیانی رۆشنبیری لە سەردەمی ئەم یەکەم پادشا بوربۆنەدا، حەتمەن زۆر محافەزەکارانە بوو . نووسینی رەخنەیی وەک ئەوەی سویفت Swift و هیوم Hume و بارکلی Barkeley ی فەیلەسووف کە لە ئینگلستان هەبوون، یا مۆنتێسکیو Montesquieu و ڤۆلتێر Voltaire و دیدیرۆ Diderot لە فەرەنسا، لێرە لە ئیسپانیا نەبوون . رەنگە هەر یەک کەس لێرەدا شایانی باس بێت : پرۆفیسۆر دییێگۆ تۆرریس ڤیارڕۆێل Diego Torres Villarroel کە بژیشک و نووسەریش بووە و، کێشەی زۆری لەگەڵ رژیمدا هەبووە، لە کارەکانی : نووسینێکی بە ناوی ئەوە کە ژینامەی خۆی بێت (١٧٤٣)، بە شێوەی پیکاریسک، زۆر بەناوبانگی کردووە .

لە سەدەیەکدا کە ئەوروپا پڕ بوو لە بەرهەمی رۆشنبیران و ئەوانە ئیسپانیایان بە توندی مەحکووم دەکرد : لە هۆڵەنداوە : Pierre Bayle (ی هوگەنۆت = فەرەنسیی پرۆتیستانت) و فیلیپوس فان لیمبۆرخ(هۆڵەندیی واعزی کلیسا) بە توندی دادگاکانی مەحکوومکردنیئاینییئیسپانیایان مەحکووم دەکرد . سان سیمۆن ( فەرەنسیی سۆسیالیست) ئەو دادگایانەی بە " جینایەتکار" ناودەبرد .

نووسەری عیشقبازی بەناوبانگی سەدەیهەژدەی ڤینیسی(جاکۆمۆ جیرۆلامۆ) کاسانۆڤا بە توندی دژی ئەو دادگایانە بوو و لە سەر ئەوە خرایە زیندانەوە، توانی لە زیندان رابکات، وێنەی ئیسپا- نییەکان بە شێوەیەک دەکێشێت کە بریتین لە : " مێشک داخراو، دوژمن بە غەیرە، حەسوود، ناشیرین"! .

گەشتوەری ئینگلیس Smolte باسی رەبەنە دێرنشینەکانی ئیسپانیا دەکات کە ئەوانە : حەشەری (هەوەسباز) و مێشک پڕ لە خورافاتن! . مۆنتێسکیو ساڵی ١٧٢١ شتێکی بە ناوێکی نهێنی لە ئەمستەردام بڵاوکردەوە : " نامە فارسییەکان"، ئەو جۆرە نووسینانە : " نامە پۆرتوگالییەکان"ی سەدەی پێشتر بەنموونە، دواتریش : نامە پێروییەکان... هەبوون . "نامە فارسییەکان " رۆمانێکی خەیاڵیی ساتیرە، بە شێوەی زۆر نامەی کە دوو کەسی خەڵکی ئیسفەهان خاوەنی ئەوەندە ژن و

کۆیلەی خەساو، لە ماڵ دەڕۆن، سەفەر بۆ فەرەنسا دەکەن و لەوێوە نامە بۆ ئاشنا و مەلایانێک لە ئێران دەنووسن تێدا باسی ژیانی بەدئەخلاقیو دیکتاتۆری و بێقانوونی لە پاریس و لای مۆرەکان ( باکووری ئافریقا ) دەکەن . من کتێبەکەم نەدیتووە، دیارە لە کاتی خۆیدا لە ئیسپانیا زۆر دەنگی داوەتەوە و تەئسیری هەبووە ( ماڵی بوربۆنی لە فەرەنسا و ئیسپانیا ریسوا کردووە) . مۆنتێسکیو هۆڵەندا و ئینگلستان و سویسرای بە دنیای رۆشنبیری دیتووە و ئیسپانیای بە : رەمزیدواکەوتوو-یی سەدەکانی ناوەندی پیشانداوە .

## فێردیناند-ی شەشەم

فێردیناندی تەمەن ٣٣ ساڵ، تاقە کوڕی کە لە ژنی یەکەمی فیلیپ مابۆوە، کە هاتە سەر تەخت، یەکەم کاری کردی بریتی بوو لە دوورخستنەوەی باوەژنە ئیتالییەکەی و، بەوە دەستی سیاسەتی ئیتالیی نەهێشت . ویستی خۆی وا پیشان بدات کە دەیویست هاوسەنگییەک لە نێوان دۆستایەتیی فەرەنسا و ئینگلیسدا بکات و، بۆ ئەوە وەزیرێکی وەها دانا کە خۆی بە دۆستی ئینگلیس پیشان بدات و یەکیتر کە خۆی بە دۆستی فەرەنسا پیشان بدات، بەڵام بێ فایدە بوو و، هیچیلێ وەدەست نەهات و لەدواییدا هەرتک وەزیری لادان . زۆر نەخشەی بۆ بەهێزکردنی وڵات و باش کردنی کشتوکاڵ هەبوون، بەڵام ئەوانە زۆرتر هەر لەسەر کاغەز مانەوە و بۆی جێبەجێ نەکران .

## ئەدەبیات

ئەدەبیات، بە شکڵ هەر دەکەوتە ژێر تەئسیری زمانی فەرەنسی . کتێبی " پۆێتیکا" ( شیعر، کە ناوی نووسینێکی " ئاریستۆ"شە)ی Ignacio Luzán کە لە سەر ریبازی بوالۆ Boileau ( شاعیر و نووسەر و رەخنەگری فەرەنسی) بوو، بە نموونە دەڵێت : شیعر دەبێت بۆ فێربوون و

پەروەردە بێت و، شانۆ ئاگای لە" ئیحتیمال و عەقڵگرتن(عەقڵ بیگرێت)"ی قسەی ئاریستۆ بێت، ئەدەبیاتی " بارۆک"ی سەدەی حەڤدە( ونبوون لە وردەکاریی زۆر خشڵ و پلپلەدا) واز لێبێنن .
خۆسێ فرانثیسکۆ ذی ئیسلا Jusé Francisco de Isla رۆمانێکی " پیکاریسک"ی نووسی، بە ناوی ئەوە کە چیرۆکی کەشەیەکە ( Gerundio)، رەوشتی کاهینانێک تێدا ریسوا دەکات .
گرنگترین نووسەری ئەم قۆناغە : بێنیتۆ فێیخۆو Benito Feijóo، پتر لە سەد کتێبی داناوە : باسی بیروڕای گشتیی هەڵە و بێسەروبەر، خورافات، تەعەسوب و نەزانی دەکات .
ئەو رۆشنبیرییەی کە لە ئینگلستان و فەرەنسا بەلای گومان و بێبڕوایی بە خودادا دەچوو، لە ئیسپانیا نەبوو، قسە هەر لە چوارچێوەی ئیماندا بوو، بەڵام ئەو خەستییەی سەدەکانی پێشتری نەمابوو. فێیخۆو، بەوە کە لە ناوەندا بوو، لەهەرتکلاوە هێرشی زۆر توندی کرایە سەر،ئاینییە-کان بە لادەر لە مەسیحییەت و، ئەوانی تریش کە هاوبیرانی رۆشنبیرییئینگلیس و فەرەنسییەکان بوون، تا بەوە گەیشت کە پادشا خۆی بۆ پاراستنیژیانی هەنگاوی نا. پادشا خۆی ئەو هەڵوێستەی ناوەندەی بۆخۆی بە باشترین رێگا دەدیت .
ئەو دوو کامپەی بیروباوەڕ بەوجۆرە، تا چەند سەدەی دوای ئەوەش هەر بەڵا بوو بۆ ئیسپانیا : ئەوانەی هەر بە لاساکردنەوە دەیانویست لاسای رۆشنبیرانی فەرەنسا و ئینگلیس بکەنەوە لە بەرانبەر ئەوانەدا کە چنگیان لە ریشەی فەرهەنگی لەمێژینەیان گیرکردبوو و هێزی نەتەوەیان لەوەدا دەدیت .

## کارلۆس-ی سێیەم

فێردیناندی شەشەم ساڵی١٧٥٩ مرد، کارلۆس-ی سێیەم بوو بە پادشا. خۆی بە لاساکەرەوەیەکی فریدریکی دووەمی پروسیا و جۆزێفی دووەمی ئوتریش پیشاندەدا : پادشایەکی زۆر بەهێزی رووناکبیری دەوڵەتێکی مەرکەزی . شاری سەرەکیی زۆر جوانکردن، پشتگیرییهونەری کرد،

زۆر خۆشەویستی خەڵک بوو . گومرکی لە نێوان شوێنەکانی ئیسپانیا نەهێشت، مافی بازرگانیی لەگەڵ ئەمریکادا دا بە هەموو ئیسپانیا ( پاوانکردنی بۆ کاستیلیا و ئاندەلوسیا نەهێشت) . لۆتۆ ( یانصیب، بختآزمایی) ی داهێنا (کە لە پێش دوو سەدەوە لە فەرەنسا هەبوو) . بەڵام لە رووی جیاوازیی چینایەتییەوە گۆڕانێکی ئەوتۆ رووی نەدا . دادگا ئاینییەکان کەمتر وەدووی جوو و پرۆتیستانتان دەکەوتن، بەڵام زۆرتر بە خەڵکی ترەوە خەریک بوون : هاوجنسگەرا، جادووگەر و ... ئیدی . یەسووعییەکانی قەدەغە کردن . دوو ساڵ دوای چوونە سەر تەخت، سێیەم پەیمانی بوربۆنی لەگەڵ فەرەنسا گرێدا، کە ئەوە لە ئەمریکا شەڕوشۆڕی لەگەڵ ئینگلیسدا بۆ سازکرد .

ساڵی ١٧٧٥، لە وەڵامی هەڕەشەکانی عوسمانیدا بۆ سەر ناپۆلی(ی ئیتالیا، کە کارلۆس-ی سێیەم پێش ئیسپانیا پادشای ئەوێ ببوو، ئێستا سەربەخۆ بوو)، هێرشێکی بۆ باکووری ئەفریقا کرد، هەرچەندە هێزی دەریایی باش بوو بەڵام ئاستی سەربازیی شەڕکەرەکانی خراپ بوو، لە نەتیجەدا شکستێکی پیسی بەسەرهات .

ساڵی١٧٧٦، کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەربەخۆییان راگەیاند و لەگەڵ فەرەنسا رێککەوتن کە لە دژی ئەمریکا یارمەتییان بدات، ئیسپانیاش لەوەدا زوو بۆ یارمەتیدانی جۆرج واشنتۆن رەگەڵ فەرەنسا کەوت. ئیسپانیا بەوە، لە ئەمریکا رووبەڕووی کێشەی زۆر بۆوە لەگەڵئینگلیسدا، لەوەدا دوو قەڵەمڕەوییەکەی نوێنەرانی پادشای لەوێ کردن بە چوار و، ئەو دابەشکردنە بناغەی سنووری دەوڵەتەکانی دواتری ئەمریکای دانا .

کارلۆس-ی سێیەم، دیسامبری ١٧٨٨ مرد و، چونکە کوڕە گەورەکەی"عەقڵشێواو" بوو، کوڕی دووەمی بە ناوی کارلۆس-ی چوارەم بوو بە پادشا .

## کارلۆس-ی چوارەم

کارلۆس-ی چوارەم، تەمەن ٤٠ساڵ، زۆر حەزی لە راو بوو و، سەرێشەی حوکمی خستبووە

دەستی ژنە٣٧ ساڵییەکەیەوە، ماریا لویس . ماریا خانم زۆر گەرم بوو و بە راست و چەپدا حەزی لە پیاوانیدەوروبەر دەکرد و دڵیخۆی نەدەشکاند، تا لەو پیاوانە چاوی بە چاوە رەشەکانی یەکێک لە پیاوانی گاردی پادشایی کەوت، کە لە پێش چوار ساڵەوە هاتبووە ئەوێ، ناوی"مانوێل گۆدۆی" و ئێستا تەمەنی ٢١ ساڵ بوو، چاوی" گۆدۆی" دڵی خانمی بە تاڵان برد، ئیتر گۆدۆی تاسەر نانی کەوتە رۆنەوە : نازناوی " پرنس"( شازادە) ی درایێ، ماوەیەک بە رەسمی کرا بە سەرەک وەزیران ( ١٧٩٢-١٧٩٨) . شاژن هەر بەخۆیەوە نەوەستا، مێردەکەشی وا لێکرد کە ئەویش "گۆدۆی"ی زۆر خۆش بوێت . خەڵکێکی زۆر هەبوون کە ئەو ئەڤینە سێقۆڵییەیان پێ فەزیحەت بوو، بەڵام ئیدی ... من رازی و تۆ رازی ئەو خەڵکە چین ببنە قازی ؟

"وەلیعەهد"ێکی تەرەماشیش هەبوو، بەڵام وەک بڵێیت کەس چڵمی خۆیشی پێ نەدەسڕی .

## رەشەبای شۆڕشی فەرەنسا

١٤ی تەمووز/ ژووئیەی ١٧٨٩، شۆڕشگێرانی فەرەنسا چوونە سەر زیندانی" باستیل" و بەوە ئارامیی هەموو پادشایانی ئەوروپایان شێواند . خوێندەوارە چەپە ئیسپانییەکان، لە ئیسپانیا و لە فەرەنساش(بەنموونە :"خۆسێ مارچێنا"ی ئیسپانی لە پاریس هەڤاڵی" مارا " یەکێک لە رابەرانی شۆڕشیفەرەنسا بوو)، دەنگیان بۆ هەمانگۆڕینی وەک ئەوەیفەرەنسا لە ئیسپانیاش بەرزکردەوە . لەلایەکەوە، سەرەک وەزیرانی ئیسپانیای زۆر دژی شۆڕشی فەرەنسا، بۆ ئارامیی کۆمەڵایەتی، لادرا و، جێگەکەی درا بە کەسێکی بەتەمەنی ئارام وەمەیل بە فەلسەفە؛ لە لایەکی ترەوە پادشای ئیسپانیا زۆر هەوڵی دا پادشای فەرەنسا لە مەرگ رزگار بکات و، بۆ ئەوە بەرتیلێکی ئێجگار زۆری خستە پێش دادوەرانێکی دادگای شۆڕشی فەرەنسا، بەڵام هەمووی بێ فایدە بوو. ئیسپانیا دەبوو هەڵبژێرێت و، پادشا بۆ مانەوەی خۆی هەر یەک رێگای لە پێش بوو : رەگەڵ پادشایانی تری ئەوروپا بکەوێت و بچێتە بەرەی دژی فەرەنساوە .

ناپلیۆن

ناپلیۆن کۆتایی به " ئیمپراتوریی رۆمانیی پیرۆز "ی تەمەن هەزاروشەش ساڵ هێنا، کیانی نوێی لە ئیتالیا داتاشین و، دەستی بەسەر هۆڵەندادا گرت : " کۆماری حەوت هۆلەندا یەکگرتووەکان" بوو بە " کۆماری باتاڤیا "ی سەر بە ناپلیۆن ( بە هێزی ناپلیۆن بەڵام بە پشتگیریی خەڵکێکی زۆری چەپ لە هۆڵەندا)، ناپلیۆن بە رێککەوتن و بەڵێنی درۆ بە " گۆذۆی"،" پۆرتوگال"ی گرت (پادشا خانمی پۆرتوگال و حکومەتەکەی رایانکرد بۆ برازیل، کە بەشیک بوو لە قەڵەمڕەوییان، خەڵکی برازیل ناویان نابوو پادشا شێتە! ... وادیارە عەقڵی تەواو نەبووە، ئیتر نەهاتەوە و ١٨١٦ لە ریۆ دی جانێرۆ مرد) .

ناپلیۆن هێندێک لەسەر ئیسپانیا وەستا تاکو بە کێشەکانیناوخۆیەوە چاک برزێت: پادشا، گۆذۆی دەردەکرد و ژنەکەی ناوێکیگرنگتری بۆ دەدۆزیەوە و دەیهێنایەوە، وەلیعەهد کۆدێتایەکی کرد و گوتی من پادشام، بەڵام هەر مانگێک و هەژدە رۆژ بۆی چووە سەر، تا ناپلیۆن لەو سەرێشەیەی رزگار کردن، هەمووی دەعوەتی شوێنێک کردن بۆ قسەکردن، چوون و لەوێ هەمووی گرتن، پادشا و شاژن و وەلی عەهد و گۆذۆی و... هەموو . پادشا و شاژن قەت وڵاتیان نەدیتەوە (١٨١٩ لە رۆما مردن)،( لە دوای ناپلیۆن هەر وەلیعەهد، کە لە قەڵایەکدا زیندانی بوو، چۆوە ئیسپانیا و بوو بە پادشا و لە دایک و باوک و گۆذۆیی قەدەغە کرد بچنەوە وڵاتیان . گۆذۆی زۆر دواتر لە پاریس مرد و لە پێر لا شێز نێژرا) . بە گرتنی ئەوانە، ئیتر لەشکری ناپلیۆن چووە ئیسپانیاوە و زۆری گرت، بەڵام هەمووی بۆ نەگیرا، بە حەفتاهەزار سەرباز ئابڵۆقەی " کادیث Cádiz"ی دا ( لە ئاندەلوسیا لە باشوور) و بۆی نەگیرا و،" کادیث" بوو بە پایتەختی ئیسپانیای کە قەت ملی بۆ ناپلیۆن نەدا .

ئیسپانی هەبوون، وەکو هێندێک- بە ناو- خوێندەواری لایخۆمان بە بەڵگەی"رۆشنبیری "هاوکاریی لەشکری داگیرکەر و حەشدی وەحشیی ناپلیۆنیان دەکرد (هۆڵەندی و ئیتالی و ... ئیدی) .

بـەڵام زۆربەی ئیسپانییەکان زۆر قارەمانانە رووبەڕووی بوونەوە، کە تابلۆکانی" گۆیا Goya " پیشـانیداون : دووی مایۆ ( می/ ئایار) کە تێدا هێزی مەملووکەکانی گاردی ئیمپراتوریی نـاپلیۆن پەلاماری ئیسپانییەکان دەدەن؛ سـێی مایۆ ( ئیعدام کردنی گەریلایان) و ... ئیدی . ئەو هێرشـەی نـاپلیۆن بۆ سەر ئیسپانیا (و پۆرتوگال) هـەڵەیەکی لەوەی چوونە سـەر رووسیاشی گەورەتر بوو، چارەگە ملیۆنێک سـەربازی خـۆی بە شـەڕی ئێرەوە سـەرقاڵ کرد، بـەڵام چ سـەرباز ؟ خەڵکی بەکرێگیراوی بێ دیسپلین و بەڕەڵڵا، کە زیانیان لە قازانجیان بۆ ناپلیۆن پتر بوو .

ناپلیۆن، بە دانانی سیستمێکی دوو مەجلیسی پەرلەمان، ویستی شتێک لە وێنەیەکی رژیمیفەرەنسا لە ئیسپانیا پیشان بدات، بەڵام یەکەم دەستووری ئیسپانییەکان لە مێژوویاندا ئەوەی ١٨١٢ی کادیث بـوو، کە تێدا مەرکەزی پـادشایان زۆر بێ قیمەت کرد : دەسـتووری " لا پێپا "( بە ناوی رۆژی جێژنێکی ئاینی، جێژنی" خۆسێ"، ناوی مێردی مەریەمی عەزرا لای ئیسپانییەکان( یوسف)، کە دەستوورەکەی تێدا دەرچوو، ئیسپانی بە "خۆسێ " دەڵێن : پێپا! هەر وەک کە کورد بە مەحموود دەڵێن خولە!) .

فێردیناند-ی حەوتەم

ناپلیۆن، بە یەکجاری شکا، کۆنگرەی سەرکەوتووەکان لە ڤیەننا گیرا(١٨١٥) و، تەبیعی پادشایا- نی لەسەر تەخت لادراو ئێستا دەیانویست دنیا بگەڕێتەوە سەر شۆپی پێش بەڵای ناپلیۆن . لویی ١٦ سەریان پەڕاندبوو و نەمابوو، ١٧ش لە تەمەنی دوو ساڵ و چەند مانگێکیدا مردبوو، ئیتر تەختی پادشایی فەرەنسای بوربۆن ئێستا درا بە کەسێک بە ناوی لویی ١٨. سەردەمێکی ئیرهابی بەدوودا هات کە لایەنگرانی رژیمی بوربۆن لە فەرەنسا کەوتنە گیانی کۆمارییەکان ولایەنگرانی ناپلیۆنیش . وەلیعەهدەکەی ئیسپانیاش گەڕایەوە ئیسپانیا و بوو بە پادشا " فێردیناند-ی حەوتەم ". پادشایان مەستی سەرکەوتن بوون، وایان دەدیت کە ئیتر شۆڕشی فەرەنسا و ئیدیالەکانی شکستیان هێناوە و، ئێستا پادشا دیسان و لە جارانیش باشتر دێنەوە سەر کار . فێردیناند-ی حەوتەم، دەست- بەجێ دەستووری پێپای تووڕ دا و، ئیستیبدادی تەنانەت لە سەردەمی باوکیشی خەستتر کردەوە . خەڵکێکی زۆریش پشتگیرییان کرد . پێشکەوتنخوازەکان بە ئاگری فەرەنساوە سووتابوون، کە هێندیکیشیان- لە روانگەی شۆڕشگێریی خۆیانەوە - بەراستی هاوکاریی داگیرکەریان کردبوو، ئێستا قەناعەتیان بە خەڵکی زۆر پێنەدەکرا کە بە دڵسۆزانی وڵاتیان ببینن و، تووڕەییان لە داگیرکاریی ناپلیۆنی داگیرکەر بە رێگای هەڵەی کۆنەپەرستییاندا نەبات . نوێخوازان داوای نەهێشتنیکۆیلەیی، دەستگرتن بەسەر زەوی و زاری کلیسا و نەجیبزاداندا، ئازادیی بازرگانی و چوونە پێشەوەیان دەکرد . بەڵام کەشە و نەجیبزادە رووبەڕووی داگیرکەر ببوونەوە( وشەی گریلیا ئەوسا لەوانەوە پەیدا بوو، بەوانە دەگوترا کە " گێررا guerra"( شەڕ)یان لە دژی ناپلیۆن دەکرد، گێرییا guerrilla = شەڕیلە، شەڕی (دەستەی) بچووک(نەک لەشکری گەرە)، شەڕڤانی کە ئەو جۆرە شەڕەی دەکرد : گەرییێرۆ guerrillero) . ئیتر بەوجۆرە کارتەکان تێکەڵوپێکەڵ ببوون،دروشمی پێشکەوتنخوازی بە داگیرکەرەوە دەبەسترایەوە و کەشە ونەجیبزادەی کە شەڕی گێرییایان کردبوو بە دڵسۆزانێکی نیشتمان دەدیتران، کە دەبوو رێزیان لێ بگیرێت و رژیم بە مەیلی ئەوان بێت .

پادشا لەشکری نارده"ئەمریکای ئیسپانی"یش، کە رۆشنبیرانیان لە ژێر تەئسیری بیریبیرکارانی فەرەنسادا بوون و، لە رۆژی چوونی ناپلیۆن بۆ سەر ئیسپانیاوە داوای مافی سەربەخۆیی خۆیان لە ئیسپانیای ئەوروپا دەکرد و ساڵی١٨١٧ لە"چیلی" سەربەخۆ بوون . پیاوێکی بە ئەسڵ ئیسپانی کە لە کاراکاس(ڤێنزوێلا) لەدایکببوو گوتی : ئێمەش وەکو وڵاتە یەکگرتووەکانیئەمریکا،هەموو خەڵکی ئەمریکای ئیسپانی وێکرا یەک دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمان دابمەزرێنین، ئەو پیاوە "سیمۆن بۆلیڤار" بوو، کە هەمیشە بە قارەمانێکیئەمریکایباشوور دەمێنێتەوە. لەشکری پادشای مەغروور پێشی سەربەخۆیی خەڵکی ئەمریکای ئیسپانی پێنەگیرا، ئەوانە سەربەخۆ بوون،بەڵام خەونەکەی سیمۆن بۆلیڤاریش پێکنەهات،ئەوانە لەجیاتی یەک دەوڵەت، بوون بە چەند کۆمەڵ و، کارمەندانی جیاوازی دەوڵەت و خەڵکی بەدەوریانەوە کەوتنە شەڕ وکێشەوهەرایەکی زۆرەوە کە هەموو سەدەکە درێژەی هەبوو . (برازیل جیاواز بوو، ناپلیۆنی بوو، ناپلیۆن پایتەختی پۆرتوگالی لە "لیسبۆن"ـەوە بردبووە"ریۆدی جانێرۆ"ی ئەوێ، ئیتر دواتر هەر نوێنەری پادشای پۆرتوگال خۆی،کە کوری پادشا بوو، سەربەخۆیی"برازیل"ی راگەیاند و بوو بە یەکەم ئیمپراتوری برازیل ١٨٢٢ - ).

فێردیناند سێ جار ژنی هێنابوو و ئەولادی نەبوون، ساڵی ١٨٢٩ ژنی چوارەمی هێنا، " ماریا کریستینا" ( لە بوربۆنی دوو سیسیلی)، بەڵکو ئەو وەلیعەهدێکی بۆ بهێنێت . ساڵی دوای ئەوە، کچێکی بوو :" ئیزابێلا ". پادشا و ژنی گوتیان بەگوێرەی قانوونێکی پێشتر لە حاڵەتێکدا کە پادشا کوری نەبێت، ناچار پادشایی لەدوای خۆی بۆ کچی دەبێت . بەڵام محافەزەکاران ئەوەیان بە دڵ نەبوو، چونکە " کارلۆس"ی برای پادشا، کە یەکێک لەو محافەزەکارانە بوو، چاوی بڕیبووە پادشایی و، محافەزەکاران پشتیان دەگرت و دەیانگوت پێشتر قانوونی سالی( یا سالیکا ) قەبووڵ کراوە، کە بەگوێرەی ئەوە پادشایی دەبێت هەر بۆ نێرینە بێت .

فێردیناند ساڵی ١٨٣٣ مرد .

## لە ئیزابێلای دووەمەوە تا ئالفۆنسۆی سێزدەیەم

کە فێردیناند مرد، ژنەکەی بە رەسمی پادشایی کچە تەمەن سێ‌ساڵییەکەی خۆی بە ناوی" ئیزابێلا-ی‌دووەم"راگەیاند و، خۆی بە هەڵسووڕێنەری دەوڵەت تا کچ گەورە دەبێت. محافەزەکاران گوتیان دەبێت" کارلۆس"(ی تەمەن ٤٥ ساڵ) ببێت بە پادشا، ئیتر ئەوانە بە " کارۆلیستەکان" ناسران، لە بەرانبەر " لیبرالەکان". مەترسیی سەربازی لەلایەن کارۆلیستەکانەوە بۆ سەر (دایکی) پادشاخانم هەبوو، لیبرالەکان بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەوە ویستیان دەوڵەت " دەستووری ١٨١٢" بهێنێتەوە (دەستووری پێپا). رێک نەکەوتن و سێ شەڕ لەسەر ئەوە بەدوودا هاتن ( شەڕە کارلیستییەکان : ١٨٣٣- ١٨٤٠، ١٨٤٦-١٨٤٩، ١٨٧٢-١٨٧٦)، کە خەڵکێک و لایەنانێکی زۆر لە تەواوی ئەوروپا تێوەگلان، زۆر خوێناوی بوون و ئوسووڵی شەڕی تێدا زۆر پێشێلکران ( کوشتنی دیل و زیندانی و ...) .

ساڵی ١٨٣٧ دەستوور بۆ پادشاییەکی دەستووری وەکارخرایەوە ، بەڵام نەک ئەوەی پێپا( ساڵی ١٨١٤ دەستوورێکی پادشایی موتڵەق کۆتایی بەوە هێنابوو)، دەستوورێکی نوێ کە دەسەڵاتی بەجێهێنانی(حکومەت) دا بە نوێنەرانی گەل(Cortes بە دوو مەجلیسی پەرلەمان) و، مافی ڤیتۆی دا بە پادشا . کارلۆس قەبووڵی نەکرد و، بە دروشمی " خودا، نیشتمان، پادشا و ئیمتیازەکان" شەڕی کرد، پاپا پشتگیریی کرد، ئینگلیس پێیانگوت : ساڵانە ٣٠٠٠٠ (سی هەزار) پاوەنت دەدەینێ و ئیعتیراف بە ئیزابێلا بکە، نەیکرد . کارلۆس هەوڵی دا کەڵک لە تووڕەیی " باسک " ببینیت، کە دەستووری پێپا مەرکەزیەتی وڵاتی دەسەپاند و، ئیعتیرافی بە نەتەوایەتیی سەربەخۆی " باسک" نەدەکرد، کارلۆس پێی‌گوتن کە ئیمتیازە نەتەوایەتییەکانتان دەدەمەوە و، بەوە بەشێک لە نەجیبزادەکانی باسک یارمەتییان دا .

دایکی پادشا خانمی داهاتوو، بێوەژنی" فێردیناندی حەوتەم"، بە نهێنی نێوانی ژن و مێردی لەگەڵ سەربازێکدا هەبوو و، منداڵی لێ دەبوون و، بە میللەتی رانەدەگەیاند، ئەوە لە بەرچاوی خەڵکی

دەشکاند . ساڵی ١٨٤٠ هەر لە وڵات دەرکرا، چووە فەرەنسا . ئەفسەرێکی کە شەڕەکانی لەدژی کارلۆس بۆ بردبۆوە، بالدۆمێرۆ ئیسپارتێرۆ، جێگەی گرتەوە، کە دەوڵەت هەڵبسوورێنێت تا پادشا خانم گەورە دەبێت و، ئەوە بوو بە دیکتاتۆرێکی زۆر زبر، هێندێک کاری چاک و زۆری خراپی بۆ وڵات کرد، تا ئەویش چیتر بۆی نەچووە سەر و ساڵی١٨٤٣ ڕۆیشت، ڕایکرد چووە ئینگلستان تا بحەسێتەوە ( پێنج ساڵێک دواتر بەخشینی بۆ دەرچوو) . دایکی پادشا خانم هاتەوە ئیسپانیا و لەو بەینەدا کچەکەشی گەیشتە ئەو تەمەنەی کە بۆ پادشایی پێویست بوو ( کچ زۆر ئاینی بوو بەڵام بۆ سیاسەت بەزۆر بە مێرد درا، ئیدی کەیفی زۆر بە پیاوانی تر دەهات و، و زۆر منداڵی دەبوون کە هەمیشە زۆر روون نەبوو کێ بابی کامیان بوو!) .

١٨٤٥ دەستوور بە مەیلی ناوەندەکان هەموار کرایەوە . سێ ساڵ دوای ئەوە (١٨٤٨)، کە فەرەنسا دوای سێیەم پادشای دوای ناپلیۆن دیسان بۆوە بە کۆمار، کۆماری دووەم، دەنگی لیبراڵە-کانی ئیسپانیا دیسان بەرزبۆوە کە با لای ئێمەش " دەسەڵات بۆ گەل بێت" . کاتێک سەرکۆماری ئەم دووەم کۆمارەی فەرەنسا سێ ساڵ دوای ئەوە (١٨٥١) گەڕایەوە سەر شۆپی کۆن، خۆی کرد بە ئیمپراتور، لە ئیسپانیاش محافەزەکاران سنگیان دەرپەڕاند و ویستیان ئیسپانیا پتر بۆ رابردووی بگەڕێنەوە، دواتریش کە ئیمپراتور چووە شەڕەوە و دۆڕاندی و بە دیل گیرا (١٨٧٠) و فەرەنسا بۆوە بە کۆمار(کۆماری سێیەم) و چەپ تێدا زۆر چالاک بوو( کۆمونەی پاریس-١٨٧١بەنموونە)، لە ئیسپانیاش دەنگی چەپ بەرزتر بۆوە .

دەبینین کاردانەوە هەبوون، بەڵام گۆڕانەکان لە ڕیشەی ئیسپانیا خۆیەوە زۆر دیار نەبوون .

## ئەدەبیات

لەو سەردەمانەدا کە گۆڕانێک لەبەرچاو بوو : لەجیاتی وەدووکەوتنی " ناو"انێکی گرنگ، خەڵک بە " کۆمەڵ" و دەستە و هەڵوێستی کۆمەڵایەتی سنفبەندی دەبوون و، ئەوە لە هونەر و ئەدەبیاتدا

رەنگی دەدایەوە، نووسەرانی واقیعی (ریالیزم) بیست ساڵێک بوو لە فەرەنسا دەدیتران ( بالزاک، ستێندال ...)، ئەوە هێشتا لە ئیسپانیا رووی نەدابوو . نووسەرانی ئیسپانی لە دنیای " ناوچەیی"ی ناوچەکانی خۆیاندا بوون . ئەستێرەی زۆر گەشی ئەم سەردەمە بەنموونە :

" دۆن جوان" ( بە ئیسپانییەکەی : " دۆن خوان تێنۆریۆ"- ١٨٤٤) ی ثۆرییا Zorilla " بوو کە لەوەی پێشتری" تیرسۆ ذێ مۆلینا "ی ئیسپانی (١٦٣٥) رۆمانتیکتر و سەرکەوتووتر بوو . چیرۆکی عیشقبازی و عەییاشی، کە لە چاپەمەنیی ئەوروپادا پێیاندەگوت" لیبەرتین" ( ئەدەبیاتی "فاسقی"!) . ثۆرییا گوتبووی : ئێمە لە ناو دوازدە ملیۆن ئیسپانیداین کە نازانن بخوێننەوە .

دیکتاتۆری وڵاتە " یەکگرتووەکانی مەکسیک"، کە جەنەراڵێکی ملهوڕ بووە و حەزی لە چارەی نووسەران نەکردووە، وادیارە ثۆرییای زۆر بە دڵ بووە (کەواتە دەبێت رقی لە عیشقبازی نەبوو-بێت) و دەعوەتی کردووە بچێتە مەکسیک ( و ثۆرییا چووە) .

هێندێک جیددیتر : خایمێ باڵێس Jaime Bales(خایمێ= جاکۆب، یەعقووب لایئیسپانییەکان) و " خوان دۆنۆسۆ کۆرتێس" ویستیان بە نووسینی فەلسەفی هێندێک لە خەستیی دنیای کلیسا کەم بکەنەوە و پردێک لە نێوان ئاین و دنیای نوێ دروستبکەن، بەڵام زۆر باویان نەبوو، ئاینی هەر لە سەر شۆپی خۆیان بوون و، ئەوانەش کە حەزیان لە دنیایەکی نوێ بوو، نامیلکە و شەونامەی وڵاتانی تریان وەدەستدەهێنان . لەوکاتەشدا بوو، کە " مانیفێستۆی کۆمونیزم "یش بڵاودەبۆوە .

ساڵی ١٨٥٦ دەستوورێکی نوێ دەرچوو، پەرلەمان قەبووڵی کرد، بەڵام جەنەراڵ " لێۆپۆلدۆ ئۆذۆنێل"(ی محافزەکار) حکومەتی گرتە دەستی و نەیهێشت جێبەجێ ببێت، ئیتر بە دەستووری " نۆن ناتا" ناسرا(بە لاتین واتە" لەدایکنەبوو" و هێندێک سەرچاوە بە هەڵە وەهایان وەرگێڕاوە، بەڵام " ناتا " کە لێرەدا ئیسپانییە، واتە " قەیماغ "، دەستووری بێقەیماغ! مەبەست : کاغەزێکی رووت و هیچی دی، نانێکی وشك کە هیچی لەسەر نیە، هەر مەرەکەبی سەرکاغەز) .

" لێۆپۆلدۆ" راپەڕینی موستەعمەرەکانی ئیسپانیای لە مەغریب بە هێز دامرکاندنەوە، شاری

" تطوان"ی مەغریبی گرتەوە . لە هەمان ئەو ساڵەدا(١٨٦٠) شەڕی ناوخۆ هەڵگیرسایەوە، کارلیستەکان ئەمجارە وەدووی نەجیبزادەیەک کەوتن کە زوو هەر سەربازەکانی خۆی کوشتیان . محافەزەکاران بە پشتگیریی فەرەنسا و، لیبرالەکان بە پشتگیریی ئینگلیس خۆیان لە رەقابەتی ئەو دوو دەوڵەتە لە ئەمریکاش وەردا و، ناتەبایی ناوخۆی ئیسپانیا ( دوای مردنی قوتبی هەر دوو تاقم ) ئەوەندەی تر خەست بۆوە و، بە راپەڕینێک گەیشت . پادشا خانم لەشکرێکی بۆ شکاندنی نارد، لەشکر لە نیزیکی کۆردۆبا ( قرطبە) لە رووبەڕووبوونەوەی راپەڕیندا شکا : شۆڕشی درەخشان ١٨٦٨ سەرکەوت و پادشا خانم تێیتەقاند بۆ فەرەنسا . ساڵی ١٨٦٩ دەستوورێکی زۆر لیبرال (شەشەم دەستوور) دانرا . دوو ساڵێک بێ پادشایی لە وڵات، ئەوجا پادشا خانم بە رەسمی پادشا نەما و، ئیتالییەک ( ئامادێیۆ) دوو ساڵ و نیوێک بووە پادشای ئیسپانیا، نەیزانی چۆن حوکم بکات و کێشەی زۆری هەبوون، ئیترحکومەت ساڵی ١٨٧٣وەلای‌نا و، یەکەم کۆماری ئیسپانیای راگەیاند (١٨٧٣/٢/١١ و تا ١٨٧٤/١٢/٢٩ژیا) . لەو شێوانەدا، لە نێوان کۆتاییهێنان بە پادشایی و راگەیاندنی کۆماردا، کاتالۆنیا و چەندین شوێنی تریش لە قەڵەمڕەویی دەوڵەت سەربەخۆیی خۆیان راگەیاند . بەڵام ئەو کۆمارە ئەوانەی هەموو ئیحتیوا کردن، تا دیسان پادشایی هاتەوە و " ئالفۆنسۆ-ی دوازدەیەم"ی کوری پادشا خانم بوو بە پادشای هەموو ئیسپانیای پێش کۆمارەکە . جۆلانە لە نێوان محافەزەکاران و لیبرالاندا هەر نابڕێتەوە، هەر دەبێت بۆ یەکێکیان بێت و پێکەوە ناگونجێن .

١٨٧٦ هەوڵی کۆمارێکی فێدەراڵی سەرنەکەوت و، لە بری ئەوە دەستوورێکی نوێ دەسەڵاتی لە نێوان پادشا و پەرلەماندا دابەش کرد ( ئیتر تا ١٩٣١ هەر ئەو دەستوورە بوو) .

ئالفۆنسۆی١٢، نوامبری١٨٨٥ مرد، کە وەلی عەهد هێشتا لە رەحمیدایکیدا بوو، ١٨٨٦ لە دایک بوو، دایکی (ژنی دووەمی ئالفۆنسۆی ١٢) جێگرەوەی تەخت بوو تا وەلیعەهد تەمەنی بوو بە١٦ ساڵ (١٩٠٢) و بە ناوی" ئالفۆنسۆ-ی ١٣" چووە سەر تەختی پادشایی ئیسپانیا ( و مایەوە تا کۆماری دووەمی ئیسپانیا) .

کانۆڤاس دێل کاستییۆی محافەزەکار ( شەش جار سەرەک وەزیران، سەرکوتکەرێکی زبر بوو، ١٨٩٧ ئانارشیستێکی ئیتالی کوشتی) ، مێژوونووس بوو، کتێبێکی مێژووی ئیسپانیای بڵاوکردەوە، کە زۆر ناوی دەرکرد و، هەر ئەوە لیبرالەکانی زۆر تووڕە کرد . زۆر بە تەئسیر بوو و، ئیتر لە کۆتایی ١٨٧٤ ـەوە ئیسپانیا بە قۆناغیکدا تێدەپەڕی کە لە مێژووی ئیسپانیدا بە " Restoración" (هێنانەوەیماڵی بوربۆن) ناسراوە و، درێژەی هەبوو تا ڕاگەیاندنی کۆمار(ی دووەم) ی ١٩٣١.

کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست، مێژوونووسانی ئیسپانی کەوتنە سەر پرسیارانی زۆر و، ئەو وەڵامانەی بەبیریاندا دەهاتن خەڵکی وڵاتیان مەگەر هەر ئەوەندەی دی لێک بترازاند- نایە، کە بە هەموویان، هەڵبژاردە و ڕەشایی خەڵک تێدا وێکڕا لە جەغزێکدا دەسووڕانەوە :
بۆچی ئیسپانیا وەکو هۆڵەندای پێ نەکرا ؟ چونکە چینی ناوەندی تێدا هێزی سەرەکی نەبوو ؟ ئیسپانی لە ڕیزی پادشایانی بەهێز و بەتوانایان دەرچوون ؟ چیتر پادشای وەهایان نەبوون کە گەورەیی نەتەوە دابینبکەن ؟ یا چاویان هەر لە ڕابردوو بوو و نەیانتوانی سەیری پێشەوە بکەن ؟ " خەتا " لە کوێدا و لە ئەستۆی کێدا بوو ؟

ئەوە هەمووی لە ئیسپانیای ئەوروپا خۆی . ئیسپانیای ئەمریکا یا ئەمریکای‌ئیسپانی رووی هەر لە داهاتوو بوو، چۆن و بەرەو کوێ بڕوات ؟ هەویەتی نەتەوایەتیی نوێی خۆی لە سەر چ بناغەیەک دەبێت و، کامە چین لە چ کیانێکی نوێدا خۆی بە خاوەنی وڵات و بەرپرسیاری دەبینێت و چیی لە دەست دێت ؟ هەمووی هێشتا زۆر تەماوی و ناڕوون، بەڵام سەربەخۆ، تازە ئیسپانیای ئەوروپا ڕابردووە و کارێکی بە ژیانی لەمەودوایان نەداوە .

شەش ساڵێک دوای ئەوە کە ئالفۆنسۆ بوو بە ١٦ ساڵ و لەسەر تەختی پادشایی دانیشت، پادشا و وەلیعەهدی پۆرتوگال بە دەستی کۆماریخوازان لە مەیدانێکی پایتەختیان کوژران، ١٩١٤ وەلی-عەهدی نوتریش- هەنگاریا و ژنەکەی لە ساراجێڤۆ کوژران، ١٩١٧ قەیسەری رووسیا کوژرا و، ١٩١٨ قەیسەری ئەڵمان لە شەردا شکستی هێنا و، رایکرد چووە هۆڵەندا . سەدەکە بۆ پادشایان پڕ لە نەهامەتی دەهاتە بەرچاو و، پادشای ئیسپانیا لەوبەینەدا دەکرا چەند بمێنێتەوە ؟ لێکۆڵینەوەی رژیمەکەی نەدەبوو مانەوەی زۆری بە بیردا بهێنایە . پادشا و وەزیرانی سیاسەتچیی یەکتریان دەبێزا، پادشا لە سەر شۆپی سەردەمی پێش خۆی دەرۆیشت : جارێک محافەزەکارێک و جارێک لیبرالێک کردن بە سەرەک وەزیران . لە یەکەم سێ ساڵی پادشاییدا، پێنج سەرەکوەزیران و ٦٦ وەزیریءنوێی دیتن . لە تەمەنی بیست ساڵیدا خانمێکی شازادەیءئینگلیسی هێنا، سەردانی قەیسەری ئەڵمانی کرد و، بەوە دڵی فەرەنسای وا رەنجاند کە کێشەی لەگەڵ فەرەنسادا لە مەغریب بۆ پەیدا کرد . فەرەنسا و ئیسپانیا پێکەوە مەغریبیان بەشکردبوو، ئێستا هەم فەرەنسا و هەم خەڵکی مەغریب دژی ئیسپانیا بوون، لەشکری ئیسپانیا لە دوای شکستی شەری دە حەفتەی ١٨٩٨ی لە کوبا لەگەڵ ئەمریکادا، کە لە نەتیجەدا ئیسپانیا شەرەکەی دۆراندبوو وکوبا (دوا وڵاتی ئیمپراتۆری لە ئەمریکا) لە ئیستیعماری ئیسپانی رزگار ببوو و، ئێستا لەشکر دەیویست هەیبەتی خۆی کە بەو دۆرانە شکابوو وەدەستبهێنێتەوە . پادشایەک کە خۆی لێنۆڕینێک و نەخشەیەکی بۆ دەرهێنانی وڵاتی لەو هەمووە کێشانە و، بۆ بیناکردنی نەبێت و، هەر بیەوێت لایەنە جیاوازەکان رازی بکات یا بۆ هاوسەنگی، بەرانبەریەکتریان هەڵبسووڕێنێت،چۆن کەشتیوانیی ئەو کەشتییەی پێدەکرێت ؟ لە ساڵانی هەشتای سەدەی نۆزدەدا(١٨٧٩)،" پاڤلۆ ئیگلێسیاس"ی مارکسیست پارتی سۆسیالیستی دامەزراند . "ئانارشیستەکان"ی شاگردی بیری" باکونین"(ی رووس)، "پرودۆن"(ی فەرەنسی)، "فانێللی"(ی ئیتالی )،"کرۆپۆتکین"(ی رووس) یش چالاک بوون، لە مارکسیستانیش لەبەرچاوتر بوون و خەباتیان زۆر تێکەڵ بە خەباتی کاتالۆنییەکان بوو .

ئـانـارشـيستەكان رژيمی فێدەرالييان دەويست كە هـەر بەشـەی ئيسپانيا دەسەڵاتی زۆری هەبێت و، ئەوە بەتايبەتی لە كاتالۆنيادا بەهێزی دەكردن و، تـەنانـەت لە كۆتايی سەدەدا بە كرداری تەقينەوەی بۆمبيش گەيشت . كاتێک مەركەز بێهێز دەبوو، كاتالۆنيا و چەند شوێنی تريش باسی سەربەخۆ- بيان دەكرد. ماركسيستەكان بيريان هەر لای"يەک خەباتی چينايەتی" بوو، لەبەرئەوە ئانارشيستە- كان لە هەستی ئەو نەتەوانە نيزيكتر دەبوون و پێگەيان لای ئەوان بەهێزتر دەبوو .

شـەڕیجيهانيی يەكەم، كە ئيسپانيا تێدا بەشدار نەبوو، بێ لايەن بوو، كەڵكی بازرگانيی بۆ ئيسپانيا تێدابوو، ئيسپانيا بە هەمووولايەنێكی دەفرۆشت ( ئاسن، مەعدەنی تر و كەرەستەی كيميايی) و ئەوە سـامانی دەهێنا (هەرچەندە نائاسايشی دەرياكان وادەبوو كێشـەی دەنايەوە، چەند كەسێكيش دەبوونە قوربانی)، نرخی گۆڕينەوەی" پێسێتا"ی ئيسپانی بەرز دەبۆوە، بەڵام بارستايی دراويش ( گرانی) پتر دەبوو و، سـامان يـەكسان دابەش نـەدەبوو و، ئەوەش ديسان هـاواری نـاتەبايی، خواستی جيا- بوونەوەيان دەهێنا . هـەموو لايەكان وێدەچوو پتر لێک بترازێن، كليسـا پتر بيری بۆ گێڕانەوەی سـەردەمی كۆن دەچـوو و، تـەواوی بيروباوەڕە شـۆڕشـگێڕييەكانی ئەورووپاش ئێسـتا كـەوتبوونە ئيسپانياوە و، خەڵكانێک بۆ ئەوانە چالاک بوون .

## ئەدەبيات

نووسەرێكی ئيسپانيا(Aorin) ساڵی١٩١٣زنجيرە گوتارێكی بە ناوی " نەسلی ١٨٩٨"( كۆتايی ئيستيعماری ئيسپانيا لە ئەمريكا ) نووسی، زۆر هزری وروژاندن و، نووسـەران و رۆشنبيرانی تريش بەدوودا هاتن و، ئيتر پێيان گوترا " نـەسـلی ٩٨ " (يا : نـەسـلی ١٨٩٨) . ئەوانە بيروڕای جياواز و هـەڵوێستی جياوازيان لە بارەی هێزەكان و ڕووداوانی ئەورووپا هەبوون : خەت بەسەر رابـردوودا بكێشـن و مرۆڤی نـوێ بينا بـكەن، يا : رابـردووش بپـارێزن بـەڵام دەستی كليسـا لە سياسـەت ببڕن، يـەكی تر بە رابردوو هـەڵدەڵێت، " ئوناموئۆ" ی فـەيلەسـووف داوای پێـوەنـديی

مەسیحییەتی ئیسپانی و فەلسەفە دەکات و ... ئیدی .

جگە لە دەستەی " نەسلی ٩٨"، شاعیرانی نوێخواز : بزووتنەوەی" مۆدێرنیسمۆ" لەو سەردەمەدا زۆر لە ژێر تەئسیری فەرەنسییەکان بوون . یەکێک لەوانە ( روبێن داریۆ) لە " نیکاراگوا "ی ئەمریکاوە بە پاریسدا شێوەی شیعری فەرەنسی نوێی هێنابووە مەدرید ( ئیسپانیزمانەکانی ئەمریکاش ئێستا مەیلیان لە لاساکردنەوەی ئانگلۆ ساکسۆنانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەردەگێرا و، هەستیان بۆ لاتینەکان، فەرەنسا و ئەوجا ئیسپانیا دەڕۆیشت) .

دوو دەستەیی : " رەش"ی گەڕانەوە بۆ گەورەیی رابردوو و،" سوور"ی پێویستیی دەرچوون لە لە قەفەسی رابردوو زۆر لەبەرچاوە .

## دیکتاتۆریی پریمۆ دێ ریڤێرا

هاتنی دیکتاتۆرییەک بۆ کۆتاییهێنان بە ئانارشیزم چاوەڕواننەکراو نەبوو : ئەوە ئیتر لە زۆر شوێنی دنیادا لەبەرچاو بوو: بۆلْشەفیک، نازی، فاشیستی ئیتالی، دیکتاتۆری لە ئەمریکای باشوور ( مەکسیک ...) . ئیسپانیا لە شەڕی دژی ئامازیغییەکانی مەغریبدا زۆر خراپ شکابوو : شەڕی ئەنوال،١٩٢١، کە" محمد بن عبدالكريم الخطابي" "الجمهورية الإتحادية لقبائل الريف"ی راگەیاند، کە وێدەچووو ئیدی لەشکری ئیسپانیا لە هیچ کوێ خۆی نەگرێت ( ئەمریکا، ئافریقا) . لەشکری ئیسپانیا دەیویست رێز و هەیبەت پەیدا بکاتەوە . لێک ترازانی " رەش" و " سوور" لە سیاسەتدا و، لەشکریش ئا بەو حاڵە، پادشای وا لێکرد ساڵی ١٩٢٣ " میگێل پریمۆ دێ ریڤێرا" بکات بە سەرەکوەزیران و بە چەند هەنگاوێک بە دیکتاتۆر( بەڵام لە ژێر سێبەری پادشادا ).

پریمۆ ساڵی ١٩٢٥-١٩٢٦ بە یارمەتیی فەرەنسا و ئینگلیس و ژمارەیەکی زۆر و گرنگی جاشی ئامازیغی، سێزدە هەزار سەربازی بە ٢٤ کەشتی بردە سەر دەوڵەتەکەی " الخطابي" و کۆتایی-پێ هێنا . ("فرانکۆ"ش ئەفسەرێک بوو لەو هێزەدا) .

ئەوە یەکەم کارێکی لەو جۆرە بوو ( گواستنەوەی تانک و تۆپ و سەرباز بە کەشتی و پیادەکردنی لە کەناری مەیدانی دوژمن، کە دواتر بوو بە ئەزموونێکی بەکەڵک بۆ لێ فیربوون بۆ شەڕی ١٩٤٤ی نۆرماندی .

پریمۆ زۆر لە ژێر تەئسیری ڕێبازی"موسۆلینی"ی ئیتالیادا بوو( تەنانەت پادشای ئیسپانیا جارێک لە ڕۆما بە پادشای ئیتالیای گوت : ئەمەش (پریمۆ) موسۆلینیی منە). پریمۆ دەستوور و دەستاو- دەستکردنی دەسەڵات و، ئازادیی چاپەمەنی و مانگرتنی نەهێشتن و، ویستی ئابووریی وڵات باش بکات، بەڵام لە ڕووبەڕووبوونەوەی کێشە ئابوورییە جیهانییەکاندا، بەتایبەتی لە قەیرانی جیهانیی١٩٢٩ دا کە نرخی گۆڕینەوەی " پێسێتا"دابەزی، پیشانیدا کە نەیدەتوانی چیتر لافی هیچ سەرکەوتنێک لێبدات، بۆ جاری یەکەم لە مێژووی ئیسپانیادا وەزیرێک هەر تەنیا بەهۆی کێشەی ئابووری دەستی لە کار کێشایەوە (وەزیری دارایی، خۆسێ کالڤۆ سۆتێلۆ- ساڵی١٩٣٦سۆسیالیست کوشتیان)، ئێستا چینی ناوەند، خاوەن بانکەکان و، کەسانێکی زۆر گۆڕینیان بە پێویست دەدیت، کاتالۆنییەکان کە پریمۆ دەیچەوساندنەوە و سۆسیالیست و پارتی نوێی ئانارشیست(١٩٢٧) هەموو لە پادشایان گەیاند کە ڕژێمەکەی پێویستیی بە گۆڕان هەبوو . ئیتر ساڵی ١٩٣٠ لادرا، دوو مانگ دوای لادرانی مرد .

نووسینی بیرکاران و چالاکانی سیاسی، ئێستا، زۆرتر هەر یا بۆ " سۆسیالیزمی مارکسیستی" یا یا بۆ " فاشیزمی موسۆلینی " بوو .

## کۆماری دووەم

دوای پریمۆ، پادشا جەنەڕاڵێکی تری محافەزەکار Dámaso Berenguer ی کرد بە سەرەک- وەزیران . "دیکتاتۆرییەت" بە ئیسپانی : دیکتادورا dictadura، ئەوجا دورا dura بەتەنیا واتە " ڕەق"!، خەڵک ئێستا بە ئەم داماسۆیەیان دەگوت : دیکتابلاندا ( بلاندا = نەرم)! .

دیکتابلاندا بۆ ئەوە کە بەڵکو بە هێندێک نـەرمی دنیا ئارام بکاتەوە، سانسۆری لەسەر چاپ لابرد، ئیدی هـەر لە یـەکەم مانگی دوای ئەوەوە ( ئاپریل) رەنگی هێزە سیاسییەکان بە روونی دەدیتران : ئانارشیست وسۆسیالیست لە چەپ، کۆنە شاپەرستان لە راست، لە ناوەڕاستیشدا: کۆمارخوازانێک بە رەنگی ناڕوون بەڵام ئیتر بە روونی دەیانویست پادشا نـەمێنێت .

نوێنەرانی"هەموو" حیزبە کۆمارخوازەکان ١٧ی ٨ی١٩٣٠ لە شاری" سان سێباستیان"ی وڵاتی باسـک کـۆبوونەوە و، کـۆمیتەیەکی شـۆڕشـگێری رابـەرایەتییان پێکـهێنا و کـۆماریان راگـەیاند، دوایی کۆمیتەکە بوو بە وەزارەتێک کە لە هەموو لایەکی تێدا بوو : "حیزبی دەوڵەتی کاتالۆنیا" و " حیزبی کۆماری گالیثیا " و ... ئیدی . بـەڵێنی زۆریان بە گەل دا و، پـادشـایان بە پێشـێلکـردنی دەستووری ١٨٧٦ تاوانبار کرد . دیکتانـەرم لە مەدرید ویستی بە نەرمی رووبەڕوویان ببێتەوە، بـەڵام کە کۆمارییەکان هـەوڵی کـۆدێتایەکی سـەربازییان دا و، بە هەڵەی پەلەکردنێکی ئەفسەری فەرماندەی کۆدێتاکە کاپتن گالان سەری نەگرت( بۆ ١٥ی دیسامبری ئەو ساڵە دانرابوو، بەڵام ئەو سێ رۆژ زووتر دەستی پێکرد و سەرنەکەوت) . لێرەدا گالان و کاپتنێکی یاریدەدەریشی گیران و بە دەسترێژی سەربازی ئیعدام کران .

پادشا، کە دیتی کۆمارخوازەکان لە هەڵبژاردنی١٢ی ٤ ی١٩٣١ی شارەوانییەکان زۆر لە پێشەوە بـوون و تـابیعانی نـەیاندەتوانی زۆری بۆ بـکەن، بـڕیاری خـۆی دا، ١٤ی ٤ بە ئۆتۆمبیل بـەرەو بەندەری کارتاگێنا چوو تا لەوێوە بە کەشتی بچێتە فەرەنسا و،بنەماڵە و یاوەرانیشی بە قەتار بەرەو بـاکوور بۆ فـەرەنسا وەڕێکەوتن و، لە باکوورەوە بە هەمان رێگای قـەتاردا کـۆمارخـوازەکان لە باکوورەوە بەرەو مەدریدی پایتەخت باشوور بوونەوە .

خـەڵکێکی ئـانـارشیست وروژان و پەلاماری هێندێک دێریان دان . کاتالۆنیا سـەربەخۆیی خۆی راگەیاند و، چەپەکانی تر قەبووڵیان نەکرد، گوتیان ئەوە پێچەوانەی رێککەوتنمانە لەسەر ئەوە کە هەموومان لە یـەک کۆماردا بین، کاتالانی گوتیان : بەڵێ، بەڵام ئێوە دەستوورتان پێشێل کردووە .

٢١ی ٨ی ١٩٣١ هەڵبژاردن کرا ، نیسبەتی بەشداری ٧٠,١٣٪ بوو، لە ٢٦ لیست، ٢١ چوونە پەرلەمانی ٤٧٠ ئەندامی، سۆسیالیست ١٩٣ کورسی، کاتالۆنی لیستێکیان ٤٢ کورسی و لیستێکی تریان یەک کورسی، سەربەخۆییخوازانی گالیثیا ٢٤ کورسی . حکومەتێکی چەپ پێکهێنرا . رژیمی سەرۆکایەتی، تەنیا بە یەک پەرلەمانی نوێنەرانی گەل( بێ مەجلیسی سەنا).

٨ی دیسامبری ١٩٣١ دەستووری نوێ قەبووڵ کرا، زۆریشی لە ژێر تەئسیری دەستووری ڤایمار ( دەستووری کاتیی دیموکراتی ئەڵمانیا دوای شکستی لە شەڕی جیهانیی یەکەمدا ) نووسرابوو .

ئیتر حکومەتێکی چەپ تا نوامبری١٩٣٣ حوکمی ئیسپانیای کرد . خوێندن و فەرهەنگ بە گشتی لە کلیسا دوورخرانەوە، لەشکر بچووک کرایەوە و، جەنەڕالانێک خانەنشین کران( کە دیارە بەوە زۆر تووڕە بوون). بەڵام کەس گوێی لە کەس نەدەگرت و، کەس بڕوای بە کەس نەبوو،هەمووی هەر" دژ" بوو و، کەس نەیدەگوت باشە . وێدەچوو هەمووی هەربیری لای" دروستکردن"ی مرۆڤی نوێ بووبێت بەو شێوەیەی کە خۆی بە باشی دیتووە . ژن مافی دەنگدانیان نەبوو ( بەڵام دەکرا هەر وەزیفەیەکی دەوڵەت وەربگرن) .

ئەوپەڕی چەپ سیاسەتی حکومەتی پێ چاک نەبوو و، کریکارانی هان دەدان مان بگرن، چەپ ئێستا دابەش ببوون : نەرم و توند . ئەوپەڕی راست و کلیساش دەستیان خستە دەستی یەکترەوە و لەو بێ نەزمییەی وەزع زۆر تووڕە بوون .

جەنەڕاڵێک ( خۆسێ سانخورخۆ، کۆنە شاپەرست) لە مەرکەزەکەی لادرا، تووڕە بوو و هەوڵی کۆدێتای دا ( ١٩٣٢) و گیرا . ئانارشیست دەوڵەتی میسالیی خۆیان لە شاری " کاساس ڤیێخاس" لە ئاندەلوسیا ( باشوور) دامەزراند، کە حکومەت نەیدەتوانی قەبووڵی بکات . کاتالۆنییەکان لە لایەکەوە داوای زۆری مافە رەواکانیان لە سەرەکوەزیران هەبوون .

دەستەڕاست دەستەجاتی خۆیان ( فالانژ )یان ساز دەدان(بە رابەریی "خۆسێ" ی کوڕی پریمۆی سەرەکوەزیرانی پێشوو)، سەریان لە هیتلەر و موسۆلینی و سالازار(دیکتاتۆری پۆرتوگال) دەدا و، کۆمونیستەکانیش دیارە سەر بە ستالین بوون .

ساڵی ١٩٣٣(١٩ی نوامبر) دیسان هەڵبژاردن کرا ( بەهۆی سەندرانەوەی متمانە لە وەزارەت و نەگونجانی پێکهێنانی وەزارەتێکی‌نوێ)، ژنیش بۆ یەکەمجار لە مێژووی ئیسپانیادا مافی دەنگدانی هەبوو، ئەمجارە یەک لیستی " یەکێتی دەستەڕاستەکان" ١٦٠ کورسیی پەرلەمانی وەدەست هێنا و، لیستێکی تریان ٩٨ کورسی . ئیدی سیاسەت بەرەو راست ڕۆیشت : حکومەت لە زۆر بڕیاری پێشووی پاشگەزبۆوە، زەویی کە لەخاوەنزەوییان سەندرابوون پێیان‌درایەوە، لەشکرسازکرایەوە. خوێندنی ئاینی - بەنموونە - خرایەوە خوێندگەکان( کە پێشتر لادرابوو) . ئانارشیست ویستیان بە توندوتیژی دەوڵەتە ئیدییالەکەی خۆیان سازدەن و تەنانەت سێ قەتاریشیان تەقاندنەوە کە قوربانیی بێگوناهانیان لێکەوتنەوە ( ٩ی دیسامبری ١٩٣٣) . کاتالۆنیا بوو بە قەڵای ئەوپەڕی چەپەکانی، کە منەتیان بە دەسەڵاتی مەدرید نەبوو. فاشیست و ئانارشیست لەسەر شەقامەکان بە چەقۆ دەکەوتنە گیانی یەکتر .

ساڵی١٩٣٤، پارتی کۆمونیست راپەڕینێکی چەکداری چڵ‌هەزار کرێکاری کانسازی لە ئاستوریا ( ئەوپەڕی باکوور، زۆرسەرووی پۆرتوگال) رێکخست . فرانکۆ، بە لەشکرێک کە هێزێکی ئامازیغیی لەشکرەکەشی تێدا بوو(بۆ نەهێشتنی سەربەخۆیی دەوڵەتی١٩٢١-١٩٢٦ی"الخطابی"-یش زۆر بۆی بەکەڵک ببوو) چووە سەریان و دەوری هەزار و پێنجسەد کەسی لێ کوشتن و سێ هەزاری بریندارکردن و، راپەڕینەکەی دامرکاندەوە . چەپی ئەوروپا، بە رابەریی پرۆپاگەندەی سۆڤیەت، ئەو لێدانەی ئاستوریا و کاتالۆنیای بە هێرش بۆ سەر پرۆلیتاریا دانا . راستی ئەوروپا، بە رابەریی پرۆپاگەندەی هیتلەر و موسۆلینی پێیان‌هەڵگوت . سەرۆکی ڤالانژیستی فاشیست (خۆسێی کوڕی پریمۆ) لێرەدا بانگی لە فرانکۆ کرد کە : ئیسپانیا رزگار بکە! بەڵام فرانکۆ لەوە زیرەکتر بوو کە خۆسێ بیخاتە گیرفانییەوە، چاوەڕێی‌دەکرد شانۆی بەتەواوی بۆ ئامادە بێت . (دوایی، ١٩٣٦، خۆسێ لە مەدرید هەر ئیعدامدەکەن) .

لە هەڵبژاردنی شوبات/ فیوریەی ١٩٣٦دا، بەرەی" ناتیۆنال"(راست) بە دووەم دەرچوو، بەرەی

" پۆپولار "(چەپ) دەنگی پتری هێنا و یەکەم بوو . بۆ دۆزینەوەی رێگایەکی ناوەند، ئاثانیا Azaña ی سەرەکوەزیرانی پێشوو (١٩٣١-١٩٣٣)ی لیبرال کرا بە سەرەککۆمار . بەڵام مەگەر کەس گوێ بە سەرەک کۆمار دەدات ؟ سەرچاوەکان زۆر شتی سەیر لە بارەی ئەو سەردەمە باس دەکەن، چەندی بە وردی وا بووە و، چەندی پرۆپاگەندە لێی زیادکردووە، ئەوە ئێستاش هەر لێکۆڵینەوە لەبارەیانەوە دەکرێت و نەبڕاوەتەوە، بەڵام ئەوەی ناکرێت گومانی لێبکرێت ئەوەیە کە بێنەزمی و ساویلکەیی تەفسیری ئیدیۆلۆجیا و زبری و بێباکی لەئەوپەڕیدا بووە،دەخوێنینەوە کە : کۆماندۆی ئانارشیستان لە مەدرید دەست بەسەر ماڵاندا دەگرن، بە ئۆتۆبوس دەڕۆن و پارە نادەن، لە دووکانان شت دەبەن و پارە نادەن ( ناوی دەنێن : بازاڕکردنی پرۆلیتاری!)، زۆر ماندەگرن، بۆمب دادەنێن، قەتار دەتەقێننەوە، سەدان کلیسا و دێر دەسووتێنن، تەوهین بە پیاوانی ئاینی دەکەن، ژنە راهیبەکان هەتک دەکەن ئەوجا دەیانکوژن . سەدان دەکوژن، هەزاران بریندار دەکەن ... .
لە لایەکەی ترەوە : فالانژیست (دەستەی کوری پریمۆ) بە کراسی شین تەقە لە سووران دەکەن و، هەوڵی سازدانی راپەرینێک دەدەن، سەرناکەون و کوری پریمۆ دەخرێتە زیندانەوە . لە مەدرید رابەرێکی سۆسیالیستان دەکوژرێت، سۆسیالیست لە تۆڵەیدا وەزیری دارایی پێشووی باوکی پریمۆ ( سۆتێلۆ) دەکوژن ( لە ماڵ دەریدەهێنن و لە ئۆتۆمبیلێکی پۆلیسدا دەیکوژن) . هەزاران لە دەستە-ڕاست بەشداری ناشتنی بوون و، هێندێکیان سڵاوی نازییەکانیان دەکرد .

کاوذییۆ Caudillo ( فرانثیسکۆ فرانکۆ Francisco Franco )

١٧ی تەمووز/ ژووئیەی ١٩٣٦ کۆدێتایەک دەستی بە سەر هێزی سەربازیی ئیسپانیا لە مەغریبدا گرت(٣٠ هەزار سەرباز) و،١٩ی تەمووز فرانکۆ بە فڕۆکە لە دورگەکانی" کاناری"یەوە چووە شاری" تطوان "ی مەغریب و بوو بە فەرماندەیان . ئەوجا بۆ پەڕینەوەی بۆ ناو ئیسپانیا، داوای یارمەتیی لە موسۆلینی کرد و، موسۆلینی بە هاوارییەوە چوو و یارمەتیی دا .

جەنەڕالانێکی تر ڕێک بەدوویدا لە شوێنانێکی جیاوازی وڵات هەمان کاریان کرد و دەستیان بە سەر هێزدا گرت و لە کۆمار یاخیبوون . ئیدی وڵات بوو بە دوو بەش :

" کۆمار"ی کە هەبوو و " ڕاپەڕینی نەتەوایەتی Alzamiento Nacional" ی بە ڕابەریی فرانکۆ . فرانکۆ لەگەڵ کۆمارییەکاندا زۆر زبر هاتە پێشەوە، ئامۆزاکەی خۆی و حەرەسێکی تایبەتی خۆی - بەنموونە- کە لایەنگری کۆمار بوون، وێڕای ئەفسەرانێکی تری گەورەی لەشکر کوشتن .

سێپتامبر، ئەفسەرانێکی گرنگی پلەبەرز لە بنکەیەکی هێزی هەوایی ( سالامانکا) کۆبوونەوە و بڕیاریان دا کە جەنەراڵ فرانکۆ سەرۆکی " خونتا "یە (جونتا، کۆمیتە، وشەیەکی ئیسپانییە، ساڵی ١٨٠٨ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ناپلیۆن خونتاکان دروست ببوون، پێش ئەوە بە کۆمیتەیقانوونیی دەوڵەت گوترابوو، لە ئێستا بەدواوە ئیتر بە تاقمێکی ئەفسەرانی کۆدێتاچیی دیکتاتۆر دەگوترێت) .

ئۆکتۆبر،" ڕاپەڕین" لە شاری" بورگۆس" جەنەراڵ فرانکۆی تەمەن٤٣ ساڵی بە سەرۆکی وڵات ڕاگەیاند . ئیتر فرانکۆ" کاوذییۆ Caudillo" بوو(واتە :ڕابەر،هەمان فورەر Führer ی ئەڵمانی بۆ هیتلەر و، دوچێ Duceی ئیتالی بۆ موسۆلینی) .

هەرچەندە پێشتریش‌هەمیشە ئەوروپا تەئسیری بەسەر چارەنووسی ئیسپانیادا ببوو، بەڵام حەتمەن دەتوانین بڵێین ئەو تەئسیرە لە شەڕی ئەهلیی ١٩٣٦-١٩٣٩دا یەکلاکەرەوە بوو : هیتلەر( لە ڕێگای پۆرتوگالەوە) و، سالازاری پۆرتوگال و، موسۆلینی ڕاستەوخۆ بە کەشتی( وێڕای فڕۆکە- کانیھێزیھەوایی)، پشتگیریی کارای دەستەڕاستی ئیسپانیایان دەکرد . یارمەتیی ستالین لە ئاستی ئەواندا نەبوو .

ستالین، ساڵی ١٩٣٧ داوای لە سەرەکوەزیرانی ئیسپانیا کرد کە " ترۆتسکی"ییەکان لە ئیسپانیا قەدەغە بکات، سەرەکوەزیران نەیکرد، وازیهێنا و،" نێگرین" بوو بە سەرەکوەزیرانی نوێ و بە نۆکەری ستالین . ستالین، یەکەم ساڵ، وەکو هیتلەر و موسۆلینی، هێزی هەوایی سۆڤیەتی خستە شەڕەکەوە، ئەوجا لەگەڵ ٢٦ دەوڵەتی ئەورووپادا پەیمانێکی ئیمزا کرد کە چەک نەدەن بە

هیچ کام لە دوو لایەنی شـەڕەکە . هـەرچەندە ئەو دوای ئەوش چـەکی هەر دەدا، فڕۆکەی دەدانێ بەڵام بە بێ فڕۆکەوانی سۆڤێتی و، نرخەکەی بە زێڕ وەردەگرت. ئیسپانیای کە بە سامانی زێڕی، چـوارەم دەوڵەمەندترین دەوڵـەتی دنیا بوو، دوو لە سەر سێی سامانی زێـڕی لەو ڕێـگایەوە دا بە ستالین . حکومەت، بە تەواوی نۆکەری ستالین بوو(ترۆتسکی لە نووسینێکی دیسامبری١٩٣٧یدا لە هەمان کاتدا کە بە توندی ئانارشیستەکان مەحکووم دەکات، ناوی ستالین- نێگرین! دەهێنێت) .

نێگـرین، بە فەرمانی ستالین، توانی لە چالاکیی ئانارشیستەکان کەم بکاتەوە(ستالین لە ١٩٣٦ـەوە کەوتبووە دادگاییکردن و ئیعدام کردنی ئانارشیستان لە سۆڤیەت)، بەڵام چەوساندنەوەی ئاینییەکان بە چەشنی ئەوەی کە لای ستالین ڕوویدەدا هەر درێژەی هەبوو . پۆلیسی نهێنیی ئیسپانی شـتێکی وەکو ئەوەی ستالین بوو . لە سەر ئاسـتی دەوڵـەت، جگە لە ستالین، هـەر" مەکسیکۆ "ش دۆسـتی " کۆمار" بوو و تاسەر وا مایەوە ( زۆر منداڵی ئیسپانی برانە مەکسیکۆ و لەوێ گەورە بوون) .

سـەرەتای ١٩٣٧، باشوور و زۆربەی باکوور لە دەستی هێزی فرانکۆدا بوو . کۆمار، دەسـەڵاتی لە ناوەند و ڕۆژهەڵات هەبوو و زۆرتری قورسایی لە مەدرید و بارسێلۆنا بوو . نـەخشەی فرانکۆ دەیویست ئەو دوو شارە لێکـدابېڕێت . ئەڵمانیا و ئیتالیا و پۆرتوگال و چەند کۆمارێکی ئەمریکای باشوور ئیعتیرافیان بە فرانکۆ کرد، ئەویان بە فەرمانڕەوای شەرعیی ئیسپانیا دانا .

هێرشیکی١٩٣٧ی هێزێکی ئیتالی و فرانکۆییەکان بۆ گرتنی " گواذالاخارا"(شیست کیلۆمیترێک دووری پـایتەخت) شکستی هێنا، بـەڵام بە بۆردومانی شـارۆچکەی" گێرنیکا "ی باسک لەلایەن فڕۆکەکانی هێزیهەوایی هیتلەرەوە لە ئاپریلی١٩٣٧دا، باکوور بەتەواوی کەوتە دەستی فرانکۆ-ییەکانەوە ( ئەوە بە تابلۆی " گێرنیکا"ی پیکاسۆ زۆر بەناوبانگ بوو) . کۆمارییەکانیش بە هەمان شێوە خەڵکی سیڤیلی" باسک" و" ئاتروسیا"یان بۆردومان دەکردن . دوای چەند مانگێک فرانکۆ توانی بە شەڕی" تێروێل" بە مەبەستی لێکـدابڕینی"مەدرید"و" بارسێلۆنا"ی بگات و کۆمار دوو لەت بکات، لەوێوە بە بەشداریی دەیانهەزار" کراسڕەش"ی ئیتالی و سالازاریستی پۆرتوگالی و " ئولترامۆنتان"ی فەرەنسی (واتە " ئەوبەری چیا"- ڕەوتێکی مەسیحیی کە دەسەڵاتی مەرکەزیی

پاپای دەویست، لە فەرەنساوە بە دەستەیەکی ئیتالیای ئەوبەری چیاکانیئالب گوتراوە) و ئیرلـەندیی کاتۆلیک و فاشیستی ئینگلیس، هەموو بەرەو بالێنثیا Valencia یان ئاژۆت .

لە بەرەی کـۆماریش؛ ئیدیالیست/میسالییانێک لە نیزیکەیهەموو ئەورووپاوە : دەهەزار فـەرەنسی، سێ‌هـەزار و دووسـەد ئیتالی، دوو هـەزار ئینگلیس ( کە نووسەری" کێڵگەی ئاژەڵ" و"١٩٨٤" یـەکێک لەوانە بوو)، پێنجهەزار ئـەڵمان و ئوتریشی( نەمسایی)، پێنجهەزار پۆلەندی و ئـۆکرانی، سێ‌هەزار ئـەمریکایی، لە چیک و کەنەدا و هەنگاریا و سـکەندیناڤیا هەرکامەیان هەزاروهەشت-سەد شەرکەر، بە گوێرەی هێندێک سەرچاوە ٦-٨ هـەزار و بە گوێرەی سەرچاوەی تر ١٤هەزار هۆڵەندی، جگە لەوانە دەهەزار بـژیشک و ئـەندازیاریش .

چـەک و پـارە لە وڵاتە یـەکگرتووەکانی ئەمریکا و مەکسیکۆ و یـەکێتی سـۆڤیەت بۆ کۆمارییەکان دەهات .

ستالین- وەک گوتمان- زۆر دوژمنی ئانارشیستان بوو و لە ١٩٣٦ـەوە دادگاییەکانی ئیعدامکردنی ئـانـارشیستانی لە مۆسـکۆ رێکخستبوون، ئێستا لە ئیسپانیاوە سـەریان بۆ هەڵدەهێنا ( بە رێکەوت ئەوەی لە مەکسیکۆ " ترۆتسکی"ی بۆ ستالین کوشـت لەدایکبووی بارثێلۆنای کاتالۆنیا بوو)، ئـێ چۆن دەیەوێت ئەوانە سەربکەون ؟ FAI فێدەراسیۆنی ئانارشیستانی ئیبێریا، CNT کۆنفێدەرا-سیۆنی نـەتـەوایەتیی کار( Tی" ترابـاخۆ" بە ئیسپانی = کار) کە ستالین و ترۆتسکی وەکـو یـەک مـەحـکوومیان دەکەن، نێگەرین نـەیدەویستن بـەڵام نـەیدەتوانی بۆ سـتالین نـەیانهێڵێت، ئەوانە ئێتر واقیعێکی شەڕی ئەهلی بوون .

١٩٣٨وێدەچوو شەڕەکە بەلایەکدا شکابێتەوە : هێرشی فرانکۆییەکان بۆ سەر ئاراگۆن و بوردو-مانی پایتەختی کاتالۆنیا لەلایەن فڕۆکەکانی ئەڵمانیا و ئیتالیاوە، کۆمارییەکانی شکاند و بەهەزاران خەڵک روویان لە باکوور کرد و چوونە ناو سنووری فەرەنساوە .

رابەری بەناوبانگ و زۆر بە کاریزمای کۆمونیست " دۆلۆرەس ئیبارروری" خانم، کە لە یـەکەم ساڵی دامەزرانی پارتی کۆمونیستی ئیسپانیا (١٩٢١) چووبووە ریزەکانییەوە، زۆر چـالاک بوو و

به دروشمێکی زۆر بەناوبانگ ببوو، کە لە مەدرید گوتبووی :" تێناپەڕن! no pasarán"، هەر لە ئۆکتۆبری١٩٣٧دا بۆ دوا جار قسەی بۆ شـەڕڤانە چەپەکانی وڵاتانی تر لە ئیسپانیا کرد و پێی- گوتن کە : ئیتر کۆتاییهات، بڕۆنەوە .

جەنەڕاڵ " مۆلا Emilio Mola "ی بەرەی فرانکۆ، ساڵی ١٩٣٦ لە بەرنامەیەکی پڕوپاگەندەی رادیۆدا گوتبووی : من فەرماندەی لەشکری چـوارەمم و، دوو لەشکری تر یەکیان بە فەرماندەیی جـەنەڕال" Vareila بارێیلا " و ئەوەکەی تر بە فـەرماندەیی جـەنەڕال " Quiepo de Llano کیێپۆ دێیانۆ " و یەکێکیش بە فەرماندەیی جەنەڕال فرانکۆ خۆی مەدریدی پایتەخت رزگار دەکەن و لە نـاو شاریشەوە " لەشکری پێنجەم"( مەبەست لایەنگرانێکیان) بۆ گرتنی شارەکە یارمەتییان دەدات، بە ئیسپانی " Quinta Columna کینتا کۆلومنا " = سـتوون/ تـابووری پێنجەم . گـوایا سـەردەمێک لە سۆڤیەتیش" ترۆتسکی" هێزێکی بەوناوە ( تـابووری پێنجەم) بۆ لەشـکری سـوور ساز داوە، بەڵام ئیتر ئەوە لێرە بەدوا لەو مێژووەی ئیسپانیاوە دەبێت بە زاراوەی سیاسی .
ساڵی ١٩٣٧ فڕۆکەیەکی کە جەنەڕال مۆلا و دوو کەسی تریشی تێدا بوون، خۆی لە چیایەک دا و بەوە کوژران . بەڵام فرانکۆ لە مارتی١٩٣٩دا چووە مەدرید و لەوەشدا " تابووری پێنجەم"ی کە جەنەڕال مۆلا باسی کردبوو یارمەتیدەری بوو .
١ی ٤ی ١٩٣٩ بە رەسمی کـۆتایی ئەو شەڕە راگەیەندرا کە ١٧ی٧ی١٩٣٦ دەسـتـیپێکردبوو .
ژمـارەیـەکی ورد یا تـەنـانـەت بە مەزەنـدەش بۆ قـوربانییەکانی ئـەو شـەڕە نییە کە هـەموولایـەک لەسەری رێکـبکەون، لە نیو ملیۆنەوە بۆ ملیۆنێک و تەنانەت دوو ملیۆنیش باسکراوە .
حکومەتی " کۆماری دووەم "، کە لە کاتی شەڕی ئەهلیدا بۆ ئاسایشی خۆی لە مەدرید نـەمابوو، ئەمجارە هەر بەتەواوی لە ئیسپانیا رۆیشت، چووە فەرەنسا. نێگرین، مانگی پێنجەمی ساڵی١٩٤٠ چووە مەکسیکۆ و، هەر خۆی بە سەرۆکی حکومەتی کۆماری دووەم ( لە هەندەران) دادەنا . ساڵی ١٩٥٦، لە تەمەنی ٦٤ساڵیدا مرد( لە گۆڕستانی" پێر لا شێز"ی پاریس نێژراوە)

## شوێنی فرانکۆ لە مێژووی ئیسپانیادا

فرانکۆ، زۆر بە زبری هێزی چەپەکانی شکاند ( تا ١٩٤٨ دەوری ٣٠ هەزار کەس لە دادگاکاندا بە ئیعدام حوکمدران) . هەرچەندە هیتلەر خۆی، ئۆکتۆبری ١٩٤٠ فرانکۆی لە " Hendaye ئەندای"( شوێنێکی دوا نوختەی فەرەنسا لە سەر سنووری ئیسپانیا) دیت و داوای لێکرد لەگەڵیدا بچێتە شەڕەوە، بەڵام فرانکۆ نەیکرد و، تاسەر هەر بێلایەن مایەوە . فرانکۆ، زۆر زیرەکانە هەلپەرست بوو . سەرەتای شەڕی جیهانی، کە وێدەچوو هیتلەر شەڕ بباتەوە، ئیمتیازی دەدان بە کەشتی و فڕۆکەکانی هیتلەر و، کە وێدەچوو هیتلەر بدۆڕێنێت، ئەو ئیمتیازانەی دەدان بە بەرەی دژی هیتلەر. ڕێگای دا هەژدەهەزار فالانژیستێکی خۆبەخش ڕەگەڵ لەشکری هیتلەر بکەون بەو مەرجە تەنیا هەر دژی سۆڤیەت لە شەڕدا بن، نەک دژی هیچ وڵاتێکی تر( لەشکری سۆڤیەت هێندێکی لەوانە بە دیل گرتن و لای مانەوە تا ساڵی١٩٥٤ ئەوجا درانەوە بە ئیسپانیا).

کە هیتلەر لە سۆڤیەت سەرکەوتوو نەبوو، فرانکۆش قەدەغەی کرد خۆبەخش بچنە شەڕەوە ( چەپەکانی کۆماری راکردوو کە لە فەرەنسا بوون، شیست هەزاریان ڕەگەڵ پارتیزانانی فەرەنسی کەوتن بۆ شەڕی دژی هیتلەر) . دوای کۆتایی شەڕی جیهانی، ستالین ویستی فرانکۆش وەکو هیتلەر و موسۆلینی حیسابی بۆ بکرێت، بەڵام ڕۆژئاوا قەبووڵی نەکرد . فرانکۆ کەڵکی لە شەڕی ساردی نێوان واشنتۆن و مۆسکۆ دیت و، بە نیزیکبوونەوە لە ڕۆژئاوا بەرە- بەرە ئیعتیرا- فی پتری وڵاتانی پێ کرا و، ساڵی١٩٥٥ بوو بە ئەندامی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان و شوێنی خۆی لە کۆمەڵگەی سیاسیی دنیادا کردەوە .

سیاحەتگەری زۆر ڕوویان لە ئیسپانیا کرد، فرانکۆ بەخشینی بۆ ئەوانە راگەیاند کە بە هۆی سیاسی لە ئیسپانیا ڕۆیشتبوون، دەیانتوانی بگەڕێنەوە بە مەرجێک قسە لە سیاسەتدا نەکەن و ئەوانیش- بڵێین- وەکو "سیلڤاتۆر دالی"و کەسانێکی تر لە ئیسپانیادا هەوڵبدەن، دوور لە سیاسەت، گەشە بکەن، هێندێک قەبووڵیان کرد و گەڕانەوە . فرانکۆ ساندیکای کرێکاران و خاوەنکارانی

رێگا دابوون، کە بە سەرپەرشتیی خۆی کاریان دەکرد ( بـەڵام مانگرتنی کرێکارانی قەدەغەکرد، مانگرتنی بە " خیانەتی نەتەوایەتی" دادەنا) .

فرانکۆ، ساڵی١٩٤٧ بڕیاری هاتنەوەی پادشایی بۆ ئیسپانیا دا، "خوان کارلۆس" لە هـەمان ساڵدا، لە تەمەنی نۆ ساڵیدا، گەڕایەوە ئیسپانیا . فرانکۆ خۆی بە فەرمانڕەوای تا کۆتایی ژیانی دانا( نەک پـادشا) و، مافی دیارکردنی پادشای لە دووخۆی هەر بۆ خۆی دانا .

ئالفۆنسۆی ١٣، ساڵی ١٩٤١ لە ڕۆما مرد و نێژرا ( ساڵی ١٩٨٠ تەرمەکەی هێنرایەوە ئیسپانیا)، مانگ و نیوێک پێش‌مردنی،پادشایی دابوو بە کوڕێکی، بەڵام فرانکۆ ئەو کوڕەی پێ زێدە"چەپ" بوو و، ئەوەبوو کە پادشایی بۆ"خوان کارلۆس"ی برازای ئەو کوڕە دانرا، کە - وەک گوتمان- لە تەمەنی نۆ ساڵییەوە هەر لە ئیسپانیا دەژیا . ئیتر بە مردنی " فرانکۆ"ی تەمەن ٨٣ ساڵ (١٩٧٥)، خوان کارلۆس لە تەمەنی ٣٧ ساڵیدا بوو بە پادشای ئیسپانیا و ڕژیم گۆڕدرا و بوو بە پادشاییەکی دەستووریی‌دیموکرات و، ساڵی١٩٧٨دەستوورێکی نوێ دانرا و بە ڕێفراندۆم قەبووڵ کرا .

فرانـکۆ دیـکتاتۆرێک بوو کە مێژووی پسـاوی پـادشـایی ئیسـپانیای گـرێدایـەوە . ئیسـپانییەکان نـەیانتوانی وەکو فـەرەنسییەکان پـادشـا لابدەن و کـۆمارێک لە دواییدا لە شـوێنی ئەوە سـەقامگیر بکەن و، پادشاییەکەیان وەکو ئەوەی وڵاتانێکی سـکەندیناڤیش بۆ نـەدەبووە ڕوویەکی پرۆتۆکۆلیی بێ دەسـەڵات، لێکـترازابوون و لە سـەر ڕێبازێک ڕێکـنـەدەکـەوتن . دەستەڕاستێکی کۆنـە- پەرسـت و ژێر تـەئسیری نموونەی هیتلەر و موسـۆلینی لە بـەرانبەر بـزووتنەوەیەکی منداڵانەی خەیاڵیی‌ئانارشیستان و یوتۆپیاییاندا بوونە هێزی بڕیاردەر،کە دەبوو بۆ یەکێکیان ساغ ببوایەتەوە . دەستەڕاست واقیعی و ڕیشـەی جیددیی لە وڵاتەکەدا هەبوو، ڕابەرێکی ئێجگار زۆر زیرەک و بە کاریزمای هـەبوو و، لە ژێر ئـاڵایدا یـەکگرتوو بوو . چەپ هیچ کام لەوانەی نـەبوو، دەستەڕاست بردییەوە و بـۆخـۆی یـەکـلا کردەوە، کـۆتایی بە خـەونی یـوتۆپیایی چـەپەکان هێنا و، کۆمەڵگەی

بۆ گەڕانەوەی پادشایی تەخت کرد، دوا ئەڵقەی زنجیرەی هەمان پادشایی پساوی کردە وەلیعەهد تاکو لە دوای خۆی بێتەوە سەر تەختی پادشایی " بوربۆن"ی لەدەستچوو . ئیتر فرانکۆ مرد و، وەلیعەهد بوو بە پادشا .

مێژوویەکی پچڕاو گرێدرایەوە، بەڵام لەو بەینەشدا هەم ماڵی پادشای ئیسپانی و هەم کۆمەڵگەی ئیسپانی دوای قوربانیی ئێجگار زۆر، بەشی ئەوەندە فێر ببوون کە بتوانن وێکڕا لاپەڕەیەکی نوێ بکەنەوە .

ئەوجا با لەدواییدا هێندێک قسە بەم کتێبەی خۆم بڵێم!

کاتێک سەیری ناوەرۆکی کتێبەکانیبەر هەمی پێش ئێستای خۆم و ئەوجا ناوی ئەو کتێبانەم دەکەم، پێموایە ناوەکان لە جێیخۆیاندان، خوێنەر ئەوەیان تێدا دەخوێنێتەوە کە لە ناوی کتێبەکانیاندا دەبینێت . بەڵام ئەم ناونانەی" کورتە مێژوویەکیئیسپانیا"ش لەم کتێبەم چەندە وا لە جێیخۆیدایە ؟ ئەوەندە لەمەیان دڵنیا نیم و، - بۆ دڵدانەوەی خۆم!- پێموایە هەرکەسێکی تریش بیەوێت ناوێک بۆ ناوەرۆکی ئەم کتێبە بدۆزێتەوە رەنگە لە من باشتری بۆ نەکرێت .

جارێ هەر ئیسپانیا خۆی یانی چی تاکو مێژوویەکی و ئەویش بە کورتی باس بکرێت ؟

سەردەمانێکی مێژوو، ئەمارەتانێکی جیاواز، بە رژێمی دەرەبەگی، لە سەر نیوە دورگەیەکی جوغرافیای ئەوروپا لە پەنا یەکتر ژیاون، هێندێک لەوانە لە چوارچێوەی " یەک نەتەوە"دا کۆبوونەتەوە و، هێندێک لەوانە بەزۆر کۆکراونەتەوە و، دوای رۆژگارێک ئیتر بوون بە بەشێک لە لەشی ئەو نەتەوەیە و، هێندێک نەبوون و، نەتەوەکەی کە گوایە ئەوان بەشێکی بن بە داگیرکەر هەست پێدەکەن و دەیانەوێت سەربەخۆ ببن . چەندە لەوانە دەبێت هێشتا بە ژیانی پێکەوە رابێن و یەکتر قەبووڵ بکەن و چەندە دەبێت سەربەخۆ ببن ؟ یا بە وشەی تر : چەندەیان لە حاڵەتی گونجانی ئەمارەتانێکی پێشووی هەمان نەتەوەدان و، چەندەیان هەوێنی داگیرکراوی پێکهێنانی نەتەوەی ترن ؟ باسک و کاتالۆنی و گالیثی و بالێنثی و - تا رادەیەک - ئاندەلوسیاش حەتمەن لە دۆخی ئۆتۆنۆمییەکانی تری ئەو دەوڵەتە پەنجا ستانەی کە بە حەڤدە ئۆتۆنۆم دابەش کراوە جیاوازن . ئەوەی ئێستا هەموویان کۆ دەکاتەوە ( وەک بە روونی لە دۆخی باسک و ریفراندۆمی کاتالۆنیادا دیتمان) زەبری هێزی چەکداری دەوڵەتە . بەڵام ئەم کتێبەی من - بەنموونە- بۆ باسی " ریشەی نەتەوایەتی" یا" کێشەی نەتەوەیی" یا "مانای دەوڵەتیئیسپانیا" یا" داهاتووی ئەو جۆرە دەوڵەتانەی وەکوئیسپانیا" نیە، تاکو بەهاسانی ئەو ناوەی پڕ بە پێستیخۆی لێبنێم . تەنانەت ناوی " زمانی ئیسپانی" یانی چی ؟ شتێک بەو ناوە لە دەستووری ئیسپانیادا نیە، لە رووی قانوونییەوە

وەکو ئەوەیە دەسـتووری عیراق بڵێت : زمانی عیراقی"! . دەستووری ئیسپانیا (ماددەی٣ ) دەڵێت " زمانی کاستییانۆ"( کاستیلیانی) زمانی رەسمیی ئیسپانیایە، ئەمە وەکو ئەوەیە دەستووری عیراق بڵێت :" زمانیعارەبی زمانی رەسمییعیراقە". ئێ کەواتە ئەم " زمانی ئیسپانی"یە چ قسەیەکە ؟ ئـەگـەر کاتالانی و باسـک و گالیئشی و ئـارانی( یا : ئۆکئیتانی) زمانی رەسـمیی ددان پێدانراو بن، ئەوانەش بەشێک بن لە دەوڵەتی ( لە روانگەی مەدریدەوە : نـەتـەوەی) ئیسپانی، ئیدی بۆچی هەر " کاسـتییانۆ" ئیسـپانی بێت ؟ مەگەر دەوڵـەتی ئیسـپانیا ئـەوانەی تر بە ئیسپانی دانانێت ؟ ئـەمـە وەکـو ئـەوەیە دەوڵـەتی عیراق هـەر تـەنیا بە زمانی عارەبی بڵێت زمانی عیـراقی و بیکاتە زمانی رەسمییعیراق، کوردی و تورکومانی و ئاسووری زمانیعیراقی نەبن بـەڵام کـورد و تورکومان و ئاسووری - بە بێ زمانەکانیان - عیراقی بن! چەندی بە چەندی ؟

ئەی کە ئەم کتێبە ئەو شتانە روون نەکاتەوە، کورتەی مێژووی چیە ؟

ئـەگەر خوێنەری ئـەم کتێبە، بۆ خوێندنەوەی مێژووی ئیسـپانیا، سەیری ئەنسیکلۆپێدییەکان و زۆر کتێبی تـر بکات و، خـولاسـەیەکی هـەموو خـوێندنەوەکەی بە کـەمتـر لە سـەد لاپـەڕە بـکات بـە کتێبێک، ئـەمـەی لێ دەردەچێت کە من کـردوومە . کەواتە زانـیاریی زۆری سـەدان لاپـەڕەم بۆ خوێنەر، بە خوێندنەوەی کەمتر لە سەد لاپەڕەی ئەم کتێبە ئامادەکردووە . ئەمە کارێکە هـەرچەندە نـاتەواو و رەنـگە بێباکانەش بێت، بـەڵام بێکەڵک نیە . من هەر کە دەستم دا نووسینی، سـەرەتا بیرم لای یـەک شـت بوو : مێژووی مسـوڵمانەکان لە ئیسپانیا، چۆن چوونە ئـەو وڵاتە و چۆن بە خـەباتی ٧٨١ سـاڵی خـەڵکی ئەوێ لەوێ دەرکـران، ئەوجا کە لەوە بوومەوە ویستم بەشی ئەوەندە باسـی هێڵە درشـتەکانی مێژووی ئەو وڵاتە تـەواو بکەم کە بۆ روونکردنەوەی مێژووی ئـەدەبیا-تیشـی ( لـە نـووسـینی تـردا ) کـەڵکی هـەبێت . ئـەوەی راسـتی بێت، من سـەرەتا بـەتـەما بـووم لێرەشدا وەکو کتێبەکەم لە بارەی " لاتین "، مێژوو و ئـەدەبیات و هـەمووی وێکرا بنووسم، بـەڵام دواتر بیرم گۆڕی و پێموابوو بەجیا بن باشترە . ئاگاداربوون لە هێڵە درشتەکانی مێژوویسیاسیی

دەوڵەت بۆ تێگەیشتنی مێژووی ئەدەبیاتی هەر زمانێکی ئەورووپایی( ڕەنگە غەیرە ئەورووپاییش) کارێکی زۆر پێویستە . ئێمە بۆ خوێندنی قۆناغەکانی مێژووی ئەدەبیاتی عارەب یا ئینگلیس - بە نموونە- دەبێت ئاگاداری هێڵە درشتەکانی مێژووی سیاسییان بین . ئاگاداربوون لە مێژووی ئەدەبیاتێک کە تازە ئیدی ناوی" ئەدەبیاتی ئیسپانی"ی وەخۆگرتووە، بۆخۆی کارێکە، هەرچەندە ئەم کتێبە ڕەنگە هێندێک لەوەش کە من دەیڵێم پتر بێت .

# Kurte Mejûyekî Îspanya

Nûsînî : Şêrko Hejar

2019